بسوی سوسیالیسم: بەلگەی (هەلومەرجی جیهانی و جێگاو شوێنی کۆمۆنیزم) بوحران و داکوژانی سوسیالیزمە بورژواییەکانی داوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە هەل و مەرجی داڕووخاوی ئەمانە و هێرشی بەرینی بورژوازی بۆ سەر سوسیالیزم دا ، وەک تەنیا جەرەیانێک لە کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە دەکات کە ئاسۆی پێشڕەوی و هەڵدانی لە پێشە . تا ئێستا چەند مانگ زیاتر لە پەسندکرانی ئەم بەلگەیە لە کۆنگرەی سێهەم دا ڕا نەبردووە . بەلام ڕووداوەکان زۆر خێرا ڕوویاندا : ڕووداوەکانی لەهستان( پۆلۆنیا ) ، داڕووخان لە یۆگوسلاڤیا، وەرسووڕان لە مەجەرستان( هەنگاریا ) ڕووداوە خێراکانی خودی شوورەوی و ئەم دوایی یانەش هەستانی جەماوەری و سەرکووتی خوێناوی لە چین . ئایا تۆ پێت وا بوو ئەم ڕەوتە ئاوا خێرا بچێتە پێش ؟ ئێستا قسەی (بوحرانی کۆمۆنیزم) لەگەڵ ئەو تەفسیرە بەردەوامانە کە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی بورژوازی ڕۆژئاوا لەم ڕووداوانەی دەکەن ، لە بیروڕای گشتی دا بووەتە عیبارەتێکی جێ کەوتوو. نەزەرت سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی یانە چیە ؟

مەنسووری حیکمەت: پێم وایە هەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابووردوو زۆر باشتر لە هەموو ئەو دەلیل و باسانەی کە ئێمە دەمانتوانی لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبدا بیانهێنینە گۆڕ درووستی لێکدانەوەکانی ئێمە لەو گوزارشەدا دەسەلمێنێ کە دامان بە کۆنگرە . تەنانەت لەم گوزارشەش دا ئێمە دەورەیەکی درێژ خایەنمان بۆ ئەم ئاڵ و گۆڕانە پێش بینی نەدەکرد. سەرەڕای ئەمەش ڕووداوەکانی ئەم ئاخرانە زۆر خێرا ڕوویان دا. بەبڕوای من ئاڵ و گۆڕەکانی ئەم دوایی یانەی چین ، گۆشە جیاوازەکانی ڕەوتێکی گشتی تێدا چوونی سوسیالیزمی بورژوایی نیشان دەدەن و نابێ ئەو جیاوازی یە ئەساسی یانەمان لە بەرچاونەبێ کە پێکەوە هەیانە . سۆسیالیزمی بورژوایی لە چین وەک ئوردوویەکی سوسیالیزمی بورژوایی و، وەک قوتبێک لە بزووتنەوەی بە نێو کۆمۆنیستی دا، زۆر پێش ئێستا بەرشکست و بێ ئیعتبار ببوو. مائویزم هە لە حەفتاکاندا شکستی بەسەر هات و لە مەیدانی سیاسی چووە دەر. زۆر لەوە پێش چین ی پاش ماو هەر چەشنە ئیددیعایەکی سوسیالیستی وەلا نابوو. ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین زیاتر نیشاندەری کێشمەکێشێکی ڕێکخستنی ماددی بینای سیاسی و ئیداریەکانی ئەم وولاتە یە لەگەڵ ئەو جیهەتگیریە بنەڕەتیانەی کە پێشتر لە چین دەستی پێ کردبوو و چ لە ناو خۆی وولات و چ لە ئاستی بین المللی دا کۆتایی بە عومر و ئیعتباری سوسیالیزمی بورژوایی لە چین هینابوو. بە مانایەک بویە ، ڕووداوەکانی ئەمڕۆی چین بە هەموو زەقی یەکانیەوە لە چاو ڕووداوەکانی جامیعەی شوورەوی و تەئسیرەکانیان لە ئاستی جیهانی دا گرنگیەکی زۆر کەمتریان هەیە . ئێمە لە شوورەوی لەگەڵ وەرسووڕانێکی تاریخ ساز بەرەو ڕووین کە بێجگە لە تەئسیرەکانی لە سەر پەیوەنە سیاسی و ئابووری یە بین المللی یەکان ، پەروەندەی ڕێڕەوی سەرەکی تا ئێستای سوسیالیزمی بورژوایی وەلادەنێ.ئاڵو گۆڕە سیاسی و فکریەکان لە شورەوی زۆر خێراترلە ئاڵ و گۆڕە ئابووریەکان ڕوویان داوە. بەلام ئەو ڕەوتە بێ گەڕانەوەیە کە دەستی پێ

کردووە لە یەکەم هەنگاودا کوللی مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتی بەر شکست کردووە و ، هەڵوەشانەوەی تەواوو کەماڵی بە نێو ئۆردووگای سۆسیالیستی و کۆتایی سۆسیالیزمی بورژوایی رووسی بە دواوەیە . هەڵبەت ئەمە بەلایەک نیە کە هەرداوێنی بە ئیسلاح ڕیوزیونیستەکانی گرتبێتەوە . وێڕای تێداچوونی ئەم جەرەیانە ، بە بڕوای من کوللی گەرایش و جەرەیانە شبە مارکسیستی و غەیرە کرێکاریەکانیش کە لە سەر ئەساسی ڕەخنەکانیان لەو ڕێڕەوە سەرەکیە پێک هاتبوون کۆتایی بە عومریان دێ.

بەلام ئایا ئەمە (بوحرانی کۆمۆنیزم) یان (کۆتایی پێ هاتنی کۆمۆنیزم)ە ڕاستەکەی ئەوەیە کە من ئەم دنیایە بە مەیدانی شەڕو کێشەی مەکتەبەکان نازانم . مێژووی واقیعی ، مێژووی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌و چینایەتی‌یەکانە . ئاشکرایە لەم ناوەدا (شتێک) شکستی بەسەر هاتووە و کۆتایی پێ هاتووە . ئەم ئاڵ و گۆڕانە نیشاندەری شکستی بزووتنەوەی بورژوایی سەرمایەداری دەوڵەتی یە . بورژوازی بەم بزووتنەوەیە دەڵێ کۆمۆنیستی و بە نێوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە میلیونها ئینسانی ناساندووە. لەباری مێژوویشەوە ئەم بزووتنەوەیە لە پاڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌یەوە هەڵیداوەو پاش تێپەڕکردنی چەند دەورەی دیاری کراو خۆی وەک ڕێڕەوی ڕەسمی کۆمۆنیزم جێ‌خستووە .بزووتنەوەی سوسیالیستی کریکاری ، یانی کۆمۆنیزمێک کە لە کۆمەلی ئێستادا ئالای خەباتی دژی سەرمایەداری کرێکارە ، لە پاڵ ئەم کۆمۆنیزمە ڕەسمی یەوە درێژەی بە ژیانی داوە و ئاشکرایە بە زاڵ بوونی ئەم جەرەیانە سەرمایەداری‌یە دەوڵەتی یە تووشی هەلس و کەوت و پاشەکشە بووە. ئەمە بزووتنەوەیەکی دیکەیە کە منیش ، هەروەک مانیفیستی کۆمۆنیست دەڵێ بە نێوی کۆمۆنیزمی کرێکاری باسی دەکەم شکستی سۆسیالیزمی بورژوازی‌یە لە ڕووسیە و بە ناچار داکوژانی هەر جۆرە سۆسیالیزمێکی غەیرە کرێکاری دیکە ، لە ناسیونال ڕیفۆرمیزمی چەپەوە تا پۆپۆلیزم و . . ، هات و هاواری دژی مارکسیستی بورژوازی توندو تیژتر کردۆتەوە و دیارە کۆمۆنیزمی کرێکاریش دەخاتە ژێر فشارێکی ئایدۆلۆجی زیاتر . بەلام بوحرانی سۆسیالیزمی بورژوازی نە زەمینەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری کزو لاواز دەکا و نە دەیخاتە بوحرانەوە . ڕێک بە پێچەوانە ، هەروەک لە گوزارشی کۆنگرەشدا نووسیومە و لە سیمیناری یەکەمی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا چەند مانگ پێشتر ڕۆشنم کردۆتەوە ، دەورێکی نوێی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاریمان لە پێشە. ئەمڕۆ ڕێڕەوی سەرەکی ئەوەی کە پێی دەگوترێ کۆمۆنیزمی کرێکاری ، خەریکە جارێکی تر دەگوێزرێتەوە نێو چینی کرێکار. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی ئەوا دیسان جێگاو شوێنی واقیعی خۆی لە نێو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە. هێزو قودرەتی ئەم بزووتنەوەیە یەکجار زۆرە. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بە خەیاڵ کۆتایی پێ هاتنی دەورەی مارکس و مارکسیزمیان ڕاگەیاندووە، من دەورەی داهاتوو بە دەورەی گەشەو هەڵدانی سەر لە نوێی مارکسیزم دەزانم، چوونکو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی یەک کە ئەم مارکسیزمە دەتوانێ ئالای بێ، بزووتنەوەی ئیعترازی دژی سەرمایەداری کرێکار ، تازە خەریکە پاش شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەیان ساڵ زاڵ بوونی جم و جۆڵی شبە مارکسیستی سەر ڕاست دەکاتەوە. بادوور نەچین ، بە بڕوای من دە ساڵی داهاتوو دەساڵی ئیعترازە

ڕادیکاڵەکانی کرێکاری لە مەرکەزە سەنعەتیەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواو دەساڵی سەرهەڵدانی نەسڵێکی نوێی حیزبە کۆمۆنیستیەکانە. حیزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکان. بە بڕوای من مارکسیزم وەک ڕەخنەیەکی قووڵ و زۆر گەورە لە کۆمەڵی سەرمایەداری و، وەک تیئوریەک ، خەوش هەڵناگرێ و بوحران بەردار نییە . هەر ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆش دروستی مارکسیزم دەسەلمێنێ . تیئۆری شۆڕشی کرێکاری تەنیا خودی بزووتنەوەی کرێکاری و پراتیکی کرێکاری دەتوانێ بی سەلمێنێ . هەڵدێرانی جەرەیانە غەیرە کرێکراریەکان کە بۆ گەیشتن بەناسیونالیزم، دیموکراسی ، ڕیفۆرم و سەنعەتی بوون خۆیان بە مارکسیزمەوە هەڵواسیبوو، هیچی تر جگە لەوەناسە لمێنێ.

ب.س: وا وێدەچێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وێڕای دنیای دەرەوەی خۆی ئاڵ و گۆڕێکی گرینگی بەسەردا دێ . پێم وایە نەک هەر ئەندامانی حیزب بەڵکوو تەنانەت هەر کەسێکیش کەلە دەرەوەڕا دەڕوانێتە حیزبی ئێمە و بە شوێن ئەدەبیاتی ئێمەوە بێ بە تەنانەت لە دەورەی پاش کۆنگرەی سێهەم دا ئاگاداری ناکۆکی و تەنانەت کێشمەکێشی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبێ. هەر ئەو گوزارشەی کە پێشکەشی کۆنگرەت کرد و قسەو باسێکی کە لە کۆنگرەدا لەسەرت کرد، ئەو نووسراوانەی کە سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزبی ئێمە لە کوردستان ، لە گۆڤاری (کۆمۆنیست)دا چاپ کراوە، باسی ئەندامەتی کرێکاری و شتی تر هەموویان نیشاندەری ئەم ناکۆکیانەن . ئەم مەوقیعییە تە چۆن دەبینی و باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تا چ ڕادەیەک لەم چوار چێوەیەدا هاتووە گۆڕ و چ گرنگیەکی هەیە ؟

م.ح: حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وەک هەموو حیزبێکی واقیعی دیکە جیناح و گەرایشی چەپ و ڕاست و مەرکەزی هەیە . کێشمەکێشی ئەم گەرایشانە بە شێوەی جوراو جۆر هەر لە سەرەتای پێک هاتنی حیزبەوە ووجوودی بووە.لە واقیعدا ئەم گەرایشانە حاسڵی فشار و مەیل و بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکانن و ڕاستەکەی نەبوونیان هۆی سەرسوڕیە . بەڵام لەچەند ساڵی ڕابووردوودا و بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابووردوودا بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان گەرایشەکانی ناوخۆی حیزب ، بە هەندێک دەلیلی سیاسی زۆر ڕۆشن زیادی کردووە . ئەم هەل و مەرجە نەک هەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا هەیە ، بەڵکوو لەو پەڕی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەمان واقعییەتە کۆمەڵایەتیو سیاسیانەیە کە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا باسم کرد . باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە وەزعیەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە . ئەم باسە بەیان و لێکدانەوەی بنەڕەتیترین مەسەلەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی ئێستایە . ئەم بزووتنەوەیە بەهەر حاڵ لە پێش هەموو کۆمۆنیستێک دانراوە و دەبێ بە جۆرێک وەڵامی بدرێتەوە. بەڵام لە هەمان حاڵ دا کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕوانگەو باسێکە کە لەلایەن گەرایشی چەپی نیو حیزبەوە هینراوەتە گۆڕ. ڕەخنەیگریەکە لەو مەوقعییەتەی کە ئەم گەرایشانە بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانی دادەسەپێنین. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ( چ کردن ) و

**پلاتفورمێکی سیاسیو عەمەلی تایبەت دەنێتە بەرانبەر حیزب کە لەگەڵ لێکدانەوەی گەرایشەکانی تر لەسەر مەسەلەکان و ئاسۆی حیزب جیاوازە.**

**لە لایەکی ترەوە جێگاو شوێنی گەرایشەکانی دیکەش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردوودا هێندێک ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە. هەر ئەم ڕەوتە جیهانییە کە سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری لە ئاستی جیهانی دا گەیاندۆتە بن بەست، لە نیو حیزبیشدا گەرایشە سۆسیالیستی یە غەیرە کرێکاری یەکان تووشی یێ ئاسۆیی دەکا. کە وابێ ئێمە شاهیدی ڕەوتێکی بەرەو پاش گەڕانەوە لە ناو حیزبدا بووین. چەپ و ڕاست و مەرکەز ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە بە ئاسۆی جیاوازەوە لە گەڵ یەک لە کێشە دان.**

**ئەگەر بمەوێ مەوقعییەتی ئەمڕۆتان بۆ باس بکەم و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی بەرەو پاش گەڕانەوەی گەرایشە جۆراو جۆرەکانی نیو حیزب ڕۆشن بکەمەوە دەبێ بە گشتی سەبارەت بە حیزب و ئەو جێگا و شوێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بدوێم کە حیزب تێیدایە. وەزعییەتی ئێستا حاسڵی ڕەوتێکی تەکامولییە کە دەبێ ئەو هەل و مەرج و هۆیانەی دەخالەتیان تێیدایە. وەزعیەتی ئێستا حاسڵی ڕەوتێکی تەکامولییە کە دەبێ ئەو هەل و مەرج و هۆیانەی دەخاڵەتیان تێیدایە بناسرێ.**

**ب.س: بەشێکی گرینگی ئەم ووتو وێژە سەبارەت بە حیزب و ئاڵ و گۆڕەکانی داهاتووی دەبێ. بەلام پێم باشە کاتێک بچینە سەر ئەم باسە کە لە پێشدا زیاترمان لەسەر خودی کۆمۆنیزمی کرێکاری قسە کردبێ. مەبەستی من ئەوە نیە کە لێرەدا بچینە سەر ئەو ناوەڕۆکانەی کە پێشتر بە شێوەی ئیسباتی ڕۆشن کراونەوە. عیبارەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە نیو ئێمەدا مەعنای جۆراو جۆری لی وەرگیراوە. لە ڕاستیدا خودی تۆش ئەم عیبارەتەت بە مانای جۆراوجۆر بەکار هێناوە: وەک ڕوانگە و بۆ چوون و تەنانەت مەکتەب، وەک بزووتنەوەی ماددی کۆمەڵایەتی، وەک گەرایشێکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکی حیزبی و شتی لەم چەشنە. پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمانە کامیان دەقیقتر و لە باسەکەی تۆدا ئەساسی ترن؟**

**م.ح: وەلامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە. من (کۆمۆنیزمی کرێکاری) بە جێگای ووشەی (کۆمۆنیزم)بەکار دەهێنم. چوونکە ئێستا ئیتر ووشەی کۆمۆنیزم ئەو خەسڵەتە چینایەتییە تایبەتە ناگەیەنێ کە لە کاتی بڵاو بوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٨٤٨ دا بووی. ئەو کات مانای ووشەی کۆمۆنیزم لە گەڵ سۆسیالیزمی کرێکاری یەک بوو. ئەنگڵس ئەو کات هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئالایەک کە بە مانیفێست بەرزیان کردەوە ڕێک هەر ئاوا باس دەکا. مارکس و ئەنگڵس بۆ نیشاندانی دووری و جیاوازییان لەگەڵ کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری زەمانی خۆیان ئێوێکیان هەڵبژارد کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لە سەر خۆی دانابوو. هەر ووشەیەکی مانیفێستی کۆمۆنیست سەبارەت بەوەیە کە ئەمە بەیانییەی سۆسیالیزمی کرێکاری یە و ئەم جەرەیانە تایبەتە چینایەتییە سەبارەت بە دنیا و کۆمەڵی مەوجوود و سۆسیالیزمە مەوجوودەکان دەڵێ چی. ئەگەر**

ئەمڕۆ مارکس و ئەنگڵس زیندوو ببانەوە و دیبایان کە چۆن نێوی کۆمۆنیزم لە لایەن جەرەیانە ئیعترازیە شبە سوسیالیستیەکای چینەکانی ترەوە بەدەستەوە گیراوە ، بیگومان فکریکیان بە حاڵی نیوی مانیفیستی کۆمۆنیست و بە گشتی ووشەی کۆمۆنیزم دەکردەوە. ڕەنگە وەک من سفەتی (کرێکاری) یان لی زیاد کردبا تا بەتەواوی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەی کە ئەم کتێبە بەیانییەکەی بوو بگەیەنێ. بەم ڕوونکردنەوەیە وەلامی من بە ئەسلی پرسیارەکەت ڕۆشنە . هەر وەک چۆن کۆمۆنیزم لە زەرفیەتی جۆراو جۆردا مانا دەبەخشێ، ڕوانگەیەک ، مەکتەبێک و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و جەرەیانێکی حیزبی و شتی لەم چەشنە ، کۆمۆنیزمی کرێکاریش کە نێوی پڕاو پڕی هەر ئەم مانایانە بە خۆ دەگرێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەموو ئەمانەدا فەرقی لەگەڵ ئەو شتە هەیە کە دنیا لە پەنجا ساڵی ڕابووردوودا نێوی کۆمۆنیزمی لی ناوە. مەکتەبێکی ترە، بزووتنەوەیەکی ترە، جۆرێکی تر لە ئەحزابی پێویستە ، مێژوویەکی جیاوازی بووە ، ئەسووڵ و پرەنسیپێکی دیکەی هەیە و خەباتی لە پێناو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، خەباتێکە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازیانە و بۆ سەر و سامان پێدانی ئەم بزووتنەوە کۆمەلایەتیە جیاوازە.

ب.س: ئایا بەم جۆرە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان باسی کۆنتری (گەڕانەوە سەر مارکسیزمی ڕەسەن) نیە ؟

م.ح: نە خێر. کۆمۆنیزمی کرێکاری بێگومان لە باری فکری و تیئوریکی یەوە هیچ شتێک جگە لە مارکسیزم ، بەو جۆرەی کە لە کلاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیری، نیە. بەلام گەلالە کردنی ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە ، یانی (گەڕانەوە سەر مارکسیزمی ڕەسەن) لە ڕوانگەی باسەکەی ئێمەوە نە دروستە و نە هەرگیز دەتوانێ ئەو گیرو گرفتە فکری و عەمەلیانە بەیان بکا کە لە ژێر ناوی گشتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دا باسی دەکەین . بە چەند دەلیل : یەکەم ،(گەڕانەوە سەر مارکسیزم) خۆی لە خۆیدا جۆرێک هەڵوێستی فکری و تیئوریک دەخاتەوە بیر. هەموو بزووتنەوەی بە ناو (دژی ڕڤیژنیستی) لە دەورە جۆراو جۆرەکاندا و لە لقە جۆراو جۆرەکانیدا ئیددیعایەکی جگە لەوە نەبوو. کۆمۆنیزمی کرێکاری مۆدیلێکی تری جەرەیاناتی دژی ڕڤیژنیستی نییە . پێشووتر کە لێکدانەوەیەکی ئەساسەن عەقیدەتیی و فکری ئاوامان لە سیمای خۆمان و کاری خۆمان هەبوو ناوی جەرەیانی خۆمان نابوو (مارکسیزمی شۆڕشگێڕ) کە ڕێک هەر ئەم خەسڵەتە وەفاداری و ڕادیکالی ئەرسەدۆکسەی دەخستەوە بیر. کۆمۆنیزمی کرێکاری نیشاندەری تعلقێکی کۆمەلایەتی و بە پێی ئەوەش بزووتنەوەیەکی فکریە . کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێ بزووتنەوەی سۆسیالیستی هە ئێستا مەوجوودی چینێکی تایبەت ڕێک بخا، چینی کرێکار . مارکسیزمیش ڕێک وەک ئالای ئەم سوننەتە چینایەتیە بۆ ئێمە گرینگە . دووهەم، کەسێک دەتوانێ هەلگەڕێتەوە سە شتێک کە لە پێشدا لیی ترازابێ و لیی دوور کەوتبێتەوە . ڕاستیش ئەوەیە جەرەیانێک کە خۆی وا هەلسەنگاندبێ کە لە نێو مێژووی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری و بە ناچار غەیرە مارکسیستی ئێستا دایە بۆ جیابوونەوە لەم سوننەتە دەبێ (بگەڕێتەوە )سەر مارکسیزم. دەبێ لە باری فکری یان لە باری کۆمەلایەتیەوە بگەڕێتەوە

سەرهەڵوێست و جێگا و شوێنێکی تر. بەڵام ، باسی ئێمە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەک و جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی غەیرە کرێکاری تا ئێستایە. لە سەر جێی خۆیەتی. تیۆری مارکسیزم لە سەراتەوە لە نێو ئەم سۆسیالیزمە کرێکارییەوە سەری هەڵداو لە هەمان حاڵدا لە دەورەیەکدا حیزبە کۆمۆنیستەکان قسەکەرو ئۆتۆریتەی مارکسیزمی سەردەمی خۆیان بوون. پاش ئاڵ و گۆڕەکانی ئەنتەرناسیونالی دووەم ، پاش زاڵ بوونی ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزم لە ڕووسیەی ئاخری بیستەکاندا ، پاش پەرەسەندنی ناسیونالیزمی چەپ لە وولاتانی ژێر دەستەو بە تایبەت پاش شۆرشی چین ، پاش سەرهەڵدانی (مارکسیزمی ڕۆژئاوا) و دواییش چەپی نوێ ، هەنگاو بە هەنگاو بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی مارکسیزم گۆڕاو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە غەیرە کرێکارییەکان لە شکڵ و شێوەی جۆراو جۆردا بوونە تەفسیر کەرەوەی مارکسیزم. گۆڕینی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی تیۆریەکانی مارکس بە بێ دەست تێوەردانی ناوەڕۆکەکەی ، ناوەڕۆکی کرێکاری و شۆڕشگێڕانەو ڕۆشنی ، نەدەکرا. بۆ جەرەیانێک کە لە جەرگەی ئەم سوننەتانەوە هەستاوە هەر جۆرە سەرنجدانێکی ناوەڕۆکی واقعی و چینایەتی مارکسیزم بە گەڕانەوە دەژمێردرێ. بە ووتەیەکی تر بە بڕوای من مەسەلەکە لە سەر ڕۆشنگەری فکری نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە باری فکرییەوە یانی مارکسیزم و لە باری کۆمەڵایەتییەوە یەعنی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری کرێکار. ئەم بزووتنەوە عەینییەو ئەم تیۆریەش هەیە. ئەگەر لە ناو دڵی ئەم بزووتنەوەیە دا بیین و لە وێوە قسە بکەین ئەو جار مەسەلە لە سەر ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەو نازر کردنی تەواوو کەماڵی ئەم تیۆریەیە . سێهەم ، فۆڕمۆڵی (گەڕانەوە سەر مارکسیزم) ناوەڕۆکی ئەسڵی باسەکانی ئەمڕۆمان دەردەهاوێژێ و وەلای دەنێ. ئێمە لە دنیایەکی جیاوازو لە دەورانێکی جیاوازدا مارکسیستین. خودی مارکسیش ئەمڕۆ دەبوا بە هەمان شێوەو بە هەمان بەرژەوەندی چینایەتیەوە سەبارەت بەم دنیایەو ئەم وەزعیەتەوە قسەی کردبا . گەڕانەوە سەر مارکسیزم مانای دووپات کردنەوەی حوکمەکان و فۆرمۆڵ بەندیە بنەڕەتیەکانی مارکسیزمە. بۆ بزووتنەوەی ئێمە ، بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هیچ کات لەم حوکم و لێکدانەوە بنەڕەتیانە لای نەداوە ،مەسەلەی حەتاتی تر بەکارهێنانی مارکسیزمە وەک ڕەخنەیەک لە دنیای ئەمڕۆو لە هێزە چینایەتی و سیاسییە مەوجوودەکانە ئەم دنیایەدا .

بەکورتی فۆرمۆڵی گەڕانەوە سەرمارکسیزمی واقعی و بە هیچ جۆر چوار چێوەی ڕەخنەو باسی ئەمڕۆی ئێمە بەیان ناکات . ئەگەر بناغەو سیمای کۆمەڵایەتی بزووتنەوە بە دەست لێنەدراوو سابت فەرز کەین ، ئەوجار بێ گومان دەکرا قسەی ڕڤیژنیزم و خەباتی دژی ڕڤیژنیستی وەک مەقولاتێک کە پەیوەندیان بەم بزووتنەوە چینایەتیەوە هەیە بکەین ، بەڵام کاتێک ئەم بزووتنەوەیە بەگشتی ، یان بەهەرحاڵ ئۆردووگا جیهانیەکانی، ئیتر لەسەر ئەساسی بزووتنەوە چینایەتییە غەیرە کرێکارییەکان دانراوە، مەسەلەکە لە ئاستی فکریدا، یانی گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئەو تیۆری و خەبات لە دژی ئەم یان ئەو دەست تێوەردانانە ، نامێنێتەوە. کوللی بینای کۆمۆنیزمی مەوجوود، وە بە پێی ئەوە فکرەکەشی دەبێ بدرێتە بەر ڕەخنە. ئەم ڕەخنەیە دەبێ بە پێی هەڵوێستی

بزووتنەوەیەکی جیاواز بگیرێت ، کۆمۆنیزمی مارکس ، کۆمۆنیزمی کرێکار ، پێش ئەوەی بیرو ڕای سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری سەردەمی خۆی بداتە بەر ڕەخنەو بانگەوازێک بێت بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ، جێگاو شوێنی کۆمەڵایەتی ئەوانی وەک بزووتنەوەی غەیرە کرێکاری ڕوونکردەوە، وە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو ئیعتیرازی سۆسیالیستی کرێکاری لە بەرامبەریاندا دانا. مارکس لەنێو دڵی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیەکی جیاوازەوە سۆسیالیزمی سەردەمی خۆی نەفی کردەوەو دایە بەر ڕەخنە . ئەمە کارێکە کە ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ بە هێنانە گۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بی کەین.

ب.س: تەوزیحێکی زیاتر لەسەر ئەم خاڵەی ئاخر بدە.دەڵێ ی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناکۆکی و جیاوازیەکی چینایەتی لە گەڵ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود هەیەو ناکۆکی فکری بە پێی ئەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە دیتە گۆڕ . دەمەوێ هۆی ئەم تەئکیدەو جێگاو شوێنی لە باسەکانتدا زیاتر شی بکەیەوە.

م،ح: کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشتر جارێک خۆی لە جیاوازی لە گەڵ سۆسیالیزمەکانی تردا تەوزیح داوەو باسی کردووە. مانیفێستی کۆمۆنیست لە ئەساسدا بەیانییەیەک بۆ ئەم کارە بوو. شێوەی مارکس لە مانیفێست دا جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە گەرایشەکانی ترە نەک جیاکردنەوەی مەکتەبییەکەی . مارکس لەوێدا ، دوای ئەوەی کۆمۆنیزم وەک حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی کرێکاری و وەڵامدانەیەکی چینایەتی تایبەت بە کۆمەڵی سەرمایەداری ڕوون دەکاتەوە ، جیاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ سۆسیالیزمی چینەکانی دیکە، سۆسیالیزمی فیۆداڵی ، بورژوایی و وردە بورژوایی ، دەبژێرێ ، مانیفێست ئەم جەرەیانە نەک وەک مەکتەب ، بەڵکوو وەک بزووتنەوەی چینایەتی دیاری کراوە، وەک حاسڵی هەل و مەرجی دیاری کراو و هەڵقوڵاو لە بەرژەوەندە دیاری کراوەکان باس دەکات و سنووری کۆمۆنیزمی کرێکارییان لەگەڵ جیادەکاتەوە. بە ووتەیەکی تر مارکس لە بەرانبەرکێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا و تەنیا لەسەر ئەم ئەساسە باسی بەرانبەرکێی بیروباوەڕ دەکا. بەلای مارکسەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی هەر ئێستا مەوجوودو عەینی کۆمەڵایەتی بوو کە پێش فکرەکان تێکۆشانی خۆی هەبوو و تەنانەت هەر ئەو کات ڕابەرانی فکری و فۆرمۆڵبەندیە تیۆریەکانیشی لە دەروونیەوە ڕەخساندبوو. مارکسیزم سەرو سامان پێدانی ئەم بزووتنەوەیە ، چەکدار کردنی ئەم بزووتنەوەیەی بە ئاسۆ و ئامانجی ڕۆشن و بە ڕەخنەیەکی قووڵ و پتەو لە کۆمەڵی مەوجوود کرد بە هەدەفی خۆی. زۆر خێرا مارکسیزم بوو بە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری .

ئێمەش ئەمڕۆ هەر بەم شێوەی مانیفێست چاو لە دنیا دەکەین . بۆ ئێمەش کۆمۆنیزمی کرێکاری پێش هەموو شتێک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و عەینییە . تەنیا لەسەر ئەم ئەساسە دەچینە ناو باس و فکرو سیاسەتێک کە دەڕوانێتە سەر ئەم بزووتنەوەیەو جیاوازیەکانی لەگەڵ گەرایشە سۆشیالیستیەکانی تری ناو کۆمەڵی ئەم سەردەمە . ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی ڕوانگەو بۆچوونی هەموو گەرایشەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لەسەر ئەم مەسەلەیە . یەکێک لە نموونەکانی جیایی ئەم

کۆمۆمیزمە لە چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر ئەم حاشا کردنەیە لە عەینیەتی کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری . بەلای ئەوانەوە سۆشیالیزمی کرێکاری بەشێکە لە ئایدیۆلۆژی سۆشیالیستی دەبێتەوە . مەکتەبی سۆشیالیستی خولقێنەری ئیعترازی سۆشیالیستی چینی کرێکارە .ئەوانە مارکسیزم ، جا بە هەر چۆنێک تێی بگەن ، بەسەر چاوەی سۆشیالیزمی کرێکاری دەزانن . پەیوەندی بزووتنەوەو فکر ، کۆمەڵ و فکر ، بە تەواوی بەلای ئەوانەوە سەرەوو بن بۆتەوە . ئەگەر ئەم مارکسیزمە بە دەست تێ براوو گۆڕاو بزانن ، ئەو جار ناچار دەبن حاشا لە عەینییەتی ئیعترازی سۆشیالیستی کرێکاری بکەن.

ئێمە بزووتنەوەی کۆمەلایەتیو ئیعترازی کرێکاری لە دژی کۆمەڵی مەوجوود دەکەینە ژێر بینا. ئەگەر ئەمرۆ ئەو مارکسیزم و ئەو کۆمۆنیزمە حیزبییە کە هیدایەت و سەرو سامان پێدانی ئیعترازی سۆشیالیستی کرێکاری بە هەدەفی خۆی دانابوو ئیتر پاشە کشەی پێکراوەو کۆمۆنیزمی مەوجوود وەدوای مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی دیکە کەوتووە ، ئەمە تەنیا بە مانای کزبوون و سەر لیَ شێواوی و بێ بەرابەر مانەوەی ئەم بزووتنەوە کۆمەلایەتییە نەک نابوود کردنی .ئەگەر ئەمرۆ مارکسیش زیندوو بباوە و ڕوانیبایە کۆمەڵ و ئیعترازی کرێکارانی دیبا، دیسانیش دەستی دەدایە نووسینی مانیفێستێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئالای ئیعترازی سۆشیالیستی کرێکار بەرز بکاتەوە و ، بەرانبەر بە کوللی سۆسیالیزمی چینەکانی تر، کە بەداخەوە نێوی کۆمۆنیست یشیان لە سەر خۆیان داناوە ، ئاسۆ و ڕەخنە بەم بزووتنەوەیە دەبەخشێ. ئێمە ئەمرۆ مارکس مان نیە ، بەلام بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و چینایەتی خۆمان هەیە ، باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئێمە یانی بەرز کردنەوەی ئالای ئەم بزووتنەوەیە و ئیعترازە کۆمەلایەتی یە جیاوازە، نەک داهێنانی گەرایشێکی تر لە چوار چێوەی سوننەتی کۆمۆنیزمی مەوجوود دا. وەلامی ئێمە بەم کۆمۆنیزمە وەلامێکی کۆمەلایەتییە، ڕەخنەی ئێمە عەمەلی و کۆمەلایەتییە ، بابەتی کاری ئێمە جیاوازە. وەلامی ئێمە هەمان وەلامە کە بە گشتی دەیدەینەوە بە بورژوازی: پێک هێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمۆنیستیی کرێکاری.

ب.س: بە تەواوی لەو گرینگییە دەگەم کە دای دەنێیت بۆ جیاکردنەوەی کۆمۆنۆنیزمی کرێکاری و لە پێشتر بوونی تەحلیلەکەی لە هەر جۆرە سنوور کێشانێکی عەقیدەیی و سیاسی . بەلام لە هەر حاڵدا لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دێتە گۆڕ . یەکەمیان ئەوەیە کە بەم جۆرە تیئۆری و ، سنوور دانانی تیئۆریک لەگەڵ لقەکانی دیکە کە ئیددعای کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان هەیە ، لەم ڕوانگەیەدا چ جێگاو شوێنێکی دەبێو دووهەم: ئەو بابەتانەن کە بڕوای تۆ کێشەیەکی نەزەری ئاوایان دەبێت لە دەوری هەڵخڕێ. لە بابەت پرسیاری یەکەمەوە، یانی مەسەلەی جیاو شوێنی تیئۆری و کێشەی تیئۆریک ، دەمەوێ سەرنجت ڕاکێشمە سەر ئەوەی کە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەرانبەر بە یەک دانانی تیئۆری و بزووتنەوە شێوەیەکی کۆن و لە مێژینەیە . پێت وا نیە بگووترێ باسەکەی تۆش خەریکە

**هه ر به م چوار چێوه فکریه له مێژینه ی چه په وه ته ئکید له سه ر تیئۆری هه ڵده گرێ و دایده نێته سه ر بزووتنه وه ؟**

**م.ح: ڕه نگه زۆر شت به باسه کانی من بلێن و له وانه (وه پێش خستنی بزووتنه وه ) ، یان (ئیکۆنۆمیزم) یان، موقه دده س کردنه وه ی (خۆڕسک) به رانبه ر به ووشیاری و شتی تر. به بڕوای من ئه م خه سڵه ت نوێنی یانه له باسه کانی ئێمه به ر له وه ی شتێک سه باره ت به ناوه ڕۆکی بیرو بۆچوونه کانی ئێمه و که م و کووڕیه کانی بلێ، فکر کردنه وه ی قالبی ڕه خنه گره ئیحتیمالیه که مان نیشان ده دات. باسه که به هیچ جۆر له سه ر (تیئۆری و بزووتنه وه )نیه . پرسیاری سه ره کی ئه وه یه (کام بزووتنه وه ) سه روو بنی قسه ی ئێمه له سه ر ئه وه یه که لقه جۆراو جۆره کانی سۆسیالیزمی تا ئێستا جیا له و داس و چه کوشه ی که له سه ر ئالاکه یان بووه و ناوی مارکس و لینین که ویردی زمانیان بووه . زۆربه نان بزووتنه وه ی کۆمه لایه تی چینه نارازیه کانی دیکه بۆ ئیسلاحات و ئاڵ و گۆڕی غه یره سۆسیالیستی بوون. ئه وه ی که له ناو ئه م بزووتنه وانه دا تیئۆری و کرده وه ی سیاسی حیزبه کان چ په یوه ندیه کیان پێکه وه بووه. کامیان که وتوه ته به ر تیشکی ئه وی تریان و شتی له م چه شنه ده کرێ له ناو خودی ئه م سوننه تانه دا جێی قسه و باس بێ. قسه ی ئێمه له سه ر ئه وه یه که هی بزووتنه یه کی کۆمه لایه تی ترین که هه م به تیئۆری جیاوازی خۆیه وه و هه م به کرده وه ی خۆیه وه، له پاڵ ئه م سۆسیالیزمه غه یره کرێکاریه وه هه بووه و هه یه ، جا به هه ڵکه وت له م بزووتنه وه یه دا که ئێمه قسه ی لی ده که ین ، یانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، ناکرێ تیئۆری و بزووتنه وه به دوو به شی جیاوازی که هه رکامیان له سه ر پێی خۆی ڕاوه ستابن دابه ش بکه ی. باسی ڕه پێش بزووتنه وه خستنی تیئۆری یان ڕه پێش تیئۆری خستنی بزووتنه وه مانای نابێ . ئه مانه ئاستی جۆراو جۆری خۆنواندنی بزووتنه وه یه کی کۆمه لایه تی واحیدن. به بڕوای من هه رکه س مانیفێستی کۆمۆنیست به ووردی بخوێنێته وه تێده گا که ئه مه به یانییه ی بزووتنه وه یه کی ئیعترازی کرێکاریه و نه ک گه لاڵه ی سه ر باسه کانی کۆمه ڵ ناسیه کی عیلمی ، که هه ر که س بتوانێ جیا له و بزووتنه وه ئیعترازیه چینایه تی یه به ده رس بیلێته وه یان ده ست بداته ده قیق تر کردنه وه ی و بیکاته ڕشته یه کی ده رخود.**

**به بڕوای من ئه و چاره نووسه ی که مارکسیزم له باری تیئۆریکه وه و وه ده ستی هێناوه ئه و پرۆبلماتیکه تیئۆریکانه ی که له نێو خۆی سوننه تی مارکسیستی تا ئێستادا هاتوونه ته گۆڕو بوونه ته مه بنای سنوور دانانی خه ته کان و گه رایشه کان و قوتبه جۆراو جۆره کانی نێو بزووتنه وه یه ک که وه ک بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی نێوی لێبراوه ، جیاواز له چاره نووسی کۆمه لایه تی مارکسیزم و ده کارهێنانی چینایه تیه ک که ئه م تیئۆریه وه ده ستی هێناوه ده رک ناکرێت . هه ر چوون ڕوانگه یه کی فه لسه فی و سیاسی ، مه کته بێکی فکری، جیا له پایه ماددیه کۆمه لایه تیه کانی و پێویستیه مێژووییه _چینایه تیه کانی هه ڵناسه نگێنرێت ، ئه م مه سه لانه ش که له نێو خۆی ئه م مه کته به دا به ره و پێش ده برێو کێشه ی له سه ر ده کرێت به بێ هه ڵگه ڕاندنه وه یان بۆ لای ئه م به رژه وه ندیه کۆمه لایه تیانه ی که له پشتیانه وه خه وتووه ده رک ناکرێت . مارکسیزم وه ک**

تیئۆریەک و مەکتەبێک ، پتەویەکی دەروونی هەیە ، شێوەو میسۆدێکی هەیەو بە نەتیجەگیری ئاشکراو دیاری کراو سەبارەت بە کۆمەڵ ، سیاسەت ، و کردەوەی خەباتکارانە دەگا . مارکسیزم وەک تیئۆری بە ئیعتیباری خۆی دەکری ٘بخوێندرێتەوەو دەرک بکرێت .کێشەو سنوور دانانی مەکتەبی کاتێک پەرە دەگریّو مەسەلەی تەفسیری جۆراو جۆرو جارو بار دژ بەیەک لەم تیئۆریە کاتێک دێتە گۆڕ کە مەسەلەی دەکار هێنانی ئەم تیئۆریە لە جیهانی واقیعیدا دێتە گۆڕو مەیل و بۆچوون و گەرایشە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان بۆ وەڵام دانەوەی گیرو گرفتە تایبەتیەکانیان دەست بۆ لای ئەم تیئۆریە ڕادەکێشن . بۆ وێنە تیئۆری مارکس نەزەرێکی دیاری کراو سەبارەت بە شۆڕشی کۆمۆنیستی ، هەل و مەرجی وەدیهاتنیو ئەرکەکانی بەدەستەوە داوە ، بەڵام پرۆبلماتیکی سۆسیالیزم لە وولاتێک دا لە جەرگەی کێشمەکێشێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نێوان گەرایشە زیندووەکانی شۆڕشی ڕووسیەدا لەسەر پەرە پێدانی ئابووری ڕووسیە پێک دێت .مارکس لە کتێبی سەرمایەدا بەشێوەیەکی دیاری کراو پەیوەندی نێوان قیمەت و ئەرزش لە کۆمەڵی سەرمایەداری دا باس دەکات ، بەڵام موشکیلی (تەبدیا کردنی ئەرزش بە قیمەتەکانی تەولید) تەنیا لە جەرگەی هەل و مەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاری کراوداو لەلایەن جەرەیاناتێکی دیاری کراوەوە دەکرێتە پرۆبلماتیکی تیئۆریک . تێزی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ژێر بیناو ڕوو بیناو چلۆنایەتی تەئسیر دانانیان لەسەر یەکتر ، سۆسیالیزم و بازاڕو شتی تری دیکەش کە هەر کامیان سەرچاوەی کێشەی زۆر گرینگ و درێژ خایەنی نێو سوننەتی بەناو مارکسیستی بوون بەبێ دەرک کردنی بەرژەوەندە کۆمەڵایەتیەکانی پشت سەریان و بەبێ تێگەیشتن لەو مەسەلەیە کە ئەم کێشە و پرۆبلماتیکە قالبی کام کێشمەکێشی عەینی کۆمەڵایەتیە ، ناکرێ قسەی لەسەر بکرێ.

بەکورتی قسەی ئەوەیە کە ئەم کێشەو گیروگرفت و گریّو گۆڵە نەزەریانە ، هەر لە خۆوەو بێ ئەوەی شتێک ڕوی دابێ ، لە چوونە ناو بەحری تیئۆریەکانی مارکس و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی زانایانەو دۆزینەوەی (ناڕۆشنیەکان ) یان وەک مەکتەبێک هەڵناقوڵێت ، بەڵک و حاسڵی شێوە دەکارهێنانێکی تایبەتی مارکسیزمە کە جەرەیانە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان هەوڵیان بۆ داوە . ڕەنگە ئەم کێشمە کێشانە بەڕاستیش سەرنجی ئێمەیان بۆ لای هەندێک ناڕۆشنی خودی تیئۆریەکەش ڕاکێشابێت . من خۆم بڕوایەکم بەمە نیە ، بەڵام تەنانەت لە حاڵەتێکی واشدا مەسەلەی سەرەکی تەئسیر بەرداریوونی تیئۆریەکە نیە ، بەڵکو بوونی تەفسیرکەرەوەی جۆراو جۆرو بوونی ئەو بەرژەوەندە گرنگە کۆمەڵایەتیانەیە کە ئەم تەفسیرە جۆراو جۆرانەیان لە مارکسیزم بۆ دەکرێت .

بە بڕوای من هەموو ئەو بەڵایەی کە بە سەر تیئۆریەکانی مارکس هاتووە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان هەوڵیان داوە بیکەنە وەسیلەی بەرەو پێش بردنی شتی وا کە لەگەڵ خودی ئەم تیئۆریە یەک ناگرێتەوە . مارکسیزم تیئۆری ئابووری لێکدانەوە و حیساب کردنی ئەرزشەکان و قیمەتەکان و گەیشتن بە موعادلاتی ڕیازی بۆ پێک هێنانی هاوسەنگی لە نێو بەشە جۆراو جۆرە بەرهەم هێنەرەکاندا نیە . ئەگەر کەسێک بیەوێ بۆ ئەم کارە کەڵکی لیّ ٘وەرگرێ ، دیارە دەبێ دەستی تێبەرێ، و دیارە بەبێ ڕەخنە گرتن لە تیئۆری

ئه رزشی مارکس ، یان ته بدیل کردنی مارکس به ریکاردو ئه م کاره سه ر ناگرێ. ڕاسته که ی به بڕوای من ڕیشه ی زوربه ی هه ره زۆری ئه م پرۆبلماتیکه نه زه ری یانه ی سوننه تی مارکسیستی‌ی تا ئێستا له کێشمه کێشی ئه و جه ره یانانه دایه که ناوه رۆکی ئه سڵی ئه م تیئۆری‌یه ، یانی ڕه خنه گری له سه رمایه داری و پێویستی شۆڕشی کرێکاری‌یان وه لا ناوه و هه وڵیان داوه له م تیئۆریه کۆمه ڵ ناسی‌یه کی عیلمی ،یان عیلمی ئابووری‌یه کی جێگر بۆ جێنانی چه پی‌بورژوازی ساز بکه ن، یان بڕو بیانووی تیئۆریک بۆ باس کردنی زه مینیترین به رژه وه نده غه یره کرێکاری‌یه کان ، ناسیونالیزمی ڕووسی و چینی و ناکۆکی فیرقه یی و شتی تر ساز بکه ن.

هه ر بۆیه کاتێک سه باره ت به شێوه ی به رخورد کردن به تیئۆری لێم ده پرسی، پێویسته سنووری خۆم له گه ڵ ئه م ده کار هێنانه سکولاستیکه یان ئۆپۆرتۆنیستی‌یه ی مارکسیزم به ڕۆشنی دانابێ. تیئۆری و خه باتی تیئۆریک جێگاو شوێنێکی زۆر گرنگ و چاره نووس سازی بۆ سۆسیالیزمی کرێکاری هه یه . به لام بۆ مارکسیزم ئامراز و وه سیله ی ڕه خنه گری‌یه . ئامرازی ناسینی قوڵترین ڕیشه کانی به لایه که که به شه ر به گشتی و کرێکار به تایبه ت له م کۆمه ڵگایه دا ته جره به ی ده کا. ئامرازی وه ده ست هێنانی خۆ ووشیاری‌یه کی قووڵی کۆمه لایه تی و مێژوویی‌یه بۆ کرێکار و ناسینی ئه و ئیمکاناته یه که بۆ ئاڵ و گۆڕی کۆمه ڵی مه وجوود هه یه . ئه مانه خه سڵه ته ئیسباتی‌یه کانی تیئۆری مارکسن که ، ئه گه ر ده کار هێنانه غه یره کرێکاری‌یه کانی تا ئێستای نه بوایه ، ده کرا ڕاسته وخۆ ببرێته ناو کۆمه ڵ و چینی کرێکار و ڕیز به ستنێکی فکریی به هێز به رانبه ر به بیرو باوه ڕی حاکم له نێو کۆمه ڵدا پێک بێنێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری ده بێ جه ره یانێکی فکری به هێزی ناو کۆمه ڵ بێ به رانبه ر به گه رایش و بیرو بۆچوونه فکری‌یه بنه ڕه تی‌یه کانی بورژوازی، وه ک لیبرالیزم ، دیموکراسی، ناسیونالیزم ، هیومانیزم، سۆسیال دیموکراسی و شتی تر، نه ک ئه وه ی هه ر مارکسیزم به رانبه ر به جه ره یاناتی وه ک مائوئیزم ، تروتسکیزم، سۆسیالیزمی ڕووسی و یان چه پی نوێ به زمانێکی تر باس بکا. ئه مه جێگا و شوێنێکه که ئێمه بۆ تیئۆری دای ده نێین.

بڕوانه ، ئێمه خه سڵه ته کۆمه لایه تی‌یه و چینایه تی‌یه کانی کۆمۆنیزم مان باس کردووه . ئێمه ئه وه مان باس کردووه به رله وه ی ئه م پرسیاره بێته گۆڕ که (کۆمۆنیسته کان ده ڵێن چی)، ئه مه پرسیاره که کۆمۆنیزم ئالای کام به شی کۆمه ڵ و کام چینه . ئێمه گوتوومانه ته نیا وه ک بزووتنه وه ی ئیعترازی کرێکار چاو له کۆمۆنیزم ده که ین و ته نیا له جه رگه ی ئیعترازی کۆمه لایه تی ئه م چینه نوێیه دا ده کرێ کۆمۆنیزم وه ک مه کته بێک و ڕوانگه یه ک و تیئۆریه کی شۆڕشگێڕانه ده رک بکرێ و خه باتی بۆ بکرێ. له به رانبه ر ئه مه دا ئه م عکس العمل ه هاتووه ته پێش که (تیئۆری چی به سه ر دێ؟) من ئه مه به عکس العملی ئاسایی هه مان به ش و چینی کۆمه لایه تی و هه مان سوننه تی سیاسی ده زانم که خه ریکم ڕه خنه ی لێ ده گرم. کۆمۆنیزم بۆ سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی مه وجوود تیئۆری‌یه که . هێنانه خوارو کردنی کۆمۆنیزم به ده زگایه کی فکری بۆ پاراستنی به رژه وه ندی هه مووان ، یان کردنی به (عیلمی مێژوو)؛ وه شتی له م چه شنه ڕێگایه که بۆ ئه وه ی ڕووناکبیری چه پ گه رای بورژوا ، بوروکراتی ئیسلاح ته له ب ، ناسیونالیست و دیموکراتی چینی و بۆلیڤیایی و ئێرانی ، خۆی له

مارکسیزم و کۆمۆنیزم تەنیا وەک جەرەیانێکی کرێکاری شیاوی ئەم نیوەیە، دەڵێن ئەی تیئۆری چی بەسەر دێ. بە بڕوای من مەبەستی ئەمانە ئەوەیە کە (ئێمە چیمان بەسەر دێ). ئەگەر ئەمانە ئەوەندەیان لە مارکس وەرنەگرتبێ کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی بیروباوەڕ نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-چینایەتی دیاریکراوە، بزووتنەوەیەکی کرێکارییە، ئەو جار ئیتر نابێ نیگەرانی دەربڕینیان بۆ تیئۆری لە بەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکرای دا بە جیددی بگیرێ. هەر ئەم رەخنە گرتنەیان لە باسەکانی ئێمە یانی ئەوەی کە ئەساسی مارکسیزمیان وەک تیئۆریەک لی حاڵی نەبووە. با بڵێم تیئۆری(چی بەسەر دێ). تیئۆری لە وەسیلەی ناڕۆشنی داتاشینەوە، لەوەوە کە ببێتە ئامرازی داپۆشینی قازانجە غەیرە کرێکارییەکان لە ژێر ناوی مارکسیزم دا، لە وەسیلەی خۆشباوەڕی پێک هێنان بۆ جناحی چەپی بۆرژوازییەوە، لە وەسیلەی سەلماندنی بەرزتر بوونی پلەی خوێندەوارانەوە تەنانەت لە نێو حیزبە مارکسیستییەکانیشدا و، لە شتی لەم چەشنەوە، دەبێتە هەمان رەخنەی توندو تیژ، کرێکاری، قووڵ و شارەزایانەی کە لە شوێنەوارە کلاسیکە مارکسیستییەکاندا دەیبینین، تیئۆری جارێکی تر دەبێتەوە چەکێکی کاریگەر، لە خەباتی چینایەتی دا. دەبێتە ئیددیعا نامەیەکی ئاشکرا کە رەوەی رۆشن، بێ خەوش و خاڵ و شیاوی تێگەیشتن بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و میکانیزمی کرێکاری بۆ خودی ئێمە حاسڵی ورد بوونەوەیەکی تیئۆری زۆر بووە و ئەرکی تیئۆریکی جۆراو جۆرو زۆر جیددی تر لە پێشوومان دەخاتە سەرشان. باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری تازە چوار چێوەیەکی پێداوین کە بتوانین لەم چوار چێوەیەدا پەلامارێکی بەرینی تیئۆریک دەست پێ بکەین.

ب.س: ئەم پەلامارە تیئۆریکە بێگومان لەباری نەزەرییەوە سنووری خۆی لەگەڵ لقە جۆراو جۆرەکانی بزووتنەوەی بە ناو کۆمۆنیستی مەوجوود دەکێشێ و هەروەها تەکلیفی خۆی لەگەڵ ئەم موشکیل و پرسیارە سەرەکییەکانەی کە لە گۆڕن ڕۆشن دەکاتەوە. بە ووتەیەکی تر دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ڕوانگەو سوننەتێکی دیاریکراوی مارکسیستی لە کوێ سنووری خۆی لەگەڵ سوننەتەکانی تر کە خۆیان بە مارکسیست لە قەڵەم داوە جیا دەکاتەوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە کە ئەم کێشەو سنووانانە نەزەریانە لەگەڵ ئەم جەرەیان و مەکتەبانە دەبێ لە دەوری چی هەڵخرێو بەڕێوە ببرێ و ئەم ئەرکە سەرەکیانەی کە لەم بارەوە دەبێ پەیڕەویان لێ بکرێ کامانەن؟

م.ح: با لە پێشدا خاڵێک ڕۆشن کەمەوە. بە گشتی جەرەیانە چەپە ڕادیکاڵەکان کاتێک باسی خەباتی فکری دەکەن پێش هەموو شتێک مەبەستیان ئەوەیە لەگەڵ لقەکانی تری چەپ (سەبارەت بە مارکسیزم) قسەو باس بکەن. (خەباتی ئیدولوژیک) بۆ ئەم جەرەیانانە مانای جەدەلێکی دەروون مەکتەبی پەیدا کردووە. خودی ئێمەش لە ڕابووردوودا زۆرمان ئەم کارە کردووە. من ناتوانم لێرە بچمە ناو ئەم باسە کە بۆچی و چۆن و لە چ ڕەوتێکدا خەباتی فکری ئەم مانا بەرتەسکەی بە خۆوە گرتووە. بەلام پێویستە بڵێم کە ئەمە خۆی وێنەیەک بووە لە خەسڵەتی غەیرە کۆمەڵایەتی و

فیرقەیی چەپی ڕادیکاڵ و بەناو کۆمۆنیست. بۆ ئێمە خەباتی فکری مەیدانێکی خەباتی چینایەتیە و بە ناچار شەریکە لە دژی بیرو باوەڕی زاڵ لە نێو کۆمەڵدا ، بیرو باوەڕی ئەو چینانە کە لە دنیای ماددیو لە مەیدانی عەمەلیدا وەک چینێک لە بەرانبەریاندا ڕاوەستاوین . شەڕێک لە دژی ئەو بیرو باوەڕو مەکتەب و سوننەتە نەزەریە بورژوازیانە کە توانیویانە لە ڕادەی دەیان میلیونیدا مۆری خۆیان لەسەر بیرو بۆچوونی ئینسانەکان بدەن. جەدەل کردن لەگەڵ ئەوانەی ئیددیعای مارکسیزمیان هەیە گۆشەیەکی ئەم مەسەلەیە بەلام بە هیچ جۆر میحوەری کار نیە و بە تایبەت ڕێڕەوێک نیە کە سیمای نەزەری کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو ڕێگەیەوە بکێشرێتەوە و ڕوشن بکرێتەوە. ئەو سوننەتانەی کە تەنانەت هیچ ئیددیعای مارکسیست بوونیشیان نیە . ئێمە لە مەیدانەکانی کێشەی فکریدا لەگەڵ لیبرالیزم و دیموکراسی، لەگەڵ ناسیونالیزم، ریفۆرمیزم، سوسیال دیموکراتیزم و ئانارشیزم و شتی لەم چەشنە بەرەو ڕووین. ڕاستەکەی من پێم وایە بە بێ هەڵگەڕانەوەو دیتنی نفووزی قووڵی ئەم سوننەتە سەرەکیترە نەزەری و سیاسیانە کە لە بیرو بۆچوون و جیهان بینی شبە مارکسیستەکاندا هەیە ناکرێ کێشەو جەدەل لەگەڵ ئەوانەش بکەی کە ئیددیعای مارکسیزمیان هەیە .

ب،س: ئەم باسە دەبێ زیاتر شی بکەیەوە چونکوو جەدەلی دەروون مەکتەبی یان دەروون بزووتنەوەیی بەشێکی جیانەکراوەی سوننەتی کۆمۆنیستی، هەمان سوننەتی کۆمۆنیستی کرێکاری مارکس و لینین یش بووە. ئێمە جەدەلەکانی مارکس و مارکسیستەکانما لە دژی بیرو بۆچوونی برودۆن و لاسال نیيە ، جەدەلەکانی لینین مان لە دژی سەردەمدارانی فکریی ئەنتەرناسیونالی دووهەم هەیە کە تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆر دیاردە سیاسی و فکرییەکانی لینینیزم دەردەخا و گەلاڵەی دەکا. وە سەرەنجام مەسەلەی رویزیونیزممان لە پێش بووە کە ماوەیەکی زۆر وەک مانعێکی واقیعی بەری شکڵ گرتنی حیزبە مارکسیستیە شۆڕشگێڕەکانی گرتووە و مانعی سەر ڕێگای سۆسیالیزمی کرێکاریی واقیعی بووە. ئەم بارەی خەباتی فکری چ جێگاو شوێنێکی لە ڕوانگەی ئێوە دا هەیە ؟

م،ح: من نەک هەر جەدەلی دەروون بزووتنەوەیی بەڵکوو جەدەلی دەروون مەکتەبیش بە هیچ جۆر ڕەت ناکەمەوە. بەلام با بزانین ئەم کێشە و جەدەلانە تا ئەو جێگایەی کە بە واقیع لایەکیان مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە لە کام چوارچێوەی مێژوویيدا ڕووی داوە و چ دەورو نەقشێکی لە ڕەوتی گشتی خەباتی فکری و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بووە. ئەوەی مارکسیزم دەکا بە مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەکاتە کۆمۆنیزم سنوور دانانە جەدەلیيەکانی مارکس لە گەڵ برودۆن و لاسال نیيە . ڕەخنەی گشتی مارکس ڕەخنەیەکە لە سەرمایەداری و بە گشتی لە بیرو بۆچوونی بورژوایی. مارکس ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی و بیرو بۆچوونی فەلسەفی پێش خۆی دەداتە بەر ڕەخنە . سەردەمدارانی فکریی ئابووری سیاسی هاوچەرخی خۆی و پێش خۆی لە چکۆلەترین ڕادەی خۆشی دا دەداتە بەر ڕەخنە . لە هەموو ئەوانەش گرینگتر دینامیزمی کۆمەڵی مەوجووج و پەیامەکانی، لە چەوسانەوە و هەژارییەوە بگرە تا ئیستعمار، کۆیلەداری، فەحشا، مەزهەب ، دیموکراسی، ناسیونالیزم و شتی تر

دەداتە بەر ڕەخنە. مارکس دەچێتە شەڕی چینە دەسەلاتدارەکان و بیرو بۆچوونە زاڵەکانی ناو کۆمەڵ. بەبێ کتێبی سەرمایەو ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی، ناکرێ ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا بگیرێ و مەکتەب و سوننەتێکی فیکری پێک ناهێنی. مارکسیزم ڕەخنە لە وەزعێکی ئابووری، سیاسی و فکری گشتی و دەسەلاتدار دەگرێو هەر لە سەرئەو ئەساسەش دەچێتە سەر ڕەخنەگرە سەتحی و ناشۆڕگێڕەکەی ئەم نیزامەش. نموونەی جەدەلەکانی لینین لەگەڵ ئەنترناسیونالی دووهەمت هێناوە. من دەپرسم بە بێ ڕەخنەگرتن لە ئەمپریالیزم و ناسیونالیزم و بە بێ ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی بورژوایی وەک بیرو بۆچوونێکی دەرەوەی سوننەتی مارکسیستی ئەساسەن چۆن دەکرا پەلامارێکی ئاوا بکرێتە سەر ئەنترناسیونالی دووهەم. ئەمە ڕەخنەیەکی گشتی و واتر لە ڕەخنەی مەکتەبی و ڕەخنەی بزووتنەوەیی بوو کە لینینیزمی وەک ڕەگەیەکی فکری شۆڕشگێر و موعتەبەر بەرانبەر ئەنتەرناسیونالیزمی دووهەم شکڵ پێدا. هەروەها دەبێ ئەمەش بڵێم مارکس و لینین هەرتکیان خۆیان لەبەرانبەر گەرایشاتێکی شبە سۆسیالیستی بەهێزدا دیبوو. ئەمانە جەرەیاناتێک بوون کە لە ڕادەی کۆمەلایەتیدا تەئسیریان نابووە سەر بیرو باوەڕی کرێکاری موعتەریز. بە بڕوای من کێشە و جەدەل لەگەڵ جەرەیانە زیندووەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی چینایەتی بە مانای واقیعی کەلیمە هەمیشە حەیاتییەو ئەویش ناخەمە ژێر سەردێڕی کێشە و جەدەلی مەکتەبییەوە.

دەبێ لەسەر مەسەلەی ڕیڤیژنیزم باسێکی زیاتر بکەین. مانای ڕیڤیژنیزم هەرچی هاتووینە پێشتر مەزهەبی تر و فیقهی تر بووەتەوە. بۆ کۆمۆنیزمی دەورانی مارکس دیارە نەدەکرا مەقوولەی ڕڤیژنیزم لە گۆڕ بێ. بە بڕوای لینین دەست تێوەردان و هەڵگەڕانەوەی گەرایشەکانی تر لە بیرو بۆچوونی مارکسیستی پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە کۆمەلایەتی و هێزە ماددیانە هەیە کە پێویستیان بەم دەست تێ وەردانە بووە. بە ووتەیەکی تر بە بڕوای لینین ڕڤیژنیزم ئالای جەرەیاناتێکی ماددی و کۆمەلایەتی دیاری کراو بووە کە لە پێشدا بە هۆی جێگاو شوێنی سیاسی و کۆمەلایەتیان ڕەخنەیان لە سەرە. لەم چوار چێوەیەدا یانی لە کێشە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی چینەکانی تردا، لینین دیفاع لە دروستی حوکمەکانی مارکسیزم دەکاو تێ دەکۆشێ بەری گۆڕینی مارکسیزم لەلایەن ئەوانەوە بگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە ڕڤیژنیزم پێش ئەوەی لە چوارچێوەی مەکتەبێکداو بە مەحەکی واوە هاتبێتە گۆڕکە ئاخۆ کام بەش لە حوکمەکانی مارکسیزم دەست کاری دەکاو دەی گۆڕێ، وەک ئالای فکریی و بەرژەوەندو بزووتنەوە کۆمەلایەتییە غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکارییەکان مانا دەکرێتەوە. ڕڤیژنیزم بەمانای غەیرە مەزهەبییەکەی یانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە غەیرە کۆمۆنیستی و غەیرە کرێکارییەکان لە ژێر ناوی مارکسیزم دا. لقێکی بزووتنەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی لە شوورەوی لە ژێر ناوی مارکسیزم دا کاری کردووەو بە ناچار تەفسیرێکی تایبەتیشی لەم تیئۆریە داوەتە دەست. ئەمە ڕڤیژنیزمە، بزووتنەوە دژی ئیستعماری و ناسیونالیستی چینیش هەروەها. ئەمەش ڕڤیژنیزمێکە. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەرانبەر بە ناسیونالیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی کە بە ئیعتیباری خۆیان هەن پێ دەنێتە مەیدانی کێشەو جەدەل لەگەڵ ئەم لقە شبە مارکسیستانەی ئەم

بزووتنه وانــه ش . بــه لاّم ســیمای سیاســی و نه زه ری‌یه کــه ی ، بــه پێچه وانــه ی بزووتنــه وه ی دژی ڕیڤیژنیستی چه پی ڕادیکالّ ، له سنوور کێشان له گه لّ مائۆیزم یان په سه ند کراوه کـانی‌ی کۆنگره کـانی بیست و بیست و دووی حیزبی شووره‌وی و تێزی ڕێگای گه شـه و هـه لّدانی غـه یره سـه رمایه داری و شـتی تره‌وه ده ر ناکێشرێ . به ووته یه کی تر نه فسی خه سلّه تی ده روون مه کته بی حه یاتی فیکـری چه پی ڕادیکالّ و ئه م واقیعیه ته که ئه مانه سیمای تایبه تی خۆیان لـه سنوور دانـان له گـه لّ قووتبـه کان و ئۆردوگا مه وجووده کانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ده رده کێشن ، نیشانده ری ئه وه یه کـه هـه رتکیان هـی جێگـاو شـوێنێک و بزووتنه وه یـه کی کۆمه لاّیـه تی هاوبه شـن . چپـی ڕادیکـالّی تـا ئێسـتا له گـه لّ ئـه و قووتبانه ی که ڕه خنه ی لی گرتوون له ڕه وتێکـی هاوبه شـی چینایـه تی دا بـوون . سـنوور دانانـه کانی ئه مانه له گه لّ ڕڤیژنیزم له شووره‌وی و له چین ، مه کته بی و شبه مه زهه بی‌یه چوونکـو لـه مـه یدانی کۆمه لاّیـه تی‌دا نوێنـه ری بزووتنه وه یـه کی جیـاوازو سـه ربه خۆ نـه بوون و دیفاعیـان لـه ئارمـان و ئاما نجێکی جیاواز نه کردووه . ڕه خنه که یان لـه سـه رمایه داری هـه ر ئـه وه بـووه ، تێگه یشـتنیان لـه سۆسیالیزم هه ر ئه وه بووه . موشکیلی ئه مانه (لادانی) ئه م قووتبانه لـه حوکمـه نه زه ری‌یـه کان لـه سیاسـه ت و تاکتیکـه دیـاری کراوه کـان بـووه . لـه بـاری کۆمه لاّیه تی‌شـه وه هـه موو لقـه کانی چـه پی ڕادیکالّ ، له بوردیگیزم و ترۆتسکیزمه وه تـا ئه مرۆ ، وه ک ڕه خنه گری ڕه وتی ئه سلّی و به ئیعتیباری ووجوودی ئه م ڕه وتــه ئه سـلّی‌یه ، مه وجوودی‌یـه تیان به ده ست هێنـاوه . کـه س نـاتوانێ ترۆتسـکیزم ڕاسته وخۆ له به رانبه رکێ‌یه کی تایبه تی له م جه ریانه دا له گه لّ کۆمه لّی سه رمایه داری بناسـێنێ. ئـه م جه ره‌یانـه حاسـلّی لاوه کـی هـه مان ڕه وتـی ئه سـلّی‌یه . بـه زمانێکی تایبـه ت لـه چوارچێـوه ی هـه مان بزووتنه وه ی کۆمه لاّیه تی‌دا ده ده وێ .

به کورتی قسه که م ئه وه یه گه رچی حه تمه ن ده بێ کۆمۆنیزمی کرێکاری به رانبـه ر بـه م سوننه تانه ش قسه بکا ، به لاّم سیمای سیاسی‌یه که ی له به رانبه رکێی له گه لّ کۆمه لّی سـه رمایه داری‌دا بـه گشـتی و له گه لّ گه رایش و بزووتنه وه سیاسی و کۆمه لاّیه تی‌یه ئه سلّی‌یه کانی بورژوازی له هه ر ده وره‌یه ک دا دیاری ده کرێ . تۆ جه ده له کانی ڕابووردووی سوننه تی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکـاریت وه ک نموونـه هێناوه . زۆر باشه به لاّم مـن ده پرسم ئـه مرۆ بـۆ شکلّ پێدانـی ڕیـزی شۆڕشـی کرێکـاری کـام کێشـه و جه ده لی نه زه ری حه یاتی‌یه . کێشه له گه لّ مائوئیزم و ترۆتسکیزم و چه پی نوێ و . یـان له گـه لّ ناسـیونالیزم ، تره‌یدیونیـه نیزم، لیـبرالیزم و دیموکراسـی ، ریفـۆرم ، سۆسـیال دیموکراسـی ، گوربـاچۆڤیزم ، تارچه ریزم و شتی تر؟ یانی له گه لّ ئه و فکرو ته فسیرانه ی کۆمـه لّی ئـه مرۆ کـه بـیرو بۆچوونی کرێکاران و هه موو کۆمه لّ به گشتی شکلّ پێ‌ده دا. کۆمۆنیزمی کرێکاری له مارکسه‌وه تا ئێستا خوازیاری به رانبه رکێ‌یه کی چینایه تی و هه مه یه نه له گه لّ بورژوازی و کۆمه لّی بورژواییی‌یـه وه نـه ک هه ر ئه وه‌ی که پاکی و خلووسی فکری له چاو چه پترین جه ره‌یانه کانی پالّ ده ستی بپارێزێ.

با چه ند خالّی تریش باس بکه م . یه که م ، ده بێ بزانین له م ده وره‌یه دا که پێمان تێ‌ناوه خودی ئه مانه چه نده خۆ به مارکسه وه هه لّده واسن. جاری وا وێده چێ که هه موویان خۆیان یان وێڕای ئـه م و ئه و قسه له کۆتایی پێ هاتنی مارکسـیزم ده کـه ن، یـان سـه ریان به رداوه تـه وه تـا ئـه م شـه پۆله

تێپەڕێ. لە ئاخری شەستەكان و سەرەتای حەفتاكاندا كە ماركسیزم لە ناو ڕووناكبیراندا باو بوو ، قەتعەن نیازێكی زیاتر بەوە هەبوو كە سۆسیالیزمی كرێكاری لەسەر بەرهەق بوونی ڕیوایەتی كرێكاری لە ماركسیزم خەبات بكا. دووهەم ، نابێ بكەوینە داوی كێشەو خەباتی مەكتەبی. مەسەلەن بۆ ڕەخنەگرتن لە مائۆئیزم و پۆپۆلیزم هەڵگەڕانەوە بۆ سەر ئەوەی كە ماركس واقیعەن چی گوتووە هێندە پێویست نیە. ئینسان دەتوانێ ڕاست بچێتە سەر كاكڵ و ناوەڕۆكی ئەسڵی ناسیونالیستی ئەم جەرەیانە و ئاشكرای كا. بە بڕوای من زیادە ڕەوی لە جەدەل كردنی (دەروون مەكتەبی) لە گەڵ ئەم گەرایشانە ئەم ناڕۆشنیە كە سەبارەت بە مەوجوودیەتی كۆمەڵایەتی ئەمانە هەیە زیاد دەكا. سێهەم ، هەر وەك باسم كرد ، ڕیوایەتەكانی تری كە لە ماركسیزم دەكرێ هی خراپ تێگەیشتن و جیاوازی نێوان تێگەیشتنەكان نییە. ئەمانە تەفسیری گەرایشە كۆمەڵایەتیەكانی ترن كە وەك تیئۆریەك لە ماركسیزم دەكرێن. تەفسیری ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزم و دیموكراسی وەك بزووتنەوەی جۆراوجۆری كۆمەڵایەتین لە مەكتەبێكی فكری و سیاسی. ئەم گەرایشانە تەنیا دەستیان لە ماركسیزم وەرنەداوە. مەسەلەن ، پایەیەكی ناسیونالیزم ڕەگەز پەرستیەو ڕەنگە لەم ڕێگایەوە ڕیوایەتێكی تایبەتیش لە داروینیزم بكا. بەلام جەدەل كردن لە مەیدانی بایۆلۆجیو تیئۆری تەكامولی تەبیعیدا نە تەنیا سنوورێك پێك ناهێنێ ، بەڵكو ئەسڵی ئیختلافەكەش دادەپۆشێ. چوارەم ، ڕەواجی جەدەلیو نەزەریو باسی (ماركس واقعەن دەی گووت چی) تا ڕادەیەكیش ئەو موخاتەبانە دەخاتەوە بیر كە گەرایشە غەیرە كرێكاریەكانیان بۆ تیئۆریەكانی ماركس ساز كردووە. ڕووناك بیری بۆرژوا فەننێكی لەم جەدەلانە ساز كردووەو ئەم فەننە ، لانی كەم تا حەوت هەشت ساڵ ، جیاواز لە خەباتی كۆمۆنیستی ئەوانەی بەرەو خۆی ڕادەكێشا. پێم وایە بەهەر ڕادەیەك كە قورساییی ئەسڵی هەڵسووڕانی كۆمۆنیستی بگوێزرێتەوە ناو چینی كرێكارو بەهەر كە ڕابەرانی كرێكاری ببنە موخاتەبی ئەسڵی جەدەلە نەزەریەكان ، خەسلەتی نەزەری سنوور كێشانە نەزەریەكان كەمتر دەبێتەوەو حاڵەتێكی كلاسیكتر ، وەك بەرامبەركێی سۆسیالیزم و ناسیونالیزم ، سۆسیالیزم و لیبرالیزم و شتی تری لەم چەشنە بەخۆ دەگرێ.

بەلام بە هەر حاڵ تەنانەت لە خەباتی فكریدا لەگەڵ ئەو جەرەیانانەی ئیددیعای ماركسیزمیان هەیە ، دەبێ بنەڕەتی ئەسڵی كارمان داینێینە سەر لەبەرچاو گرتنی ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوە فكریە بۆرژواییانە كە لە لێكدانەوەو تەفسیری ئەمانە لە ماركسیزم و سیاسەتی كۆمۆنیستی دا هەیە. تەنیا كاتێك كە ناحەزی و چەپەڵی ناسیونالیزم وەك بیرو بۆچوونێك ، وەك دەربیجەیەكی دیاری كراو بۆ تێڕوانینی جیهانی مەوجوود ئاشكرا بوویێت ، جاو ئەو جار دەكرێت ناوەرۆكی غەیرە كرێكاریو غەیرە ماركسیستی پۆپۆلیزم و مائۆئیزم نیشان بدرێ. ئەگەر چەپێك ، چەپێكی وەك چەپی ڕادیكاڵی ئێران لە دەساڵی ڕابووردوودا بە هەموو سوننەتی پۆپۆلیزم و مائۆئیزمەوە ، هەبێت كە شانازیشی بە ناسیونالیست بوونی خۆیەوە كردبێ یان بە هەر حاڵ لە بێزاری لە ناسیونالیزمەوە بار نەهاتبێت ، جەدەل كردن لەگەڵ ئەو چەپە لەسەر ماركسیزم و سیاسەتی ماركسیستی خۆ

فریودانەو حاسڵێکی نییە . بە بڕوای من دەبێ چەپی غەیرە کرێکاری وەک ڕیوایەتێکی تایبەت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی گشتی ترو ئەسڵی تری بۆرژوایی لە نێو کۆمەڵدا چاوی لی بکرێو لە دڵی ئەو وەلامە فکریو سیاسییەدا کە دەیدەینەوە بەم بزووتنەوە گشتی ترە ، حاسڵە شبە مارکسیستییەکەیشی بکوتین .

وە سەرەنجام با ئەوەش بڵێم کە لە مێژە مارکیسزم وەک تیئۆریەک بووەتە فەنن و عیلمی پاراستنی پتەوی و لەسەر خەت ڕاگرتنی فیرقەی خۆ . تیئۆرسیۆنی مارکسیست تا ڕادەی کەسێک هێنراوەتە خوار کە بتوانێ وەلامی ئەو کەسانە بداتەوە کە لە پێشدا خۆیان وەک هاومەکتەبی ئەو ڕاگەیاندووە. لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە . لە دەرەوەی ئەم (بازاڕ) ە لە پێشدا دیاری کراوە ، تیئۆرسیۆنە ناوبراوە تەنانەت زاناو ڕەخنەگرێکی موعتەبەرو بە نفووزی جیهانی هاو چەرخی خۆیشی نییە . ڕاستەکەی تەنانەت لە باری ڕادەی فکریو ووزەو توانی مەعنەویەوە سەردەمدارێکی فکری دەرەجە دووەمە . مارکس چووە شەڕی غوولە فکریەکانی جیهانی بۆرژوایی و لە شەڕ لەگەڵ ئەواندا لە باری مەعنەویەوە سەرکەوت .هیگڵ و فیورباخ ، ڕیکاردۆ و سمیت و میل و مالتۆسی لەبەر ناکۆکیەکانیان تێک شکاندوو وردی کردن . دەکرێ هەر ئەوەش سەبارەت بە لینین ، لۆکسامبۆرگ ، ترۆتسکی، بوخارین ، پرو براژنسکی ، و بەشێکی زۆری ڕابەرانی کۆمۆنیزم لە سەرەتای ئەم سەدەیەشدا بکوترێ . بەلام ئەمرۆ سەردەمداری فکریو ڕابەری فکری چەپی ڕادیکاڵ بە پێی تواناییەکەی بۆ جەدەڵ کردن لە گەڵ گەرایشی پاڵ دەست و سنوور کێشانی دەروون مەکتەبی لەگەڵ کەسانی تر ڕێزو بایەخی بۆ دادەنرێت . فکرەکەی مەسرەفی دەروون فیرقەیی هەیەو بە پێی فرقەو جەرەیانەکەی ئەهەمییەتی پێ دەدرێت . ئەگەر ئێوە مائۆئیزم لە مەیدان دەرکەن بتلهایمێک لە مەیدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نامێنێنەتەوە . بە بڕوای من تیئۆری کۆمۆنیستیو ، بە پێی ئەمەش تیئۆرسیۆن و ڕەخنەگری کۆمۆنیست ، دەبێ وەک ڕەخنەگرێک بێتە مەیدان کە ڕەخنە لە <u>بیرو بۆچی زاڵ دەگرێ</u> . دەبێ <u>جیهان</u> بە جەماوەری بەرینی چینی کرێکار بناسێنێ. دەبێ لە شکڵ پێدانی تێگەیشتووی گشتی چینایەتیدا دەورو نەقشی خۆی بنوێنێ، نەک تەنیا ڕێنوێنی ئەسحابەکان و پەیڕەوانی خۆی بێ . کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوە بووە . بە سەرهەڵدانی ئەم جەریانەو شکڵ گرتن و دەربڕینی ئەم جیهان بینیەیە لە لایەن مارکس و مارکسیزمەوە ڕێگەیەکی ڕەخنەگرانە بە برەوێکی بەرینی کۆمەلایەتیەوە پێک هات . دوای سەرهەڵدانی ئەم جەریانە تێگەیشتنی کۆمەڵ لە دەوڵەت ، ئابووری ، مەزهەب ، عەدالەت ، مێژوو و داهاتی بەشەریەت و بە کورتی هەموو لایەنەکانی جامیعەی بەشەری بە شێوەیەکی بێ بڕانەوە گۆڕا . ئێستاش ئێمە هەر ئەوەمان پێویستە . کێ لە کۆمۆمیزم و چینی کرێکار قبوڵ دەکا لە هەلومەرجێکدا کە هەر سەعات و ساتێک سوننەتە فکریە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵی بۆرژوایی ، بە ئەسڵ دانانی مالکییەت و بە ناسیونالیزم ، ڕیفۆرمیزم ، دیموکراسی ، لیبرالیزم ، ڕاسیزم و ، بەشتی لەم چەشنە مێشک و زەینی سەدان ئینسان لە قالب دەدەن ، خۆی بە جەدەل کردن لە گەڵ مائۆئیزم و ترۆتسکیزم و چەپی نوێو شتی تر خەریک بکاو خۆیشی بە گەرایشێکی زیندووی فکری ، جەرەیانێکی ڕەخنەگرانەی موعتەبەری

جیهانی ئه مڕۆ بزانێت . ئێمه ده بێ وه لامی ئه و فیرقانه بده ینه وه که ئیددیعای مارکسیزمیان بده ینه وه به لام کۆمۆنیزمی کرێکاری ده بێ جارێکی تریش وه ک ڕه خنه یه کی به هێزی کۆمه لایه تی له دژی بیرو بۆچوونی زالی نێو کۆمه ل هه ستێ . ئێمه ئه وه مان ده وێ . کۆمۆنیزمی کرێکاری وه ک بیرو بۆچوون و جیهان بینییه ک به بێ ئه وه ی له ڕاده یه کی کۆمه لایه تیدا ده گژ جیهانی بۆرژوایی و بیرو بۆچوونی بۆرژوایی ڕاچێ، بره وی کۆمه لایه تی نابێ.

ب،س: زۆر ڕاسته . هه ر ئه و شێوه چاو له تیئۆری و چاو له ئه رکه نه زه ریه کانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و کردنه خۆی جیابیه کی فکری و جیددی له چه پی غه یره کرێکاری تا ئێستا ده سه لمێنێ. به لام ڕه نگه بووترێ ئه م باسه تازه ئه مڕۆ ده توانێ بکرێ ، یانی له هه ل و مه رجێکدا که سۆسیالیزمی بورژوایی هه ر وه ک له گوزارشی کۆنگره شدا باسی کراوه له هه موو لقه جۆراو جۆره کانیدا گه یشتووه ته بن به ست . ئه مڕۆ هه ر ته نیا دژی ڕڤیژنیزم بوون شتێکی زۆر ناگه یه نێ و ناتوانێ نیشانه ی به رهه ق بوونی جه ره یانێک یان شێوه و ڕه وشتێکی ناساندن و دارشتنی سیمای سیاسی و نه زه ری جه ره یانێکی کۆمۆنیستی ی شۆڕشگێڕ بێ. به لام ئه گه ر خۆت له هه ل و مه رجی سی چل سال له وه پێش و له کاتێکدا دابنێی ، که ئۆردوگای شبه سوسیالیستی له شووره وی به سه ر کوللی بیرو بۆچوون و پراتیکی کۆمۆنیسته کاندا زال بوو، ئایا نه ده کرا بلێی سه رهه لدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وه ک بزووتنه وه یه کی حیزبی له ڕێگای خه باتێکی دژی ڕیڤیژنیستیه وه تێده په ڕێ؟ ئایا له مێژووی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا جێگایه ک بۆ سوننه تی دژی ڕیڤیژنیستی به تایبه ت له چل سالی ڕابووردودا داده نێن؟

م.ح: بێگومان تێگه یشن و هه روه ها باس کردنی ڕوانگه ی ئێمه ئێستا له چاو سی چل سال له وه پێش زۆر هاسانتر بووه ته وه . گومانێکم له وه دا نیه . ته نانه ت ئه وه شم قه بووله له هه ل و مه رجێکدا که بزووتنه وه ی سه رمایه داری ده وله تی له شووره وی هێشتا جێگا و شوێنی درۆینه ی خۆی وه ک کلیل به ده ست و سه رده مداری مارکسیزم له ده ست نه دابوو، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئه رکێکی زیاتری له جنسی ( خه باتی دژی ڕیڤیژنیستی ) له سه ر شان بوو. به لام هه ل و مه رجی ئه و سه رده مه فه رق و جیاوازیه ک له باسه که ی مندا پێک ناهێنێ و حوکم نیه ئه و جه ره یانه دیاریکراوانه به باش بزانین که له ماوه ی ئه م ده وره یه دا ده گژ ئه م ڕێڕه وه ڕه سمیه ڕاچوون و لێی جیابوونه وه . وه یان مه رج نیه ئه مانه به سۆسیالیزمی کرێکاری وه ک بزووتنه وه یه ک یان جیهان بینییه ک ، نزیکتر بن یان به شێکی زیاتریان پێوه ی هه بێ. به پێچه وانه کاتێک به شێوه یه کی دیاریکراو ده ڕوانینه ناوه ڕۆکی ڕه خنه گرانه ی ئه م جه ره یاناته ڕه خنه گره ی ئۆردووگای به ناو سۆسیالیستی ، تێده گه ین که سه رهه لدانی خودی ئه مانه هاوکات بووه له گه ل ئه وه که کۆمۆنیزم وه ک تیئۆریه ک و بزووتنه وه یه ک، له پایه ی چینایه تی خۆی پتر دوور که وتوه ته وه . مائوئیزم ڕه خنه له سۆسیالیزمی ڕووسی ده گرێ، به لام خۆی به هه مان ڕاده غه یره مارکسیستی و غه یره کرێکاریه . چه پی نوێش هه روا، ترۆتسکیزمیش هه روا، ئۆرۆکۆمۆنیزمیش هه روا، جه ره یانی لایه نگری ئالبانیش هه روا و سۆسیالیزمی خه لکیش هه روا.له ڕاستیدا له پشت ئه م جه ره یانه ڕه خنه گرانه وه جیایی سۆسیالیزمی

ڕادیکاڵ لە کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕۆشنییەکی زیاترەوە دەبینەدرێ ، چونکوو ئەمانە پێشینەی شۆڕشێکی کرێکاری بەرین و گەورەیان نەبووە و بەئاشکرا لە سەتحی کۆمەڵدا لە شوێنە غەیرە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵداو هەر لەوێش جێگیر بوون. لەباری بیرو باوەڕەوە هەرگیز بنچینەکانی سۆسیالیزمی بورژوایی لەلایەن ئەمانەوە ڕەخنەیان لی نەگیرا. تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم و مالکییەتی ئیشتراکی هەر ئەوە تێگەیشتنەکەی ئەوانە. کاتێک چاو لە ئیختیلافەکانیان دەکەی، بەرژەوەندە غەیرە کرێکارییە ڕۆشنەکانی ئەوان و نفووزی گەرایشە فکریو سیاسییە بورژواییەکانی ئەوانیان بە ئاشکرا تێدا دەبینی. ڕەخنەی ئۆرۆکۆمۆنیزم، مائۆئیزم و پۆپۆلیزم لەو ڕێڕەوە ڕەسمییە بە تەواوی ناسیونالیستییە. ڕەخنەی تروتسکیزم و لیبرالیزمی چەپ و چەپی نوێ ڕەخنەیەکە کە لە هەڵوێستی دیموکراسییەوە دەگیرێ. لەباری عەمەلی و کۆمەڵایەتییەوە ئەم جەرەیاناتە ڕەخنەگرانە هەرگیز نوێنەری هاتنە مەیدانی کرێکاران بەرانبەر بەم قوتبە ڕەسمییە نەبوون. بە پێچەوانە ڕادیکاڵیزمی سیاسی ئەمانە تێکەڵاوی ئەوە بوو کە هێزی هەڵسووڕاویان بکەنە دانشجوویی و ڕووناکبیری و مەرکەزی سەرنجدانی مارکسیزم بەرنە نێو دانشگاکان و نێو شوێنی ئیعترازی دانشجوویی. ئەمانە هەرگیز ئاڵای ئیعترازی کرێکارییان بەدەستەوە نەگرت. ئەمانە هەرگیز گەرایشاتێک نەبوون کە ئیعترازی سۆسیالیستی کرێکار بەرانبەر بە سۆسیالیزمی بورژوایی لە ڕووسیەدا بەدەستەوە بگرن و ڕێکی بخەن. هەر بۆیە دیمان کاتێک پاش چەندین ساڵ ئەم قوتبە ڕەسمییە درزیدا و لەژێر فشارە عەینییە ئابوورییەکان و هێرشەکانی بورژوازی لایەنگری بازاڕدا بەرەو لەبەریەک چوون دەڕوا، کرێکاران نەک هەر لە ژێر ئاڵای ئەم جەرەیاناتە ڕەخنەگرانەدا کۆنەبوونەتەوە بەڵکوو تەنانەت بە سۆسیالیزمیش بەدگومانن. ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕیزی خۆی بەرانبەر بەم قوتبانە پێک هێنابا، ئەمڕۆ ئێمە نە لە وولاتانی سەر بو ئۆردوگای شوورەوی شاهیدی ئەوە دەبووین کە کلیسا و محافەزەکاری نوێ دەست درێژ کەنە سەر بزووتنەوە کرێکارییە ڕوو لە گەشەکان و نە ئەوەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا ئیعترازی کرێکاری بدرێتە دەستی سۆسیال دیموکراسی و ترەیدیونیەنیزم.

ب.س: ووتت بە بڕوای تۆ دەبێ خەبات و سنوورکێشانی فکریو نەزەری لەگەڵ جەرەیانە بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان یەکێک لەو شتانە بێ کە پەیڕەوی لە بەرانبەر کێی کۆمۆنیزم لەگەڵ جەرەیانە فکریە بنەڕەتیو ئەسڵیەکانی نێو کۆمەڵی سەرمایەداری دەکا. ئەم جەرەیانانە کامانەن و بە بڕوای تۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پێشڕەوی خۆیدا بەر لە هەموویان بەرانبەر بە کامیانە ؟

م.ح: ئەوەی کە من دەمەویست لە وەلامی پرسیارەکانی پێشووت دا تەئکیدی بکەمە سەر ئەوە بوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی فکری وا نیە کە بە دوای پایەی پراتیکی خۆیدا بگەڕێ ، بە پێچەوانەی بزووتنەوەیەکی ماددی و پراتیکی جیاوازە کە بەپێی ئەمەش دەبێ لە کێشە و جەدەلێکی فکری زۆر گەورەی لە ئاستی کۆمەڵیشدا ببێ. کەوا بێ تەنیا کاتێک کە ئێمە ڕیزی کۆمەڵایەتی خۆمان، وەک بزووتنەوەک ، بەرانبەر بە کۆمەڵی مەوجوود و هەموو بزووتنەوە

ئیعتیرازی‌یه كانی تری كه به شێكیان له ژێر نێوی كۆمۆنیزم دا هه ن، به باشی بناسین ده توانین هه نگاو بنێینه ناو مه یدانی به رانبه ركێیه كی نه زه ری له گه ڵ ئه م كۆمه ڵگایه و ئه م بزووتنه وانه .
كۆمۆنیزمی كرێكاری ، ماركسیزم، ڕه خنه یه كی كۆمه ڵایه تی دیاری‌كراوه له نیزامی مه وجوود، یانی له نیزامی سه رمایه داری. ڕه خنه ی به شێكی كۆمه ڵه . ڕه خنه یه كی بنه ڕه تی و ئاڵ و گۆڕ به خشی چینێكه كه قازانجێكی له ڕاگرتنی چوارچێوه ی نیزامی مه وجوود دانییه . كۆمۆنیزمی كرێكاری دژی سه رتاپای سه رمایه داری و خودی وجوودی سه رمایه داری‌یه . به ڵام ئه مه ته نیا ڕه خنه ی مه وجوود نیه . هه ر له نێو چوارچێوه ی ئه م كۆمه ڵگایه مه وجووده دا ئاڵای ڕه خنه كۆمه ڵایه تی‌یه كانی تریش ، ته نانه ت به ر له سۆسیالیزمی كرێكاری، هه ڵدراوه و كۆمه ڵی بورژوایی له ده وری خۆی قوتبی كردۆته وه . ئه مانه گه رایشاتێكن كه چوارچێوه ی فكری و سیاسی كۆمه ڵی بورژوایی‌یان پێك هێناوه و له هه مان حاڵدا، له به ر ئه وه ی كه هه ركامیان شێوه و ئه لگۆیه كی تایبه تیان بۆ گه شه و هه ڵدانی سه رمایه داری له م وڵات و ئه و وڵات یان له م ده وره و ئه و ده وره یه دا به خۆوه گرتووه ، كه وتوونه ته هه ڵوێستێكی ڕه خنه گرانه . به بڕوای من سه ره كی‌تریی ئه م گه رایشانه كه مۆرو نیشانی خۆیان چ به بیرو بۆچوونی ڕه سمی و چ به بیرو بۆچوونی ڕه خنه گرانه ی كۆمه ڵی بورژوایی‌یه وه ناوه بریتین له ناسیونالیزم، دیموكراسی و ڕیفۆرمیزم. مێژووی كێشمه كێش كردن له گه ڵ ئه و بزووتنه وه كۆمه ڵایه تی‌یانه و ئه و ئارمانه ڕه یشه داكوتاوانه ی كۆمه ڵی هاوچه رخیشیه تی . به بڕوای من سۆسیالیزمی كرێكاری به گشتی تا ئێستا ، جگه له چه ند ده وره ی كورت، مه سه له ن سه ره تاكانی بیسته كان له ئاڵمان و ڕووسیه ، له ڕاده ی كۆمه ڵایه تی‌دا ، له لایه ن ئه م جه ره یانانه وه چاوترسێن كراوه و ته نانه ت له باری قودره تی خۆی له نێو خودی چینی كرێكاریشدا تا ڕاده یه كی زۆر له ژێر ته ئسیری ئه م بزووتنه وانه دا بووه . خودی ئه م جه ره یانانه نه ك نوێنه ری بورژوازی بوون. ئه مانه چ تاكه تاكه و چ پێكه وه سه رچاوه ی ڕشته یه ك له بزووتنه وه سیاسی و كۆمه ڵایه تی‌یه كانی مێژووی هاوچه رخمان بوون و هه ركامیان له ده وره یه كدا، له م یان ئه و وڵات ، ده ستیان ڕه سه ر كه وتووه و بوونه ته خه تی حاكم له نێو كۆمه ڵی بورژوایی‌دا. به بڕوای من گه رایشاتی جۆراوجۆری كۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی تا ئێستا زیاتر حاسڵی ئه م گه رایشه به هێزه غه یره كرێكاری‌یه ی نێو كۆمه ڵ و تا ڕاده یه كی كه میش سازان له گه ڵ كۆمۆنیزمی كرێكاری بوون. به پێی ئه وه ی كام یه ك له م گه رایش و بزووتنه وه بنه ڕه تی‌یانه له شكڵ پێدانی ئه م لقانه ی سۆسیالیزمدا ده ور و نه قشیان بووبێت ، ئێمه ش له گه ڵ لقی جۆراوجۆری كۆمۆنیزم و سۆسیالیزم به ره و ڕوو ده بین. په دیده ی ناسیونالیزم له مائوئیزم دا زۆر به هێزه . له حاڵێكدا له ترۆتسكیزم دا ڕیفۆرمیزم و دیموكراسی زه قه و ناسیونالیزم ده ور و نه قشێكی هێنده ی تێیدا نیه . پۆپۆلیزم ، تێكه ڵاوێك بوو له ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزمی تایبه تی وڵاتانی ژێر ده سته و ، لانی كه م له سه ره تاكانیدا ، به شێكی كه متری دیموكراسی تێدا بوو. (كۆمۆنیزم)ی ڕووسی هه روه ك له باسه كانی بۆڵته نی(ماركسیزم و مه سه له ی شووره وی) دا كوتمان، حاسڵی زاڵ بوونی ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزم بوو به سه ر كۆمۆنیزمی كرێكاری‌دا و ئه مرۆ خه ریكه ڕیفۆرمیزمه كه ی به قازانجی دیموكراسی وه لاده نێ. وه ختێك مێژووی چه پی ئێران ده خوێننه وه هه ر ئه م سوننه ته بنه ڕه تی‌یانه ی ڕه خنه ی

بورژوایی دەبینن كە مەشرووتە، جەبهەی میللی و حیزبی توودە، ڕێبازی چریكیو سۆسیالیزمی خەڵكی شكڵ پێ دەدەن. سەردەمدارانی ئەم جەرەیانانە ،ئەمرۆ كە ئیتر گلاسنۆست (سازكردنەوەی ئابووری) هەموو جێگایەكی دنیای داگرتووە، لە بیرەوەرییە سیاسییەكاندا بە ڕۆشنی هەر لە سەر ئەساسی ئەم گەرایشە بنەڕەتییانەی ڕەخنەی بورژوایی لە سەرمایەداری باسی كاڵی بزووتنەوەكان و حیزبیەكانیان دەكەن.

ئەم جەرەیانانە تەنیا دەزگای فكری و مەكتەب نین ، ئەمانە بزووتنەوەی زۆر گەورەی كۆمەڵایەتین و لە جەرەیاندان، ئەمانە بەشێك لە بیرو باوەڕەكانی چینی دەسەڵاتداران كە بیرو بۆچوونی میلیۆنەها ئینسانیان شكڵ پێ داوە. بوونە تە هێزی ماددی و ڕووداوەكانی كۆمەڵی ئەم سەردەمەیان شكڵ پێداوە. فشاری ئەمانە لە سەر سۆسیالیزمی كرێكاری فشارێكی واقیعی و گەورە و بەرینە. ئێمە وەك بزووتنەوەیەكی جیاواز بەرانبەر بەم جەرەیانانە ڕاوەستاوین، ئیختیلافەكانی ئێمە لەگەڵ ئەم گەرایشانە لە سەر سۆسیالیزمی مەوجوود و تا ئێستا لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی جیاوازییەكانمانە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە و جەرەیانە بەرین و بەهێزانەی بورژوازی. بە بڕوای ئێمە ئەم جەرەیانە بنەڕەتییانە بەشیان بە سۆسیالیزم و شۆڕشی كرێكارییەو نیە. لە ئاڵ و گۆڕ پێدانی هەل و مەرجی كۆمەڵایەتیدا كە ڕەنگە كاری شۆڕشی كرێكاری هاسان كردبێتەوە یان دژوار، دەكرێ بڵێی تەئسیریان بووە بەلام لە خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا ، نا. ئێمە بزووتنەوەیەكی سەربەخۆی كۆمەڵایەتین كە لەگەڵ كوللی سەرمایەو هەموو جەرەیان و بزووتنەكانی ڕەخنەگرانەی غەیرە كرێكاری ئەم كۆمەڵگایە لە كێشە داین.

ئەمرۆ سۆسیالیزمی غەیرە كرێكاری لە هەموو لقەكانی خۆیدا تووشی بوحران بووە. زیاتریش لە بەر ئەوەی كە ڕیفۆرمیزم وەك جەرەیانێكی كۆمەڵایەتی و ، وەك سوننەتێك كە ناوەرۆكی ئابووری سۆسیالیزمی غەیرە كرێكاری دابین دەكرد هەموو ئاسۆی خۆی لەدەست داوە و هەر بۆیەش گەرایشەكانی تر، دیموكراسی و تا ڕادەیەكیش ناسیونالیزم ، دەستیان ڕەسەركەوتووە. بەو جۆرەی كە ئەمانە خەریكن دەچنە پێش ، ڕەنگە جەدەلی نەزەری جیددی لەگەڵ گەرایشەكانی تا ئێستای چەپی غەیرە كرێكاری مەوزووعیەتی خۆی لە دەست بدا و ئێمە ڕێك و هاسان ببینە تەرەفی گەرایشە ئەسڵییەكان. بەلام بەهەر حاڵ بەهەر ڕادەیەك كە بۆ تیژتركردنی بیری مێژوویی كرێكار و گەشتر كردنی تێڕوانینی دنیای ئەمڕۆی جەدەل كردن و سنوور كێشان لەگەڵ ئەمانە پێویست بێ ، ئێمە جیاوازییەكمان لەسەر ئەساسی ڕەخنە گرتن لەگەرایشە بنەڕەتییەكانی پێك هێنەری ئەم جەرەیانانە ڕۆشن دەكەینەوە.

ئەمرۆ ئەمە بووەتە مۆد كە شبە ماركسیستەكان بە دوای ئەمە دا بگەڕێن كە كام یەك لە سێ ماددەی سەرەتایی لە سۆسیالیزمەكەیاندا كەم دەكار كراوە. دەیانەوێ سۆسیالیزم دیموكراتیكتر بكەن. جێگایەكی زیاتری بۆ ناسیونالیزم تێدا بكەنەوە و شتی تر . مەكتەبی خۆیانە و هەر كارێكی لەگەڵی دەكەن دەتوانن. بەلام بۆ كۆمۆنیزمی كرێكاری ، هیچ تێكەڵاوییەك لەگەڵ هیچ كام لەم گەرایشانە پێویست نیە ، ڕێك بە پێچەوانە ، وەختی هاتووە كە جارێكی تر ، هەر بەو جۆرەی كە

کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرانبەر بە شەڕی یەکەمی جیهانی ، ناسیونالیزمی کوتاو لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەڵامی دیموکراسی دایەوە ، دیسانیش لە ڕادەیەکی بەرینتری کۆمەڵایەتی دا کۆمۆنیزم لە چنگ هەر جۆرە پاشماوەیەکی نفووزی ئەم جەرەیانانە ڕەها بکەین.

جەرەیانە شبە سۆسیالیستیەکان کە لە ژێر تەئسیری ئەم گەرایشە بنەڕەتیە بورژواییانەدا شکڵیان گرت ، ناچار لە باری ناوەرۆکەوە کوللی مارکسیزمیان لە میسۆد و فەلسەفەوە تا تیئۆری سیاسی و ڕەخنە ئابووریەکەی گۆڕیوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستیەکانیان بێتەوە کردووینەتە شتێکی تر. لە سمیناری چەند مانگ لەوە پێش بۆ باس کردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵم دا بە کورتی تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە بنچینە ئەساسیەکانی تیئۆری مارکس لەو مەیدانە ئەسڵیانەدا باس بکەم. ئەمە تێگەیشتنێکە کە هەرکەس بە هەڵوێستی کرێکارێکی موعتەریزەوە نووسراوەکانی مارکس بخوێنێتەوە پێی دەگا. بە بڕوای من ئیختیلافی ئێمە لەگەڵ ئەو دەرکە نادروست و ڕایجانەی کە لە تیئۆری مارکس دەکرێ ، تەنیا لەسەر ئەو بابەتە کۆنکرێت ترانە نیە کە لە ڕەوتی گەشەو هەڵدانی عەمەلی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا هاتووەتە سەر ڕێگای ، بەڵکوو هەڵدەگەڕێتەوە سەر بنەڕەتەکانیان . من لێرەدا تەنیا ئیشارە بە چەند ئیختیلافی ئەساسی دەکەم.

یەکەمین جیاوازی نەزەری ئێمە هەڵدەگەڕێتەوە سەر شێوەی هەڵسەنگاندنی مێژووی تا ئێستا ، بەشێوەیەک کە کۆمۆنیزمی ڕابووردوو لە خۆی دەگەیشت و بە خۆی دەناساند . کۆمۆنیزمی تا ئێستا لە کوێ بە شوێن مێژووی خۆیدا دەگەڕێ. ئەمە نیشان دەدا کە هی کام گۆشەی واقیعی کۆمەڵە . من تێ ناگەم بۆچی هەرکەس لە ژێر ئاڵای داس و چەکوش دا وە دوای داڕشتنی بەنامەی ئابووری میللی و ڕێکخستنی کاری بەکرێ لە وڵاتی خۆیدا کەوتووە ، ویستوویەتی مافی میللی وەدەست بێنێ ، بەشوێن خواردنی نان و ماست و پەنیری خاکی پاکی نیشتمانەکەیەوە بووە، داوای دیموکراسی کردووە ، یان لە کۆمەڵی (لە سەنعەتی واوەتر) دا هەستی بە (بێگانە بوون لەگەڵ خۆی) کردووە، دەبێ بە بەشێکی مێژووی کۆمۆنیزمی بزانین،بەڵام مانگرتنی مەعدەنچی ئینگلیسی کە ساڵێکی تەواو دەگڕ کوللی بورژوازی بە پۆلیسیەوە تا نووسەری ڕۆچووە لە مێژووی یونیونیزمدا بنووسین یان بزووتنەوەی شوورایی کرێکاری لە فلان وڵاتەدا بە مێژووی ئانارشیزم و ئانارکۆ سەندیکالیزم لە قەڵەم بدەین . کەوابێ ، یەکەمین ئیختیلافی ئێمە لەگەڵ کوللی سۆسیالیزمی تا ئێستا ، لەسەر خودی مێژووی کۆمۆنیزمە . نەک هەر مێژووی ڕابووردوو، بەڵکوو مێژووی زیندووی ئەمڕۆ کە لە پێش چاوی هەمووان جەرەیانی هەیە . بۆ ئێمە مێژووی زیندووی کۆمۆنیزم نەک مێژووی مەکتەبێک بەڵکوو مێژووی ئیعترازێکی چینایەتیە . کاتێک لەم دەربیجەوە دەڕوانین ، تازە تێدەگەین کە ئەم جەماعەتە چییان بەسەر خودی مەکتەبەکە هێناوە و چۆن ئەمڕۆ سەرەڕۆیانە ، کاتێک بزووتنەوەکەیان گەیشتووەتە ئاخر، خەریکن کۆتایی پێهاتنی ماکسیزم ، یانی کۆتایی پێهاتنی ڕەخنەی کرێکار لەسەرمایەداریش ڕادەگەیەنن . ئەم تێڕوانینە جیاوازەی مێژووی کۆمۆنیزم نەک هەر دەبێتە هۆی ئەوەی سیناریۆی تا ئێستا و پرۆبلماتیکەکانی تا ئێستا قەبووڵ نەکەین، بەڵکوو هەر ئەمڕۆش ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرین و تەواو جیاواز لە گیرو گرفتە نەزەری و عەمەلیەکان

بەرەو ڕوو دەکا کە کۆمۆنیزمی مەوجوود و گەرایشە جۆراو جۆرەکانی ئەسڵەن ناچنە سەریان . بەشێک لە ئیختیلافەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم جەرەیانانە بەناچار خۆی لەو شتانەدا نیشان دەدا کە ئەمانە نایڵێن و تێی ناگەن.

جیاوازیەکەی دیکەمان لەسەر خودی سۆسیالیزمە . سۆسیالیزم چیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمە دیاری دەکا کە ئینسان دەردی لە کۆمەڵی مەوجوود دا چیبێ . مارکس ، لە دەریبچەی بەرژەوەندی ڕۆشنی کرێکارییەوە، ئەم دەردەی بە نیزامی کاری بەکرێ و مالیکییەتی بورژوایی بەسەر ئامرازو وەسایلی بەرهەم هێنان دا دەزانی و هەر بۆیەش سۆسیالیزمی وەک بە ئاخر گەیاندنی ئەم وەزعە، وەک هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەتی بەکرێ و پێک هێنانی کۆمەڵێک لەسەر ئەساسی مالکییەتی هاوبەش ، باس دەکرد. مارکس توانی لەسەر ئەم ئەساسە هەموو بەڵاو مەینەتەکانی بەشەر، لە بێ مافی سیاسی و نائەمنی ئابوورییەوە تا کۆیلەتییەکەی لە چنگ پەیوەندە کۆمەڵایەتیەکانی بەرواڵەت غەیرە قابیلی دەرک و خورافاتی فکری، شی بکاتەوەو ڕەخنەیان لی بگرێ. سوسیالیزم ڕزگاری کاملی ئینسانە لە هەرجۆرە بێبەشی و کۆیلەتیەک و سەرکەوتنی ئینسانە بە سەر چارەنووسی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیدا . بەڵام ئەمانە هەمووی تەنیا بە نابوود کردنی سەرمایە، وەک هێزێکی بەدەر لە کۆنترۆڵی بەرهەم هێنەری ڕاستەوخۆو دژ بەکرێکاری کرێ گرتە، دەکرێ. بەڵام گەرایشەکانی دیکە ئەمە گیرو گرفتیان نییە . بۆ بەشێکی هەرە زۆریان سۆسیالیزم وەڵامی (ئانارشی بەرهەم هێنان)ی نیزامی سەرمایەدارییە، یان ستراتیژییەکی تایبەتە بۆ گەشە پێدانی هێزە بەرهەم هێنەرەکان. بەپێی سوننەتی ئەم جەرەیانانە سۆسیالیزمیان بە دەوڵەتی کردن و بەرنامە داڕشتن لیّ حاڵی بووە. کەوابێ سۆسیالیزمی ئەمانە ئاڵای بزووتنەوەیەکی دیکەیە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کە نەک لە ڕەخنەگری لە پەیوەنی نێوان کارو سەرمایە، نەک لە ڕەخنەگری لە نیزامی کرێ گرتەوە، بەڵکوو لە ڕەخنەگرتن لەکەم و کوورپەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی سەرمایەداری کۆنترۆڵ نەکراوەوە بۆی دەچێ. کەوابێ جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئەم کۆمۆنیزمە غەیرە کرێکارییە، هەر لە ئەساسی ئەوە دایە کە مارکس لەمانیفێستی کۆمۆنیست دا وەک ڕەخنە لە سۆسیالیزمی بورژوایی باسی دەکا . ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە سۆسیالیزمە بورژواییە ئاڵای مارکس و مارکسیزمی هەڵگرت ، هەڵبەت نیشانەی بەهێز بوونی مارکسیزم وەک مەکتەبێکی فکری و بەهێز بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئەوە ، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی سوسیالیزمی بورژوایی نەگۆڕی . ئەمڕۆ ئەمانە دەست لە مارکسیزم بەر دەدەن چوونکە بزووتنەوەکەیان بۆ ئیسلاح کردنی سەرمایەداری بەو شێوەی کە دەیانەویست نەچووە پێش و شکستی بەسەرهاتووە، بەڵام مەینەتەکانی نیزامی سەرمایەداری و ڕەخنەی کرێکار ، چ لە ئاستی نەزەری دا و چ لە کردەوەی ڕۆژانەی کوللی کۆمەڵدا ، هەروەک خۆی ماوە و لە جێی خۆیەتی. ئەوەی کە ڕەخنەی ئێمە لە نیزامی مەوجوود چیە و بەناچار سوسیالیزم نەفی کردنەوەی چ وەزعیەتێکە ئیختیلافێکی میحوەری کۆمۆنیزمی کرێکاریە لە گەڵ لقە جۆراو جۆرەکانی کۆمۆنیزم و سوسیالیزمی ئێستا. ئەم ئیختیلافانە لەسەر ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵی مەوجوود و لەسەر سۆسیالیزم

وەک وەزعیەتێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی، خۆی سەر چاوەی زنجیرە ئیختیلافاتێکی بەرنامەیی و سیاسی بنەڕەتییە لە نێوان ئێمەو جەرەیانەکانی تردا . ئەمە لە بەرنامەی ئێمە دا خۆی ، لە لیکدانەوەی ئەرکەکانی شۆڕشی کرێکاری و دەستە بەندی نەزەری و کۆمەڵایەتی چەپ دا نیشان دەدا. لە باسی تەجرەبەی شوورەوی لە بۆڵتەنەکاندا ئێمە نموونەیەک لەم ئیختیلافی بۆچوونانە دەبینین. لە هەڵسەنگاندنی مێژووی چەپی ئێرانیش دا هەروەها ، لە تێگەیشتنمان لە بنەماکانی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستیشدا هەروەها، بەشێکی زۆر لەم ئیختیلافە نەزەری و سیاسیانە هەر لەو دەورەیەدا دێنینە گۆڕو باسیان دەکەین.

ئیختیلافێکی دیکەمان لەگەڵ ئەو گەرایشانە کە بە کۆمۆمیست و سۆسیالیست ناسراوون، یان بە ووتەیەکی تر خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، مەسەلەی بەرخورد لەگەڵ ئیسڵاحاتی ئابووری و کۆمەڵایەتیو بەرخورد بە خەباتی ئابووری چینی کرێکارە. من ئەم موشکیلەیە بە یەکێک لە ئەساسیترین پایەکانی جیاوازی لقەکانی کۆمۆنیزمی مەوجوود لە گەڵ کرێکارو ئیعتیرازی کرێکاری و یەکێک لە زەمینەکان و ڕێرەوە ئەسڵیەکانی بە تاک کەوتنەوەی .چەپی ڕادیکاڵ لەم دەورەیەدا دەزانم . بۆ ئێمە خەباتی ئابووری کرێکارو هەوڵدانی بەردەوام بۆ باشتر بوونی وەزعی چینی کرێکار لە ڕێگای داسەپاندنی ئیسلاحاتی ئابووری و سیاسی بەسەر بۆرژوازی دا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی کرێکاری و بەشێکی لە پێشدا سەلمێندراوە. مەسەلەی پەیوەندی شۆڕشی کرێکاری لەگەڵ ئیسڵاحات و لە گەڵ خەباتی ڕۆژانەی ئابووری چینی کرێکار بۆ ئێمە گرێژنەیەکی ئەساسی یە لە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی دا . سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە تا ئێستا بەرامبەر بەم مەسەلەیە پشتی لەعەرز دراوە. ئەو جەریانانەی کە لە ڕواڵەتدا بایەخیان بە خەباتی ئابووری بۆ پێکهێنانی ئیسلاحات داوە ، کە ئەمە پتر خەسڵەتی جەرەیانەکان خەتی ڕەسمی کۆمۆنیزمە تا پێش شەستەکانی زایینی ، ئەساسەن وەک جەرەیاناتێکی ڕیفۆرمیست کاریان کردووە. ئەوەی کە ئەمانە گەرایشیان بەرەو ئەوە بووە کە لە خەبات بۆ پێک هێنانی ئیسلاحات دا بەشداری بکەن سەرچاوەکەی لەوە دایە کە ئارمان و مەسەلەی شۆڕشی کرێکاریان <u>وەلاناوە</u> . جیناحی چەپی بورژوازی هەمیشە لە مەیدانی خەبات بۆ پێک هێنانی ئیسلاحات دا هەڵسووڕاو بووەو ئەمانەش سوننەتی سیاسی ئەم بەشە لە کۆمەڵ بوون. لە بەرانبەر ئەمەدا ، ئەو چەپە ڕادیکاڵەی کە بە ڕەخنە گرتن لە خەتی ڕەسمیەوە هاتە مەیدان ، جا چ بە شێوەی مائۆئیزم بووبێت ، یان تا ڕادەیەک تروتسکیزم ، یەکەم ئەوەی کە لە خەباتی ئابووری ڕۆژانەی چینی کرێکار براو مەرکەزی هەڵسووڕانی ڕەسمەن بردە نێو ڕووناکبیرانی کۆمەڵ و دووهەم ، دەوری ئیسلاحاتی خەت کێشا. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ( سەرمایە داری ناتوانێ ئیسلاحات بکا ) بووە یەکێک کە پایەکانی خۆ بە شۆڕشگێڕ نواندنی ئەمانە . هەموو شۆڕشگێڕیەکەیان شتێک نەبوو جگە لە داسەپاندنی ئیسلاحاتێکی ئابووری و ئیداری و فەرهەنگی بەسەر بورژوازیدا، بەڵام لە ئاستی نەزەری و لە پراتیکی عەمەلیدا، خەبات بۆ پێک هێنانی ئیسلاحات لە فەرهەنگی سیاسی ئەمانەدا بووە کفرێکی گەورە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە بۆ شۆڕشی کرێکاری و کۆمونیستی . ئێمە پێمان وایە ئەم شۆڕشە هەر ئێستا دەکرێ و

لە دەستوور دایە. بەڵام وەک چینێکی ژێر دەستە ئێمە بۆ هەر رادەیەک لە باشتر بوونی ئەوزاعی کۆمەڵایەتی بە قازانجی چوونە سەری قودرەتی سیاسی و ئابووری و چوونە سەری کەرامەتی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش و بۆ بەرفراوان بوونەوەی فەزای سیاسی و فەرهەنگی کە خەباتمان هاسانتر کاتەوە لێبڕاوانە خەبات دەکەین. لە مەیدانی خەبات دا بوون بۆ باشتر بوونی ئەوزاع، شتێکە کە هەر لە هەوەڵەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوویەتی و پێش فەرز بووە، کارێک نیە کە بە پەسەند کردنی بڕیارنامەیەکی تایبەت بینێیتە دەستوور. ئێمە هەم حکوومەتی کرێکاریمان دەوێ و هەم زیاد بوونی لانی کەمی حەقدەستەکان، هەم بە نیازی ئیشتراکی کردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەم هێنانین و هەم دەمانەوێت تەمەنی باز نشت بوون کەم بکرێتەوە. هەم دەمانەوێ لە دژی حکوومەتە بورژواییەکان قیام بکەین و هەم بیمەی بێکاریمان دەوێ. بۆ ئێمە بەرابەری مافی ژن و پیاو گرینگە، جیایی مەزهەب لە دەوڵەت گرینگە، فێر بوونی سەواد گرینگە، بیهداشت گرینگە، ئازادی بەیان و مافی فەردی گرینگە، چوونکە پێویستی ئەمانەمان لە کتێب دەر نەکێشاوە بەڵکو لە ژیانی رۆژانە ماندا وەک چینێک هەستمان پێ کردووە. ئەمە ئەو لایەنەی مارکسیزمە کە چەپی رادیکاڵی غەیرە کرێکاری قازانجێکی لە تێگەیشتنی دا نەبووە. بە قەولی مارکس، خەسڵەتی تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەیە کە بۆ (بردنە پێشی کوولی بزووتنەوەی چینایەتی) لە هەموو قۆناغەکان و دەقیقەکانی دا هەوڵ دەدا.

لە زەمینەی تیئۆری تەشکیلات، پەیوەندی نێوان حیزب و چینی کرێکار، خەسڵەتەکانی حیزبی چینایەتی، پایە گشتیەکانی تاکتیک، تێگەیشتن سەبارەت بە ئەنتەرناسیونالیزم و شتی تریش زۆر ئیختیلافی ئەساسیمان لەگەڵ گەرایشە جۆراو جۆرەکانی سۆسیالیزمی تا ئێستا هەیە.

ب.س: ئیجازە بدە با هێندێک بگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی پێشوو کە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئیسلاحات باست کرد. بە بڕوای من لێرەدا لانی کەم لە چاو پێکەوتنی هەوەڵدا ناکۆکیەک وە بەرچاو دەکەوێ. لە وەڵامی پرسیاری پێشووداو، هەروەها هەڵبەت لە سیمینارەکەشت دا سەبارەت بەم مەسەلەیە، بە بارێکی مەنفیەوە باسی دیموکراسی و ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزمت کرد. ئەمانەت بە جەرەیاناتێک دانا لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە لە لایەکی تریشەوە تەئکید دەکەیە سەر گرینگی خەبات بۆ پێکهێنانی ئیسلاحات. ئەمانە چۆن پێکەوە ڕێک دەخەیت؟ ئایا یەکیان پێویستی بە دوور کەوتنەوە لە بزووتنەوە دیموکراتیک و ئیسلاحی خوازەکان و ئەوی تریان پێویستی بە لێ نزیک بوونەوەیان نییە ؟

م.ح: ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە. پێم وایە ئەم ناکۆکیە لەو بۆچوونەی چەپی ڕادیکاڵی تائێستا دایە کە سەبارەت بە مەسەلەی ئیسلاحات لە کۆمەڵی سەرمایەدا بوویەتی. ئەگەر قبووڵ بکا ئیسلاحات باشە، ئەوکات خۆی ناچار دەبینێ کە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی، کە گوایە خاوەن ئیمتیازی خەبات بۆ ئیسلاحاتە، بگرێتە باوەش، ئەگەریش بیەوێت دوورە پەرێزی لی بکا، ئەگەر بیەوێ لە مەیدانی سیاسی دا هێزێکی سەربەخۆ بێ، ئەوجار دەبێ ئیسلاحات وەلا نێو ببێتە جەرەیانێکی مالیخولیای

بە تاک کەوتەی قەراغ کۆمەڵ و بێ تەئسیر لەسەر ئەوزاعی عەینی. پرسیارێکی کە هەیە ئەوەیە کە کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری چ نوقسانێکی زگماکی هەیە کە لە ڕوانگەی ئەمانەوە ناتوانێ خۆی ئاڵای ئیسلاحاتی کۆمەڵایەتیش بەرز بکاتەوە؟ ( لە حاڵێکدا کە واقعییەت ڕێک بە پێچەوانەی ئەم خەیاڵەی سەلماندووە ). هەروەک باسم کرد باشتر کردنی ئەوزاعی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە چوارچێوەی هەر ئەم نیزامە مەوجودەدا کارێکی هەمیشەیی کرێکار و سۆسیالیزمی کرێکارییە. ئەوە پێش فەرزی وجوودی سۆسیالیزمی کرێکارییە وەک جەرەیانێکی شۆڕشی کرێکاری. بۆچی بە دەستەوە گرتنی ئاڵای لابردنی ستەمی میللی دەبێ کرێکار لە ناسیونالیزم ، وەک مەسەلەیەک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێک لە بورژوازی ، نزیک بکاتەوە؟ بۆچی داخوازی پەرەپێدان و بەرین کردنەوەی مافە سیاسییەکانی ئینسان لە کۆمەڵی مەوجوود دا دەبێ کرێکار وەشوێن دیموکراسی بورژوایی ، وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن سەرەو بەرە و خاوەن ئاڵای چینی حاکم بخات.

بە بڕوای من تا ئەو جێگایەی خەریکین لە ئاستی نەزەری داقسەی لێدەکەین ، ئیشکال لەو ڕوانگە غەیرە ماددی و غەیرە مێژووییەی چەپی ڕادیکاڵدا یە کە سەبارەت بە کۆمەڵ هەیەتی. چەپ لە بیری دەچێتەوە کە بیرو باوەڕی حاکم لەنێو کۆمەڵدا و ، ئەو پرنسیپانەی کە بە ڕواڵەت لە خودی بەشەرەوە سەرچاوەیان گرتووە ، بیرو بۆچوون و پرنسپەکانی چینی دەسەڵاتداران ، ئەمانە شکڵ و شێوەیەکی تایبەت و دیاری کراون کە بورژوازی ئارمان و ئامانجەکانی ئینسانی لە قاڵبی ئەمانە دا خستوەتە بەرچاو. ئازادی پەدیدەیەکە و ئارمانێکە بەڵام دیموکراسی بزووتنەی بورژوازی یە بۆ ئازادی و لەسەر ئەساسی ڕوانگەی بەرتەسکی بورژوا سەبارەت بە ئازادی دانراوە. دیموکراسی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە، بە تەفسیرێکی تایبەتەوە سەبارەت بە ئینسان ، سەبارەت بە کۆمەڵ و ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێ تێیدا دامەزرابێ . دیموکراسی ناوێک بۆ ئازادی خوازی بە شێوەیەکی گشتی نییە ، بەڵکوو ڕیوایەتێکی تایبەتە لە ئازادیخوازی کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵ ، بورژوازی ، بە دەستەوەی داوە. کرێکار ئازادی دەوێ. بەڵام بۆچی دەبێ ڕیوایەتی بورژوازی لە ئازادی قەبووڵ بکا و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی بە بزووتنەوەی بورژوایی پەیوەست بێ. دیموکراسی حاڵەتێکی تایبەت لە سۆسیالیزم نییە . تەسویرێکی دوو بعدی و سیاسی لە ئارمانە سێ بعدیو کومەڵایەتی-ئابوورییەکانی کرێکار نیە . حاڵەتێکی گشتیی کۆمەڵایەتییە ، بە پێش فەرزە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. دیموکراسی وەک مەقوولەیەک دەبێ لە کتێبی فەرهەنگی سیاسی دا بدۆزرێتەوە . بەڵام ، وەک بزووتنەوەک ، ناوەڕۆکی دیموکراسی ئیتر هەر نەک سیاسەت ، بەڵکوو ئینسان و کۆمەڵی ئینسانییە بە گشتی و بە هەموو لایەنە ئابووری، سیاسی حقووقی، ئیداری و ئەخلاقی و شتەکانی تریەوە. ئەگەر دیموکراسی وەک بزووتنەوەک خۆی لە سیاسەت و بەڕێوە بردنی کۆمەڵدا قەتیس دەکا و ڕواڵەتی بزووتنەوەیەک بۆ بە دەست هێنانی ئیسلاحاتی سیاسی و ئیداری بە خۆ دەگرێ لەبەر ئەوەیە کە مەوقعیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی مەوجوودی بە فەرز گرتووە و دەیهێڵێتەوە. دیموکراسیش وەک

بزووتنەوەک ، ڕێک وەک سۆسیالیزمی کرێکاری ، نەک هەر سەبارەت و مافی سیاسی فەرد ، بەڵکوو سەبارەت بە کوللی کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی حوکم دەکا. بەم جۆرە ، سۆسیالیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەک و دیموکراسی وەک بزووتنەوەک یەکتر کامڵ ناکەن، بەڵکوو لەگەڵ یەکتر لە کێشەدان. گەشەو هەڵدانی سۆسیالیزمی کرێکاری بێگومان بە مانای داکوژانی دیموکراسی ، ناسیونالیزم و ئەوانەی ترە وەک بزووتنەوەی جۆراو جۆری کۆمەڵایەتی.

دیموکراسی وەک ئارمانێک ، تەسویر کردن و بەیان کردنێکی تایبەتە لە ئازادی بە شێوەی گشتی . ئەمە شێوەیەکی تایبەتە کە چینێکی دیاری کراو، بورژوازی ، لە ڕەوتی مێژوودا بەم شێوەیە قسەی لە ئازادی کردووە. مارکسیزمیش بە زمانی خۆی قسە لە ئازادی دەکا . لێکدانەوەی مارکسیستی لە ئازادی ئینسان و پەیوەندی نێوان فەرد و کۆمەڵ ڕەخنەیەکی توندو تیژتریشە لە دیموکراسی . مارکس لە ئینسانەوە دەست پێ دەکا نەک لە کەمایەتی و ئەقەلییەت و ئەکسەریەتەوە. لە ڕاستیدا تەنیا ڕێگایەکی کە بورژوازی بۆ سازان لەگەڵ ئارمانی ئینسان و بەرابەری ئینسانەکان هەیەتی، هەر ئەوەیە . یانی پتەو کردنەوەی مەوقعییەتی نابەرابەریان لە بەهەم هێنان داو ، پێک هێنانی ڕواڵەتێک لە بەرابەری درۆینەی. حقووقی لە نێو ئەفراددا. دیموکراسی لە ئینسانەوە وەک مەوجوودییەتێکی بە فەرز گیراو ، موعتەبەر و موقەددەس ، دەست پێناکا، بەڵکوو لە فەردەوە وەک واحیدێک کە دەبژێردرێت ، بۆی دەچێ . ئینسان لە دیموکراسی دا تا ڕادەی ڕەئی دەکێشرێتە خوار. دیموکراتەکانی ئێمە ئەمڕۆ لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە بە ڕەسمی ناسرانی کرێکار و ژن و کۆچەرو سورپێست و ڕەش پێست وەک کەسانێک کە دەبژێردرێن ، وە ئەوەی کە دیموکراسی ئەمانەشی گرتۆتە بەر خۆی حاسڵی دەیان ساڵ خەباتی غەیرە دیموکراتیکی ئینسانەکان بووە لە دژی دیموکراسییەکانی مەوجوود، کە تازە زوربەی هەرەزۆری ئەم دیموکراسییانەی کە قیبلەی ئەمانەیە ، هێشتا عەمەلی پێ نەکراوە. بۆ نموونە تازە دیموکراتەکانی ئێرانی لە دەرەوەی وولات ، لە بیریان چۆتەوە کە خۆیان لە لانکی دیموکراسی دا وەک کۆچەر چکۆلە ترین مافێکیان بۆ ڕەئی دان لە هەمان هەڵبژاردنی چەند ساڵ جارێکی نێوان میترانەکان و لوپەنەکان و تاچەرەکا ن و کیناکەکان دا نییە . تازە گومانم لەوەدا نییە کە زوربەیان لە ئێرانی دیموکراتیکیاندا مافێکی ئاوا نادەن بە کۆچەرە ئەفغانییەکا. ئەمانە لە بیر خۆیانی دەبەنەو کە ڕەئییەک ، یانی ئینسانێک بۆ دیموکراسیش هەر بە قەد ئیستیبدادی ترین و ملهوڕترین نیزامەکان بێ بایەخ و بێ تەئسیرە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئینسان ، وەک ئینسان ، بایەخێکی بۆ دیموکراسی نییە . ئەمانە لە بیر خۆیانی دەبەنەوە کە بورژوازی لە هەر کوێ مافی ئینسان بە مانای واقیعی ووشە ، وە مەسەلەی بەرابەری ئینسانەکان، بە شێوەی واقیعی هینرابێتە گۆڕ ، چوون هەر لەو مانایەی دیموکراسی و ڕەئییە کەڵکی وەرگرتووە و لە دژی ئازادی و ئازادی خوازی بەکاری هێناوە. ئەمانە لە بیر خۆیانی دەبەنەوە کە دیموکراسی لە هەر سات و کاتێک دا سەنگ و سووکی نێوان هێزەکانە کە لە نێوان ئینسان و کۆمەڵی دژی ئینسانی بورژوازیدا دامەزراوە. من ئێستا بەسەر باسی ئەسڵی مارکسیزم دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئازادی سیاسی و مافی فەردی لەگەڵ ژێر

بیینای ئابووری و پێویستی گۆڕینی ئابووری کۆمەڵ بۆ وەدی هێنانی ئازادی ئینسانەکان، تێدەپەڕم چونکوو پێم وایە هەموو مارکسیستێک ئەمەی لەبەرە.

بە هەر حاڵ ئێمەی کۆمۆنیست بۆ ئازادی خواز بوون پێویستیەکمان بە سازان لەگەڵ دیموکراسی و دەرس وەرگرتن لە دیموکراسی نییە. ئێمە لە هەڵوێستی ئازادی و بەرابەری ئینسانەکانەوە ڕەخنە لە دیموکراسی دەگرین. بۆ ئێمە ئینسان ئەسڵ و بنەڕەتە. ئێوی ئازادی خوازیی ئێمە، ئێوی باوەڕمان بە مافی تێکڕا و فەردی ئینسانەکان، وەک ئاڵای خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی ئازادی و بەرابەری، سوسیالیزمە. ئێمە لە مافی ئینسان، نەک هەر لە لایەنە حقووقی و سیاسیەکەیدا، بەڵکوو لە بنەڕەتی ترین لایەنە ئابووریەکاندا دیفاع دەکەین چوونکە سۆسیالیستین.
وە ئەمە ئەسڵێکی پرەنسیپی ئێمەیە تەنانەت ئەگەر بورژوازی لە هەموو خەڵکی دنیاش لە دژی ئەم مافانە ڕەئی وەرگرێ.

ناسیونالیزم مەسەلەکەی لەوەش ڕۆشنترە، چوونکو ئەمەیان تەنانەت ووشەیەکی کورت کراوە یان ڕیوایەتێکی نیوە و نیوە چڵی یەکێک لە ئارمانە حەقخوازانە و بەرابەری خوازەکانی ئینسانیش نییە. بڕوانن بزانن ناسیونالیزم چ پەیامێکی بۆ خەڵکی بێ بەشی جیهان هەیە. هەموو ناوەڕۆکی ناسیونالیزم پشتیوانی لە چینی دەسەڵاتداری نێو خۆیە. لە چەوسانەوەکەیدا، لە شەڕەکەیدا، لە ڕەواج دانی خورافاتەکەیدا، لە پێ شێل کردنی مافە ئینسانیەکاندا. ناسیونالیزم وەک بزووتنەوەک و حەڕەکەتێکی سیاسی وەسیلەیەکە بۆ دیاری کردنی تەکلیفی نێو خۆی بورژوازی لە ئاستی جیهانی داو کێشمەکێشی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینە لەسەر بەش وەرگرتن لە ڕەوتی کۆما کردنی سەرمایەدا. ناسیونالیزم ئایدیۆلۆژی ڕەسمی ئەمپریالیزم بووە. ئەوەی کە ناسیونالیزمی بورژوازی لە وولاتی ژێر دەستەدا، یان لە نێو میللەتانی ژێر دەستەدا، لە دەورەیەکی کورتی مێژوودا کەوتوەتە بەرانبەرکێ لەگەڵ هێندێک لایەنی ئەمپریالیزم بووەتە هۆی ئەوەی چەپی غەیرە کرێکاری کە خۆی مایەی لە ناسیونالیزم وەرگرتووە حیساب و کتابێکی تایبەت بۆ ناسیونالیزم بکاتەوە و پاکانەی بۆ بکا. بەڵام کرێکاری کۆمۆنیست و، مارکسیزم، سەر و سیمای بورژوازی لە ناسیونالیزم دا دەبینێ نەک هیچ شتێکی تر. بە بڕوای من ناسیونالیزم وەک فکرێک و گەرایشێک، بەشێک لە خورافاتی دەورانی تێنەگەیشتوویی ئینسانە کە دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ. لە باری فکریەوە ناسیونالیزم یانی دابڕانی ئینسانەکان لە خەسڵەتە هاوبەشە ئینسانی و جیهانیەکانیان. ناسیونالیزم ناکۆکی لە گەڵ ئەسڵی ئەساڵەتی ئینسان هەیە. حاسڵی کۆمەڵایەتی ناسیونالیزم بە هەر حاڵ پارچە پارچە بوونی چینی کرێکار و کز و لاواز بوونی ئۆردووی شۆڕشی کرێکاریە. کرێکارێک کە لە جیاتی ئەوەی وەک ئینسان و کرێکار باسی خۆی بکا، خۆی بە بریتانیایی، تامیل، هیندی یان ئێرانی و شتی تر دەزانێ، هەر ئێستا ملی بۆ قەبووڵکردنی کۆیلەتی و بێ مافی کەچ کردووە. هەستی ناسیونالیستی بە بڕوای من هەستێکی بە ڕاستی پڕ لە شەرم و شوورەییە و نەک هەر بە هیچ جۆر لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاری یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ئەساسدا لەگەڵ هیچ جۆرە گەشە و هەڵدانێکی مەعنەوی ئینسان نایەتەوە.

ڕیفۆرمیزم له ڕواڵه ت دا جه ره یانێکه که ده توانێ نیشان بدا وه زعی ماددی باشتر ده کا. هه ر هیچ نه بێ ڕۆژگار له ١٦ سه عاته وه داشکاوه ته سه ر ١٠ سه عات و ٨ سه عات ، هه ر هیچ نه بێ شتێک به ناوی بیمه ی بێکاری له هێندێک شوێن په سه ند کراوه. هیچ نه بێ خه ریکن ژماره یه ک له منداڵه کانمان واکسینه (تلقیح) ده که ن و شتی تر . من ئه مانه به ئیمتیازێک بۆ بزووتنه وه ڕیفۆرمیستیه کان نازانم. دانه دانه ی ئه م ئیسلاحاته م به گیان و دڵه وه ده وێ ، به لام ئه و جه ره یانه کۆمه لایه تیه ی که له باره گای بورژوازی بۆ ئینسان ده پارێته وه و به ئێین ده دا ده ست له بنه ڕه تی کۆمه ڵی مه وجوود نه دا و ئه ساسی ئه م نیزامه داده پۆشێ و به باشی له قه ڵه م ده دا، تا هێندێک ئیمتیازی وورد له بورژوازی وه رگرێ ، بزووتنه وه ی کرێکاری ئاخری سه ده ی بیسته م نییه . ڕیفۆرمیزم ئاسۆی خه باتی کرێکاری بۆ ئاڵ و گۆڕ پێدانی کۆمه ڵ لێڵ و به رته سک ده کاته وه. ئیسلاحاتی تا ئێستا حاسڵی خه بات و فشاری شۆڕشگێڕانه ی کرێکار و جه ماوه ری بێ به ش و بێ مافی کۆمه ڵه ڕیفۆرمیزم ئه م خه باته و ئه م فشاره به ربه ست ده کا . سۆسیالیزمی کرێکاری خۆی ڕاسته وخۆ و به بێ پێویستی به هیچ واسته یه ک ده توانێ بۆ ئه م ئیسلاحاته به سه ر بورژوازی دا خه بات بکا. به لام بۆ ئێمه ئه م ئیسلاحاته ته نیا گۆشه یه کی ئه و شته یه که بزووتنه وه ی ئێمه ده توانێ بیهێنێته دی . ئه گه ر به ده ست ئێمه بوایه ، ئه گه ر به ده ست کرێکارو سۆسیالیزمی کرێکاری بوایه ، هه ر چه ند ده قیقه منداڵێک له سوودان و به نگلادیش و له زاخه کانی پایته خته کانی دیموکراسی و ڕیفۆرمدا له بێ نانی و بێ ده رمانی نه ده مرد. ئه گه ر به ده ست ئێمه بوایه خۆراک و پوشه مه نی و مه سکه ن و سه واد و بیهداشت و ئه منییه تی ئابووری وه ک ئه و هه وایه ی که به هه ناسه هه ڵی ده مژین به خۆڕایی و له به ر ده ستی هه مووان بوو. ئه گه ر به ده ست ئێمه بوایه لێهاتوویی و خوڵقێنه ری تاکه تاکه ی ئینسانه کان ، نه ک هه ر زیندوو مانه وه ، ده بووه قانوونی ئه ساسی کۆمه ڵ. ئه مانه هه موویان هه ر ئه مرۆ ده کرێن. نابێ له م باره یه وه هیچ ناڕۆشنیه کمان ببێ . هێزی به رهه م هێنانی به شه ر ئه مرۆ گه یشتووه ته ڕاده یه ک که ئیتر ناکرێ مانه وه ی مه ینه ته ئابووری و کۆمه لایه تیه کان به هیچ شتێکی تر جگه له په یوه نده کۆمه لایه تیه مه وجووده کان مه ربووت بکرێته وه . ڕیفۆرم هه ر ئه وه مان لێ ده شارێته وه . چاوه ڕوانی ئینسان بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆ ڕ که م ده کاته وه و ئیعترازی داده مرکێنێ.

سۆسیالیزمی کرێکاری له هه وڵدانی دا بۆ ئازادی سیاسی و ئیسلاحاتی کۆمه لایه تی ، بزووتنه وه یه که که له سه ر پێی خۆی ڕاوه ستاوه. خه باتی ئێمه بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمه لایه تی ، شۆڕشی کرێکاری ، نابێته هۆی ئه وه که بزووتنه وه ی ئێمه مه یدانی خه بات بۆ باشتر بوونی به رده وامی ئه وزاع به بزووتنه وه کۆمه لایه تیه کانی چینه کانی تر بسپێرێ . له و مه یدانه ش دا ، یانی له مه یدانی خه بات بۆ باشتر بوونی ئه وزاعی سیاسی و ئابووری خه ڵکدا ، سۆسیالیزمی کرێکاری مووده عیه ک و ئاڵترناتیڤێکی سه ربه خۆیه .

به م مانایه یه که من سۆسیالیزمی کرێکاری نه ک هه ر له گه ڵ کۆمه ڵی بورژوایی ، به ڵکوو له گه ڵ ڕه خنه گره بورژواکانی کۆمه ڵی بورژوایی و له گه ڵ بزووتنه وه غه یره کرێکاریه کان که بۆ پێک

هێنانی شەرت و مەرج و ئیسلاح کردنی کۆمەڵی بورژوایی وەڕێ کەوتوون لە کێشە دا دەبینم. ڕێک لە بەر ئەوەی باشتر بوونی ئەوزاعی سیاسی و ئابووریمان بەلاوە گرینگە، ناتوانین مەیدانی خەبات بۆ ئەم مەبەستە بسپێرینە دەست ئەو بزووتنەوانە کە وەعدەی سەرو گوێ کراوترین و بێ ناوەڕۆکترین ئاڵ و گۆڕ دەدەن. وە تازە بەم کارەیان کوللی سیستەمی مەوجوود لە ژێر ڕەخنەی پراتیکی ی چینی کرێکار دەرباز دەکەن و دەی هێڵنەوە.

ئایا ئەمە بە مانای لەگەڵ جووڵانەوەیەکی دوژمنانە یان خۆپارێزانە لە عاست بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکانە کە بۆ ئیسلاحات هەوڵ دەدەن؟ نەخێر، هەرگیز. ناکرێ بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕ خەبات بکەی و چنگ و ددان نیشانی ئەوانە بدەی کە بە هەر بەرژەوەندێکەوە، هەمان ئاڵ و گۆڕ یان بە شێکی ئەو ئاڵ و گۆڕەیان دەوێ. باسی من لێرە لەسەر پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی هەرکامیان لەگەڵ خەڵک و بە تایبەت لەگەڵ چینی کرێکارە. ئیختیلافی بنەڕەتی سۆسیالیزمی کرێکاری لەگەڵ گەرایشە ئیسلاح خوازە غەیرە کرێکارییەکان دەبێ لە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمەدا بۆ کەم کردنەوەی نفووزیان و زاڵ نەبوونی ئاسۆیان بەسەر کوللی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە خۆی نیشان بدا. ئەمە ئیتر پەیڕەوی لە هێزی سۆسیالیزمی کرێکاری دەکا کە وەک ئاڵترناتیڤێکی واقیعی لە مەیدانی عەمەلی سیاسی دا دەور و نەقشی خۆی بگێڕێ. خەبات بۆ ئازادی سیاسی دەبێ بەرینتر بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشباوەڕی بەرانبەر بە جمهووری خوازی و پارلەمانتاریزمی بورژوایی پەرە بستێنێ. کۆمۆنیزم دەتوانێ لە سەرووی بزووتنەوە بۆ ئیسلاحات و لابردنی ستەمی میللی دابێ، ئەم بزووتنەوانە بەگشتی بەرەوپێش بەرێ، بە بێ ئەوەی ئیمتیاز بدا بە ڕیفۆرمیزم و ناسیونالیزم و مەیانی گەشەو هەڵدانیان پێ بدا.

ب،س: باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری چ پەیوەندییەکی دیاری کراوی لە گەڵ چەپی ئێران هەیە. مەنزوورم ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ڕوانگەو هەڵوێستەکانی ئەمرۆتان لە درێژەی گۆڕانکارییەکانی چەپی ئێراندا دەزانن و چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم باسە و جێگاو شوێنی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانی دە ساڵ پاش شۆڕشی ٥٧ (٧٩ی میلادی) داد ەمەزرێنن؟

م،ح: بە بڕوای من دەبێ دوو باس لێک جیا بکرێنەوە. یەکەم پەیوەندی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک سیستمێکی فکری و ڕەخنە گرانە لەگەڵ تەکامولی فکری و سیاسی چەپی ئێران و دووهەم، لە ئاستێکی تایبەتی تردا، ڕەوتێکی دیاری کراو ئێمەی، وەک کەسانێکی دیاری کراو ن بەم ڕوانگەیە گەیاندووە.

بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ببینین و وەک سیستمێکی فکری و سیاسی بیناسین هیچ پێویست ناکا هەڵگەڕێینەوە سەر چەپی ئێران و گۆڕانکارییەکانی. هیچ شتێکی تایبەتی ئێرانی لەم باسەدا نییە. باسی من ئەوەیە کە سۆسیالیزمی کرێکاری جەرەیانێکی عەینی و ماددی نێو سەرمایەدارییەو لە باری نەزەرییەوە ئالاکەی مارکسیزمە. لە باری تەحلیلییەوە باسی ئەمرۆی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە هیچ جۆر نەتیجەگیرییەک لە چەپی ئێران یان

تەنانەت خەباتی چینایەتی لە ئێران ، نییە ، چ بگا بە گۆڕانکاریەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بەڵکوو ڕوانگە و هەڵسەنگاندێکی گشتی کۆمۆنیستیە لە جێگاو شوێنی بزووتنەوەی چینایەتی و لە چارەنووسی سۆسیالیزم وەک تیئۆریەک و پراتیکێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئاشکرایە من وەک کەسێک و، گەرایشی ئێمە وەک کۆمەڵێک لە ئەفراد ن لە جەرگەی تەجرەبەیەکی سیاسی دیاریکراودا بەم ڕوانگە و لێکدانەوەیە گەیشتووین. ئێمە هەڵسووڕاوانی نەسلی ئەم ئاخرەی کۆمۆنیزمین لە ئێران ، لە شکڵ پێدانی فکرو کردەوەی سیاسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەردەمی خۆماندا لەم وولاتە دیاری کراوە دەورو نەقشمان بووە، تەبلیغمان کردووە، سازمانمان پێدا وە، هێندێک سنوور کێشان و یەکگرتوویی‌مان لە نێو چەپی ڕادیکاڵدا پێک هێناوە. جەمعبەندی ئەمڕۆی ئێمە ، هەرچەندێکیش مولفەی گشتیی دابێتە دەست، بەهەر حاڵ تا ئەو جێگایەی کە ئێمە لە گۆڕانکاریە فکریەکانی ئەم کەسانە قسە دەکەین ، لە درێژەی مێژوویی تەجرەبەی سیاسی ماندایە.

بەڵام هەر ئەم تەجرەبە سیاسیەش نابێ تەنیا بە تەجرەبەیەکی مەحەللی و خۆ وولاتی دابنرێ. ئەگەر کردەوەی سیاسی ئەم ئەفرادە پتر لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیەکی دیاری کراودا ئەنجام دراوە، وەک کۆمۆنیست و سوسیالیست تەئسیریان لە موشکیلات و موشاهەداتێکی بەرینتر و جیهانی‌تر وەرگرتووە و وەڵامیان داوەتەوە. بەبڕوای من ئەمە نەک هەر لە بارەی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ، بەڵکوو لە بارەی هەموو هەڵسووڕاوانی چەپی ئێران، تەنانەت ئەوانەی تەسویرێکی زۆر خۆ وولاتی‌تر، مەحەللی و بەرتەسکیان لە خۆیان و سیمای سیاسی خۆیان هەیە، هەروایە.

بە بڕوای من دەساڵ پاش شۆڕشی ٥٧ بەرەو تێ فکرینەوەیەکی بنەڕەتی چوونی چەپی ئێران چار هەڵنەگرە و چەپ بۆی ناکرێ خۆی لی لادا. چەپی ئێران بێ ڕەبت بوونی خۆی بە کۆمەڵ تەجرەبە کرد، شاهیدی ئەوە بوو کە هەموو ڕادیکاڵیزمە خەڵکی و ئیسلاح خوازانەکەی ڕەخنەی لی گیراو بووە دووکەڵ و بە باچوو، بەچاوی خۆی دیتی ئەو بینا فکری و عەمەلیەی کە بە ڕواڵەت بۆ خەباتێکی قارەمانانە لە دژی ملهوڕی سەڵتەنەتی کافی بوو، توانایی وەڵامدانەوە بە سەرەتایی‌ترین مەسەلەکانی خەباتی سیاسی و کۆکردنەوەی لانی کەمی هێز و یەکگرتوویی بۆ هەجۆرە ئیعتیرازێکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەرجۆرە خۆ نیشاندانێکی فیرقەیی لە دەست داوە . ئەم تەجرەبەیە، بە تایبەت بۆ قوربانیەکانی ، قەتعەن گەرایشێک بەرەو تێ ڕوانینەوە و تێ فکرینەوەی سەرلەنوێ پێک دێنێ. بەڵام ئەوەی کە خەسڵەتی ئەمڕۆی داوە بەم ئاوڕدانەوەیە و نەتیجەکانی ئەمڕۆ پێ بەخشیوە ئیتر وەزعییەتی سۆسیالیزمە لە ڕادەیەکی جیهانیدا. ڕاستەکەی پێم وایە خودی تەجرەبەی عەینی شۆڕشی ٥٧، زاڵ بوونی کۆنەپەرەستی بورژوا-ئیسلامی و کابووسێک کە ئێستاش خەڵکی ئێرانی تێدایە، نەتیجەی هەل و مەرجێکی جیهانی بوو و بە تایبەت لە ئاستی جیهانیدا، مۆری بوحرانی سۆسیالیزمی بورژوایی و هەر جۆرە ڕادیکاڵیزمێکی غەیرە کرێکاری پێوە بوو. ڕووداوەکانی چین و شوورەوی و شکستی مسۆگەری سۆسیالیزمی بورژوایی بەرانبەر بە هێرشی گەرایشی ڕاست لە نێو خۆی بورژوازی دا لە ڕادەیەکی جیهانیدا چەپی ڕادیکاڵی ئێرانی ناچار دەکا کە لە

ئاستی جیهانی دا فكر له ته جره به ئێرانیه كه ی بكاته وه . ئه مرۆ به شی زۆری ئه م كاره كراوه . ئه تیجه كانی ئه م جه معبه ندیه خۆی له ئاڵ و گۆڕ و گۆڕانكاریه جیددیه فكری و سازمانیه كانی چه پی ئێراندا نیشان ده دا. به شێكی به رینی هه ڵسووڕاوانی چه پی ڕادیكاڵی پێشوو له نه تیجه ی ئه م وه زعییه ته دا وه رچه رخاونه ته ڕاست . پۆپۆلیزم و ڕادیكاڵیزمی پێشووی خۆیان چه شتووه و به وه گه یشتوون كه دیموكراسی و ناسیونالیزمه كه ی كه م بووه . زوربه یان تویكلی ڕادیكاڵیزمه كه ی پێشوویان شكاندووه و له ژێریدا خه ریكن خۆیان وه ك نیشتمان په روه ران و دیموكراته ئێرانیه كان ده ناسنه وه و ئه م خۆ ناسینه وه یان به ده نگی به رز جه ژن ده گرن. ئه م جه ره یانه ده گاته سۆسیال دیموكراسی و لیبرالیزمێكی نوێ كه پایه یه كی كۆمه لایه تی به رینی له نێو بورژوازی ئێراندا هه یه . جه ره یانێكی ئابووری سازو دژی كرێكار و بێزار له هه ر جۆره شۆڕشێك . جه ره یانێكی كه سه ره نجام ده یه وێ بورژوازی له ژێر سێبه ری شا و جه بهه ی میللی و ئیسلام حیزبی توده بكێشێته ده رو بیباته نێو خه باتی چینایه تی دنیای ئاخری سه ده ی بیسته مه وه .

كۆمۆنیزمی كرێكاریش حاسڵی تێ ڕوانینه وه یه كه . ئه مه ش جه معبه ندی ئێمه یه هه ر له م ده وریه دا و له م دنیایه . شۆڕشی ئێران به بڕوای من سه ره ڕای شكستی سیاسیه كه ی پێ گه یشتویی و بالغ بوونێكی كۆمه لایه تی و سیاسی زۆر گه وره ی پێك هێنا. نه تیجه یه كی ئه م شۆڕشه ئه مه بوو كه قه ڵه شت و درزی نێوان سیاسه ت و ئابووری له كۆمه ڵی ئێراندا پڕ بووه .ده ورانی زه برو زه نگله ی ئاریا میهری، له لایه كه وه ده ورانی گه شه و هه ڵدانی سه رمایه داری و له لایه كی تره وه به سته ڵۆكی ڕووبینای سیاسی بوو. شۆڕش قه یدو به ندی له سه ر سیاسه ت لابرد و بۆیه ئه و گۆڕانكاره سیاسیانه كه به تایبه ت له نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا ، له مێژ بوو پێویست و عه ینی ببووه وه له ماوه یه كی كورت دا، وه ك فیلمێكی كه ده وری خێرا كرا بێته وه، ڕوویدا. په روه نده ی جه ره یانه سوننه تیه بورژواییه كان به خێرایی كرایه وه و وێك نرایه وه . چه پی ڕادیكاڵ له چریكی فیداییه وه تا سۆسیالیزمی خه ڵكی چه شنی په یكار، له ماوه ی یه ك دوو ساڵدا هاته مه یدان و درایه به ڕه خنه ی كۆمه ڵ و له مه یدان چووه ده ر. هێزه چینایه تیه نوێیه كا كه زه برو زه نگ نه ی هێشتبوو شكڵێكی سیاسی ئاشكرا به خۆ بگرن بوونه مه یداندار. گرینگتر له هه مووا ، بزووتنه وه ی كرێكاری و له نێو ئه وه یشدا سۆسیالیزمی كرێكاری ئێران بوو. ئه مه له چه پی ئێراندا ئاڵ و گۆڕی پێك هێنا . هه ر ئه و واقیعییه ته كه ده وڵه تی بورژوایی له ئێران ناچار ده كا حه ره كه تی شوورا ئیسلامیه كان وه ڕێ بخا، چه پی ناسیونال ڕیفۆرمیست و دژی ڕژێم و غه یره كرێكاری ئێرانی خسته ژێر فشار.ئه و سۆسیالیزمه كرێكاریه بوو. حیزبی كۆمۆنیستی ئێران ڕێك حاسڵی ئه م مه وقیعییه ته یه .

به بڕوای من هاتنه گۆڕی باسی كۆمۆنیزمی كرێكاری به مانای كۆتایی پێهاتنی پێكه وه ژیانی سۆسیالیزمی كرێكاری و ڕادیكاڵیزمی میللی و ئیسلاح خوازانه ی ئۆپۆزیسیۆنی غه یره كرێكاری له ئێران ڕاده گه یه نێ. باسی كۆمۆنیزمی كرێكاری ڕێك به مانای جیاكردنه وه ی چاره نووسی سۆسیالیزمی كرێكاری ئێرانه له چه پی ڕادیكاڵی غه یره كرێكاری و له مێژووی ئه م چه په . بۆ ئه مه ئیتر پێویسته پایه كانی ئه م بزووتنه وه یه له ئێران دابنرێته وه سه ر مێژووی جیهانی خۆی و مه وقیعییه ته كه ی له

مەوقیعییەتی گشتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەرانبەر بە بورژوازی و بەرانبەر بە سۆسیالیزمی غەیرە کرێکاری، لە ڕادەیەکی جیهانی دا وەربگیرێ . بەم جۆرە تێڕوانینەوە و ئاوڕ دانەوەی من لە تەجرەبەکانی دەساڵی ڕابووردوو ، وەک کەسێک ، منی بە زۆر نەتیجەی جیاواز گەیاندووە. چەپی ئێران و تەنانەت حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش دەبێ لە ڕوانگەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی و بەناچار لە میللی واوەتر و لە ڕوانگەی ئالایەکی جیهانی بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕ لە کۆمەڵدا چاوی لی بکرێ. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بەرانبەر بەو سۆسیالیزمەی کە بەرەو تێدا چوونە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی دیکە بە ڕۆشنی ببینرێ کە بە تەواوی لەسەر بنەڕەتێکی چینایەتی دیکە و لە جەرگەی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی دایە ، زیندووە و وەڵامی هەیە . من خۆم بە هەڵسووڕاوی ئەم بزووتنەوەیە دەزانم و جیا لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی ئێران ئەمڕۆ چۆن لە بارەی خۆیەوە بیر دەکاتەوە، جیا لەوەی کە بزووتنەوەی سەرمایەداری لە دنیا دا چی بەسەر هاتووە، جیا لەوەی کە مارکسیزم لە ڕوانگەی ئەمانەوە چییە و چ نییە ، وەک هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی کرێکار دەبێ لە فکری ڕێکخراو بوون و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیە دا بم. کەوا بێ بە باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئێمە لە کلی ئەم تەجرەبەیە ، بە ئالای مارکسیزم و ئەسڵ دانانی ئیعتیرازی چینایەتی‌یەوە هاتووینە دەر. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی حەرەکەتی گشتی چەپی ڕادیکاڵی ئێرانە کە بالغ بوونی سیاسی خۆی بە ئاشکرا کردنی بێ باوەڕی‌یەکەی بە هەرتکی ئەمانە نیشان داوە.

بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری لەلایەکەوە و لیبرالیزم و سۆسیال دیموکراسی نوێ لەلایەکی ترەوە سوننەتە خەباتگێڕو گەرایشە حیزبی‌یە ئەسڵی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەورەی داهاتوودا دەبن. هەموو حیزب وجەرەیانەکانی چەپی مەوجوود لە ژێر تەئسیری ئەم دوو جەرەیانە ئەسڵی‌یە دا شکڵ دەگۆڕن و قوتب بەندی دەکرێن. جا ئەو جار بە بڕوای من مەیدانی سیاسەت لە ئێراندا بە جۆرێک کە لەگەڵ واقیعییەتە ئابووری‌یەکانی کۆمەڵ بێتەوە ئارایش دەدرێ. لە نێوان ئەم دوو جەرەیانەدا هەر جۆرە حیزبایەتی‌یەک کە لە ژێر ناوی چەپدا بکرێ جگە لە هەڵبەزو دابەزی فیرقەیی نەسڵی پێشوو هەڵسووڕاوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هیچی تر نابێ و بە هیچ جۆر ناوەڕۆک و گرینگی‌یەکی کۆمەڵایەتی جیددی وەدەست ناهێنێ.

ب.س: بەڕادەیەک کە ئێوە تەئکید دەکەنە سەر خەسڵەتی چینایەتی تایبەتی کۆمۆنیزم، یانی ئەم واقیعییەتە کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەی ئیعتیرازی دژی سەرمایەداریی کرێکارە ، بە هەمان ڕادەش ئەو ئیرادە کۆنەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمۆنیستەکان دەگیرا بە شێوەیەکی زەقتر لە ئێوەش دەگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە کرێکار لە باری ئابووری و چەندایەتی‌یەوە چ وەزنێکی لە دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا هەیە؟ دەڵێن بەگەشە و هەڵدانی تەکنیک، یان بە شۆڕشی تەکنیکی ، ئیتر کرێکار لەباری چەندایەتی‌یەوە ئەو هێزە نەماوە کە مارکس قسەی لێدەکا. زوربەی کۆمەڵ پێک ناهێنێ و ، ئاڵتەرناتیڤێکی کۆمۆنیستی بە بڕوای ئەمانە زەمینەی نامێنێ. ئەم لێکدانەوەیە بۆ نموونە لە ئەورووپا لە

**نێو حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکان، ئۆرۆکۆمۆنیستەکان، چەپی نوێ و ئەوانەی تردا تەقریبەن بووەتە لێکدانەوەیەکی گشتی. ئەم حیزبانە ، لانی کەم لە تیئۆریدا بەرەو بەرین کردنەوەو جۆراو جۆر کردنی پایە کۆمەلایەتییەکانیان چوون. ئەمە بە پێچەوانەی حەرەکەتێکە کە ئێوە دەیکەن. زۆر هاسان ڕەنگە پێتان بڵێن کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێوە داهاتوویەکی ڕۆشنی نابێ چونکوو کرێکار وەک چینێک جێگا و شوێنی ئابووری و سەنگی خۆی لە باری چەندایەتییەوە وەک پێشوو نەماوە. لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟**

**م،ح: بە بڕوای من ئەمە ڕەخنەیەکی زۆر بە کەڵکە چونکوو دەرفەتی ئەوە پێک دێنێ کە جیاوازییەکان و سنوورە جیددییەکانی ئێمە لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی تا ئێستا مەوجوود و لەگەڵ ئەم جۆرە چەپانە بە تەواوی ڕۆشن بێتەوە. ئەوەی کە لە باری چەندایەتی و ئابووری و سیاسییەوە کرێکار لە کۆمەڵی مەوجوود دا چ وەزنەیەکە و مەسەلەن لە چاو کاتی بڵاوکرانەوەی کتێبی سەرمایە یان ڕوودانی شۆڕشی ڕووسیە یان دوای شەڕی جیهانی دووهەم و ڕووداوەکانی تر چ فەرق و جیاوازییەکی کردووە، مەسەلەیەکی عەینی و دەکرێ ئەندازە بگیرێ و وەڵامی ئیدۆلۆژیک هەڵناگرێ. ڕێک لەم هەڵوێستە عەینییەوەیە کە پێم وایە کەسانێک کە نایانەوێ چوونە سەرێکی یەکجار زۆر لە چەندایەتی کرێکاری کرێ گرتە لە جیهانی ئەمڕۆدا و لە چاو هەموو دەورەکانی پێشوو ببینن، قەتعەن خەریکن لە پشت عەینەکێکی ئیدۆلۆژیی دژی سۆسیالیستیەوە چاو لە دنیا دەکەن. کاتێک مارکس کتێبی سەرمایەی نووسی، سەرمایە وەک پەیوەندییەکی بەرهەم هێنان ، وەک پەیوەندییەک لەسەر ئەساسی کار کدنی کرێکاری کرێ گرتە ، لە پتر لە چەند وڵاتی جیهان زاڵ نەبوو. زۆر لەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ ژمارە و وەزعی شوغڵی کرێکارەکانیان لە ئامارەکانی سازمانی جیهانی کار دا دەنووسرێ لەو دەورەیەدا ڕەنگە هەر لە سەر نەقشەی سیاسی و ئابووری جیهان دا نەبووبێتن. لە هەموو دنیای کاری کرێ گرتە بۆ سەرمایە بووەتە شێوەی دابین کردنی گوزەرانی زۆریەی هەرە زۆری بەرهەم هێنەران. لە پشت سەری ئەم ئیرادانەوە ئەوروپا بە میحوەر دانانێکی بەرتەسک و هەوڵ و تەقەلایەکی منداڵانە خەوتووە کە پاکانە بۆ سیاسەتی ڕیفۆرمیستی لە چوارچێوەی ئەوروپای ڕۆژئاوا دا دەکا. دەنا هەموو کەس دەتوانێ ئەڵمانی ١٩٢٠ لەگەڵ کۆریا و تایوان و بەڕازیل و ئەفریقای جنووبی و .. ی ئەمڕۆ پێکەوە هەڵسەنگێنێ، هیندستان چین ی ئەمڕۆ لە چاو ٥٠ ساڵ لەوە پێش چاو لی بکا ، و نەتیجەی ئاماریی خۆی وەدەست بێنێ. جگە لەوە ، لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ هەر ڕۆژنامەیەک بە هەر زمانێک دەکەیەوە پڕە لە قسەو باسی بەرهەم هێنان و حەقدەست و کۆما کردنی سەرمایە و پڕ بار بوونی کارو بەرانبەرکێی دەوڵەتەکان و ڕێخکراوە کرێکارییەکان، سەیرە کە باسی شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری سەنعەتی و مۆدرێن ، لە پەنجا ساڵ پێش ، چ بگا بە سەدو پەنجا ساڵ لەوە پێش ، کەمتر برەوی هەبێ . ئەم ئیرادانە گاڵتەیە. ئەمانە پاکانەی سۆسیالیزمی بورژوایی یە کە دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی بۆ جیایی خۆی لە چینی کرێکار و ئیعتیرازی کرێکاری ، بیانووی عیلمی و (مارکسیست پەسەند) بێننەوە و یان بۆ**

ڕاگەیاندنی وەفاداری خۆی بە پارلەمان و خەباتی پارلەمانتاریستی لە لای بورژوازی سوێندی تیئۆریک بخوا. بە بڕوای من کرێکار هەرگیز وەک ئەمڕۆ لە مەیدانی ئابووری و سیاسی دا بە هێز نەبووە.
بەڵام ئامارەکان و وەزعیەتی عەینی چینی کرێکار هەرچی نیشان بدەن وەڵامی ئێمە بەم ئیرادە هەریەکە. ڕاستەکەی تەنانەت بۆ ئەوەی مەنزوورەکەم ڕۆشنتر باس بکەم پێم باشە جارێ قەبووڵ بکەم کرێکار لە کۆمەڵدا چینێکی ئەقەلییەتە و وەزنەی ئابووریەکەی کەم بووەتەوە. باشە مەنزوور چیە؟ ئێمە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکارین، ئێمە بۆ دامەزراندنی ئاڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتی و ئابووری کرێکار وەک چینێک خەبات دەکەین. کەسێک دەتوانێ لەسەر ئەساسی گوزارشی ئاماری سەبارەت بە وەزنەی چینەکان، بزووتنەوەکەی و کارەکەی بگۆڕێ کە لەم هەڵبژاردنەدا خۆی خاوەن ئیختیار بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینێکە، جا ئەو چینە ٢٠ لە سەدی کۆمەڵ پێک بێنێ یان ٥١ لە سەدی هیچ شتێک بۆ ئێمە ناگۆڕێ. جێگا و شوێنی کرێکار لە بەرهەم هێناندا ناگۆڕدرێ، بنەڕەتی ئابووری کۆمەڵ ناگۆڕدرێ، ئاڵتەرناتیڤی ئەم چینە بۆ سازماندانی کۆمەڵی بەشەری ناگۆڕدرێ. کرێکار دیسانیش ناچارە بۆ ژیان و گوزەرانی هەموو ڕۆژێ هێزی کارەکەی بفرۆشێ و هەر یۆیەش هێشتا هەر لە هەمان دەربیچەوە چاو لە دنیا دەکاو هەر هەمان ڕێگا چارەی بۆی هەیە. کۆمۆنیزم نەزەرێک یان نوسخەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نیە کە داخۆ مارکس گەڕابێ و لە نێو چینە جۆراو جۆرەکاندا چینی کرێکاری بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردبێ تا ئەمڕۆ سۆسیالیستەکەی ئێمە بە خەیاڵی ئەوەی کە ژمارەی کرێکاران کەم بووەتەوە یان ئیتر ئەکسەرییەت نین بۆ وەدی هێنانی بە دوای بەڕێوەبەرێکی تازە دا بگەڕێ یان ئەسڵەن لە خێر و بێری بگوزەرێ و بە شوێن ئەوەدا بگەڕێ کە ئێستا توێژەکانی ئەکسەرییەت کام نیزامیان دەوێ تا ئەویش پێی پەیوەست بێ. سۆسیالیزم تاج نییە کە بکرێ لەسەر هەر توێژ و چینێک دابنرێ. مەسەلەی کرێکارە وەک چینێکی تایبەت. کۆمۆنیزم بزووتنەوەی کرێکارە بۆ نابوود کردنی سەرمایەداری، بۆ هەڵوەشانەوەی کاری کرێ گرتە و لە ناوبردنی چەوساندنەوە و چینەکان.
مارکس لە هیچ کوێدا بەرهەق بوونی کۆمۆنیزمی لە ئیدەی ئەکسەرییەت بوونی کرێکار دەر نەکێشاوە. لە دەورەی خودی مارکس دا کە پرۆلیتاریا بە هیچ جۆر ئەکسەرییەت نەبوو. کۆمۆنیزم بەرهەق بوونی کرێکار و ڕەوا بوون و پێویستی شۆڕشی کرێکاری لە هیچ مەقولەیەکی وەک دیموکراسی و ئەکسەرییەت بوونی زەحمەتکێشان دەرناکێشێ. کرێکار و دوژمنایەتی لەگەڵ سەرمایە نوختەی دەست پێکرانی ئەم باسەیە. مەگەر خەبات بۆ بەرابەری ژن و پیاو لە زۆر بوونی ژنانەوە دەرکێشراوە یان ڕەوا بوونی خۆی لەوە وەرگرتووە؟ مەگەر ڕەشەکان ئەکسەرییەتن؟ ئایا هیچ هەڵسووڕاوێکی مافی ژنان یان بەرابەری نەژادی بە نیشان دانی ئامار و دەرسەدی ژنان یان ڕەنگین پێستەکان مەسەلە و خەباتی دەگۆڕێ؟ بۆچی کۆمۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازی دەبێ شتێکی جیا لەمە بێ؟ واقعییەت ئەوەیە لە حاڵێکدا کە مەعلوومە ڕیشەی ئیعتیرازی ژنان یان ئەقەلییەتە نەژادیەکان لەو جێگاو شوێنە عەینیەدایە کە لە کۆمەڵدا پێیان دراوە، بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی مەوجوود ناتوانێ پەیوەندێکی عەینی وا لەگەڵ کرێکار

وەک مەوجوودییەتێکی کۆمەڵایەتی ناسراو نیشان بدا. ئەگەر کۆمۆنیزمی مەوجوود بە ڕاستی نوێنەری ئیعتیرازی کرێکاری بوایە ئەودەم ئەم ئیرادە هەر بە قەدەر ڕایی ئەو کاتەی کە مەسەلەی ژنان بە نموونە دێنینەوە بە گاڵتە دەگیرا. ئەو کاتەی مەسەلەیەکی ئاوا و نەزەرییەیەکی ئاوا هەرگیز لە چوارچێوەی سوننەتی فکری کۆمۆنیزمدا نەدەهاتە گۆڕ. بەڵام کۆمۆنیزمی سەردەمی ئێمە لە ڕاستی دا لە هەمان مەوقیعییەتی سۆسیالیزمی خەیاڵی دەورەی مارکس دایە. کۆمەڵێک ئیدە و مۆدێلی کۆکراوە کە دەبێ لەلایەن توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوە ببرێ. کۆمۆنیزم بووەتە نێوی ڕەمزی ئەو حیزبە غەیرە کرێکارییە ئیسڵاح خوازانە کە بۆ وەدی هێنانی بەرنامەکەیان هێزی کرێکارانیان پێویست بووە. جا ئەگەر کەسێک بڵێ کرێکاران هێزەکەی پێشوو نین یان بە گشتی مارکسیزم گرینگی کۆمەڵایەتی کرێکارانی زل کردۆتەوە، ئەمجار ئەو جەرەیانە بەناو کۆمۆنیستانە دیارە دەورو دوکانیان بەرنە جێگایەکی دیکە: نێو گەلانی ژێر دەستە، نێو دانشجوویان، نێو جووتیاران و ئەوانەی تر. ئەمە ڕووداوێکە تا ئێستا ڕووی داوە. بەڵام کرێکار بە جێگا و شوێنی عەینییەوە، بە ئیعتیرازیەوە بە نیزامی کرێگرتە و مالکییەتی خوسووسی، بە ڕێگا چارە واقیعییەکەیەوە بۆ بەشەرییەت لە سەر جێگای خۆی ڕاوەستاوە و جگە لە مارکسیزم بە هیچی دی ناتوانێ بە نیزامی مەوجوود ئیعتیراز بکا. ئێمە هەڵسووڕاوی ئەم بزووتنەوەین. ئەم بزووتنەوە و تەنیا ئەم بزووتنەوە وەڵامی ئێمەیە بۆ وەزعی مەوجوود. فڵانە ئوستادی دانشگای کۆنە کۆمۆنیست دەتوانێ لە بەیانیەوە ببێتە (سەوز)، سۆسیال دیموکرات، ناسیونالیست، یان ئەسڵەن شێخ. چینی کرێکار ناتوانێ.

ڕەنگە بڵێن ئێوە ئیعتیرازی کۆمۆنیستی و چینایەتییەکەتان بکەن بەڵام وەزنەی کە زایی کرێکاران لە ئابووری و لە کۆمەڵدا گۆڕاوەو سەرکەوتنتان مەحاڵە یان لەباری ئەوەوە کە ئەکسەرییەتی کۆمەڵ نین ڕەوا بوونی شۆڕشەکەتان قسەی لەسەرە. ئەگەر چاوپۆشی لەوە بکەین کە ئەمە بە فیشاڵ دەرکردنێکی پووچی سەرمایە لە دژی کرێکار دەزانم، وەڵامی من ئەوەیە کە بۆ سەرکەوتن پێویست نییە کرێکار ئەکسەرییەت بێ، چونکوو میکانیزمی ئەو سەرکەوتنە ڕیفراندۆمێک نییە کە لە ڕۆژێکی خۆرەتاو دا بکرێ. کۆمەڵ تووشی بوحران و شۆڕش دەبێ. ئەمە قانوونی ئەساسی دنیای سەرمایەدارییە. لە جەرگەی ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیەدا ڕیز بەستنی کۆمەڵایەتی لە دەوری ڕێگا چارەکان و ئاڵای چینە ئەسڵییەکانی کۆمەڵ، کرێکارو سەرمایەدار، شکڵ دەگرێ. کرێکار، برپرە پشتی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵی مەوجوود دا، وەک ڕابەری کۆمەڵی نوێ، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگا چارەیەکی واقیعی بۆ کۆتایی پێ هێنانی مەینەتەکانی بەشەرییەت بە گشتی هەیە، سەردەکەوێ. خودی بورژوازیش هەر بەم شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە. بەبێ ئەوەی هیچکات لە باری چەندایەتییەوە لە ئەقەلییەتێکی زۆر بچووکی کۆمەڵ واوەتر چووبێ. زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەو کەسانەی ئەمڕۆ ڕەوا بوونی شۆڕشی کرێکاری لە دەربیجەی دەرسەدی چەندایەتی چینەکان لە کۆمەڵدا دەخەنە ژێر پرسیار، هەر ئەمڕۆ ڕەوا بوونی حکومەتی ئەقەلییەتێکی زۆر بچووک، بورژوازییان قبووڵ کردووە، هێزی چینی کرێکار تەنیا لە زۆر بوونی دان نییە. ئەم هێزە لە

ئەساس دا لە جێگاو شوێنی ئەم چینە لە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و لەعەینی بوون و دروستی رێگا چارەیەک دایە کە کرێکار بە شێوەی گشتی دەینێتە بەرانبەر کۆمەڵ. رەنگە رۆژێک بگا کە کارمەندانی دەوڵەتی و خوسووسی ئەکسەرییەتی خەڵک پێک بهێنن، هەروەک جووتیاران کە لە هێندێک دەورەی مێژوودا وا بوون. بەلام ئەو کێشە کۆمەلایەتی‌یەی کە تەکلیفی ئەم ئەکسەرییەتە فەرزیە رۆشن دەکاتەوە کێشەی نێوان چینە ئەسلی‌یەکانی کۆمەڵ ، یانی ئەو چینانەی کە بەرهەم هێنان ئەم جێگاو شوێنەی لە کۆمەڵدا پێ داوون، وە کێشەی ئاسۆکانیان و ئالترناتیڤەکانیانە . کۆمەڵی بورژوایی هەر تا ئێرەش بن بەستی هەمە لایەنەی خۆی و ناکۆکی خۆی لەگەڵ بەختەوەری و کەرامەتی ئینسان نیشان داوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەلامی ئەم بن بەستەی هەیە.

بەهەرحاڵ ئەوا جارێکی دیکەش دەورەی قودرەت نیشاندانی کرێکار لە مەیدانی سیاسی دا خەریکە دەست پێ دەکا و ئەم جارە بە بڕوای من بە تایبەت لە لانکی سەرمایەداری و لە مەرکەزی هەمان کۆمەڵگایانەوە دەست پێ دەکا کە گوایە زەرنەی کرێکاریان تێدا کەم بووەتەوە . پێم وایە واقیعییەتەکانی چەند ساڵی داهاتوو باشتر لە هەر دەلیل هێنانەوەیەک هێزی واقیعی کرێکار بە سۆسیالیستەکانی پێشوو و حیزبە تازەکانیان حاڵی بکا.

××××××××××××××××

ب.س: سەبارەت بە لایەنە نەزەرییەکانی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر خاڵ ماوە کە دەکرا لێرەدا باسی بکەین. لە سمینارێکدا کە چەند مانگ لەوە پێش بۆ ناساندنی ئەم باسە پێشکەشت کرد بەشێکی زۆری ئەم لایەنانە باسی کرا. گوایە قەرارە دەقی نووسراوەی ئەم باسە بلاوبکرێتەوە کەوابێ با هەر بەوەندە قەناعەت بکەین و بچینە سەر باسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە سەرەتای قسەو باسەکەماندا لەسەر بەرانبەرکێی گەرایشی جۆراو جۆر لە حیزب دا قسەت کرد. سفەتی وەک راست و چەپ و مەرکەز هێشتا تایبەتمەندیەکانی کۆمەلایەتی و فکری ئەم گەرایشانە دەرناخا. سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەم گەرایشانە چۆن بیر دەکەیەوەو دەڵێی چی؟

م.ح: بۆ ناسینی تایبەتمەندیەکانی گەرایشە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب لە پێشدا دەبێ ئەوە رۆشن بکەینەوە کە ئەم حیزبە ئەسڵەن لە چ رەوتێکدا پێک هاتووە و لە هەل و مەرجی کۆمەلایەتی دەرەوەی خۆی چ تەئسیرێکی وەرگرتووە. حیزبی کۆمۆنیست لە ژێر ئالای ئەو بزووتنەوەیەی چەپی ئێراندا قەوارەی گرت کە نێوی (مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران) ی لەسەر خۆی دانا. چوارچێوەی فکری ئەم جەرەیانە لە رەخنەگری لە خەڵک گەرایی و هەڵگەڕانەوە بۆ سەر ئەرسەدۆکسی مارکسیزم( مارکسیزمی رەسەن ) پێک هاتبوو. حیزبی کۆمۆنیست هاوکات لەگەڵ داماوی و داڕووخانی

سۆسیالیزمی خەڵکی وەک جەرەیانێکی ڕەخنەگر لە سۆسیالیزمی خەڵکی پێک هات. لە باری سیاسییەوە ئەم جەرەیانە چەپ ترین جیناحی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی لە ئێراندا پێک هێنابوو. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە نەک هەر جەرەیانە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی تر لە شکڵ و قەوارە گرتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوون، بەڵکوو خودی ئەم (مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران) ەش پەیدەیەکی تێکەڵاو بوو کە گرنگترین کێشمەکێشەکانی نێوان گەرایشەکانی کۆمۆنیزمی ئێرانی لە نێو خۆیدا کۆکردبۆوە.

ئەگەر لە هەل و مەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم جەرەیانە بکۆڵنەوە دوو ڕەوتی سەرەکی تێدا جیا دەکەنەوە. یەکەم، هەڵسووڕاو بوونی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار لە ماوەی شۆڕش داو قەوارەگرتنیان بەهەر حاڵ هەنگاو نانە بەری توێژێک لە کرێکارانی سۆسیالیست لە سەرووی ئەن بزووتنەوە ئیعتیرازییەوە. بە ووتەیەکی تر سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێران بە هۆی شۆڕشەوە لە مەیدانی بزووتنەوەی ئیعتیرازیدا یەکجار زۆر هەڵسووڕاو بووەو. دووهەم، لە پاڵ ئەم بزووتنەوەیە چینایەتییەوە ئێمە شاهیدی ڕادیکاڵ بوونەوەیەکی فکری و سیاسی لە نێو چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری داین. بزووتنەوەی چەپی ئێران بزووتنەوەی رووناکبیران بوو. لە ماوەی شۆڕش دا ئەم بزووتنەوە کە لە باری جێگاو شوێنیەوە دەکرێ بە تەواوی لە سۆسیالیزمی کرێکاری جیا بکرێتەوە، لە بەرانبەر خەڵک گەرایی و شتی تردا بەرەو مارکسیزمی ئوسوولی و شۆڕشگێر وەرچەرخا. (مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران) لە باری عەمەلییەوە بە هەر حاڵ جەرەیانێک بوو، بەڵام نوێنەرایەتی هاوجهەتی و تەئسیراتی دوو لایەنەی ئەم دوو ڕەوتە لێک جیاوازە کۆمەڵایەتییەی دەکرد. بەووتەیەکی تر جەرەیانی مارکسیزمی شۆڕشگێر لە لایەکەوە پردێک بوو بۆ لێک هەڵپێکانی سیاسی و عەمەلی ئەم دوو گەرایشە کۆمەڵایەتییە لێک جیاوازەو لە لایەکی تریشەوە خۆی بوو بە چوار چێوەیەک بۆ ئەوەی سۆسیالیزمی کرێکاری ڕادیکاڵیزمی سۆسیالیستی ئۆپۆزیسیۆنی رووناکبیری دیسان ماوەیەکی تیرش لە پاڵ یەکدا بژین. جەرەیانێکی ڕادیکاڵ پێک هات کە چەپی ڕادیکاڵتر دەکرد، بەڵام لە لێکدانەوەی ئاخر دا سۆسیالیزمی کرێکاری و ڕادیکاڵیزمی رووناکبیری چەپی ئێرانی هەروا هاوچارەنووس ڕادەگرت. ئەم لێک هەڵپێکراوی و پێکەوە ژیانە حاسڵی هاوجهەتی هەرنکی ئەم بزووتنەوانە بوو لە خەباتیان دا بەرانبەر بە خەڵک گەرایی و لە کرێکار دوور بوونی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و بێگانە بوونی لەگەڵ تیئۆری مارکسیزم. بەهەرحاڵ بە کورتی قسەکەم ئەوەیە کە (مارکسیزمی شۆڕگێڕی ئێران) یانی ئەو جەرەیانە تایبەتەی کە حیزبی کۆمۆنیست لە ژێر ئاڵایدا پێک هات لە هەوەڵەوە لەسەر دوو پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز دانرابوو. ئەم جەرەیانە حاسڵی هاوجهەتی و پێکەوە ژیانی دوو جەرەیانی کۆمەڵایەتیی جیاواز بوو، ڕەخنەی مارکسیستی لە نێو خۆی چەپی غەیرە کرێکارییەوە بە پەلامار بردن بۆ سەر خەڵک گەرایی لە لایەک و، سۆسیالیزمی کرێکاری بە شووراکان و مانگرتنەکان و ڕابەڕانی عەمەلی خۆیەوە لە لایەکی تر. ئاشکرایە کە پەرەسەندنی ڕەخنەی مارکسیستی نەدەکرا چەپی ڕادیکاڵ بەرەو چینی کرێکار و بەرەو خۆ ڕێک خستنی زیاتر لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری پاڵ پێوە نەنێ. ئەو حەرەکەتە

ڕه خنه گرانه تیئۆریک و سیاسی یه که له نێو چه پی ڕادیکاڵی ئێراندا پێک هات له هه موو بارێکـه وه مه وقیعییه تی سۆسیالیزمی کرێکاری بـه هێز ده کـرد. بـه ڵام وه ک جـه ره یانێکی دیـاری کـراوی سیاسـی، مارکسیزمی شۆڕشگێری ئێران ، خودی سۆسیالیزمی کرێکـاری نـه بوو. بلۆکێکـی دژی پۆپۆلیسـتی بـوو بـه گه رایشه جۆراو جۆره جیاوازه کانی خۆیه وه. هه روه ها ڕۆ شنه که بـه کۆتـایی پـێ هـاتنی پۆپۆلـیزم ته مه نی به که ڵکی ئه م بلۆکه ش کۆتایی پێ دێت.

داڕووخانی پۆپۆلـیزم و خـودی پێـک هـاتنی حیزبی کۆمۆنیسـت وه ک به ڵگـه ی عه مـه لی سـه رکه وتن به سه ر خه ڵک گه رایی دا، دیاره ، هه روه ک له کرده وه شدا ڕووی دا، کۆتایی به خوازراوی و مـه تلۆب بوونی ئه م چه تر و چوار چێوه هاوبه شه ده هێنا و ئه م جه ره یانـه ی ته جزیـه ده کـرده وه سـه ر ئـه و گه رایشانه ی که پێکیان هێنابوو. ئه م ڕووداوه ، که قۆناغێکی گرینگی مێژووی ته کامولی سۆسـیالیزمی کرێکاریه له ئێراندا ، تاڕاده یه کی زۆر به شـێوه ی سه رهه ڵدانی هێندێـک نـاکۆکی لـه نێـو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕووی دا.

به هـه ر حـاڵ ئـه م چـوار چێـوه هاوبه شـه بنـه ڕه تی ڕه سمی و ئه سڵی پێـک هـاتنی حـیزب بـوو. به رنامه که ی ، داخوازه کانی ،شێوه و سوننه ته کانی هه موویان وه ک ئه و ئوسووڵ و حه قیقه تانه ی که حیزب ده بێ له سه ر ئه ساسی ئه مانه کار بکا قبووڵ کرا بوو. به ڵام حیزبی کۆمۆنیست پاشان هه ر ئـه و جه ره یانه و ئه م گه رایشانه ی که پێکیان هێنـا نـه ما. چـه ند گه رایشـی گرینگـی تـر ده خالـه تیان لـه حیزبی کۆمۆنیست دا بوو. له کوردسـتان ناسیونالیزمی کـورد هـه ر له سه ره تاوه ، گـه رچی لـه شکڵ و شێوه یه کی خه ڵکی ترو ڕادیکاڵتردا ، لـه سوننه تی خـه باتی کۆمه ڵـه دا به شدار بـوو. لـه کۆنگـره ی دووهه می کۆمه ڵه دا مارکسیزمی شۆڕشـگێڕ لـه م ڕێکخـراوه دا سه رکه وت. جـه ره یانی ناسیونالیسـتی بـێ ده نگ بوو به ڵام له پاڵ کۆمه ڵه وه هاته نێو حیزبه وه. له لایه کی دیکه وه له ئاسـتی سه راسـه ریدا ، حیزبی کۆمۆنیسـت و ، لـه پێش ئه ویشـدا ته نانـه ت خـودی ئـه و ڕێکخراوانـه و فراکسـیونانه ی کـه به مارکسـیزمی شۆڕشگێڕ نـاو ده بـران، ببوونـه قوتبێـک کـه چـه پی ڕادیکـاڵی ئێرانیـان بـه گشـتی

به ره و خۆیـان ڕاده کێشـا. خواسـته و ناخواسـته گه رایشـه جـۆراو جـۆره مـه وجووده کانی نێـو چه پی ڕادیکاڵی ئێران ، بـه ڕاده یـه ک حـه ک و ئیسلاحه وه، هاتنـه نێـو حیزبـه وه . سـاڵی ٦٢( ٨٣ ) حیزبی کۆمۆنیسـت چوارچێوه یه کـه بـۆ هه ڵسـووڕانی هـه موو ئـه م گه رایشـانه لـه ژێـر چـه تری گشـتی ( مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران ) دا . دیار بوو ئه م سه نگ و سـووکی‌یه ی گه رایشـه کان ، به لـه بـه ر چـاو گرتنی ته کامولی بیرو بۆچوونی سیاسی له نێو حـیزبدا و لـه ویش گرینگـتر به له بـه رچاوگرتنی ئـاڵ و گۆڕی عه ینی له ڕاده ی کۆمه ڵایه تی له ئێران و له ئاستی جیـهانی دا، نـه یده توانی هـه روه ک پێشـوو بمێنێته وه . سه رجه می ئه م هۆیانه گه رایشه سیاسی‌یه کانی نێو حیزبی کۆمۆنیسـتی ئـێرانی لێک دوور خسته وه. چه پ و ڕاست و مه رکه زێکی پێک هێنا که حاسڵی ته کامولی گه رایشه کانی نێو حیزب بوو له هه ل و مه رجی نوێی ئێستادا.

**ب،س: له سه رده می تایبه تی ئه مڕۆدا به بڕوای تۆ گه رایشه کانی ڕاست و چه پ و مه رکه ز کامانه ن؟**

**م،ح:** با له پێشدا ئه وه بڵێم که له سه ر کاغه ز و له باری ڕه سمی‌یه وه له باری ڕه سمی‌یه وه له نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا به ڕواڵه ت هیچ جیناح به ستنێک نییه . نه زه ره ڕه سمی‌یه کانی ئه م حیزبه سه باره ت به مه سه له ئه ساسی‌یه کانی تا ئێستا زۆربه یان له لایه ن گه رایشی چه په وه له م حیزبه دا به یان کراوه و پێدا گرتنێکی زۆر له لایه ن گه رایشی چه په وه له م حیزبه دا به یان کراوه و پێدا گرتنێکی زۆر له لایه ن زۆر که سه وه له م حیزبه دا له سه ر ئه وه هه یه که نه زه ره ڕه سمی‌یه کانی حیزب له ڕاستی‌دا تێگه یشتنه هاوبه شه کانی کوللی حیزبی به یان کردووه . یه کێک له وانه ش خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌یه . بڕیاره کان به تێکڕای ده نگ په سه ند کراون و ئه مه که م یان زۆر شێوه یه کی باوی نێو حیزب بووه . ته نانه ت باس کردنی ئه وه ی که خه ت و گه رایشی جۆراو جۆری ناسازگار پێکه وه له حیزب دا هه ن زۆر که س تووڕه ده کا. گه رچی له م ئاخرانه دا هاوڕێیانێکی زیاتر ئه م واقیعییه تانه به ڕه سمی ده ناسن. به هه ر حاڵ ده مه وێ بڵێم بێجگه له چه پ ، که ڕوانگه و بۆچوونه کانی مه علوومه ، وه به تایبه ت پاش کۆنگره ی سێهه م هه وڵی داوه وه ک گه رایشێکی جیاواز قسه بکا ، ڕاست و مه رکه زی نێو حیزب جه ره یانێکی وا نین که بکرێ وه ک فراکسیۆن یان پلاتفۆڕم و قسه که ری له پێشدا مه علووم کراویانه وه بیانبینی . به لام بوونیان و ڕاده ی قودره تیان به ته واوی ده بیندرێ و به تایبه ت له م دووره ی دواییدا، پاش کۆنگره ی سێهه م ، به رانبه رکێی گه رایشه کانی نێو حیزب زۆر گه شتر بووه ته وه و شکلی کۆنکرێت تری به خۆیه وه گرتووه. با ئه وه ش بڵێم کاتێک قسه ی گه رایشه کانی نێو حیزب ده که م دوو ئاستم له نه زه ر دایه . یه که م ئاستی سیاسی ، یانی کاتێک که گه رایشێک خۆی وه ک جهه ت گیری، سیاسه ت و سوننه ت و پراتیکه دیاری کراوه کان نیشان ده دا ، وه دووهه م ئاستی ته شکیلاتی ، یانی ئه وه ی که کادره کا ن و ئۆرگانه کان سه ر به کام گه رایشن . سه باره ت به وه ی دووهه میان باسه که م له ئه ساسدا هه ڵده گه ڕێته وه سه ر کادره کانی ئه و کۆمیته ئه سڵی‌یانه ی که ده توانن ته سمیم بگرن نه ک ئه ندامانی حیزب به شێوه ی گشتی . شێوه قوتب به ندی ئه ندامان به دووری هه ر کام له گه رایشه کان له وه زیاتر خۆی له کادره کان و سیاسه ته کاندا نیشان دابێ و به رانبه رکێ‌یه کی کۆنکرێت تر له م ڕاده یه دا پێک هاتبێ. ئه مه شتێکه که وێده چێ ئه مڕۆ خه ریکه ڕوو بدا.

به گشتی دوو جه ره یانی ڕاست هه یه که حیسابیان له باری سیاسی و کۆمه لایه تی‌یه وه لێک جیایه . یه که م ، ناسیونالیزمی کورد له ته شکیلاتی کوردستانی حیزب داو تا ڕه ده یه ک له ته شکیلاتی ده ره وه ی وولات دا نفووزێکی دیاری کراوی هه یه . ئه م جه ره یانه هه روه ک باسم کرد تا ئه م ئاخرانه زۆر بێ ده نگ بووه و به و ئه هرومانه که له ئاستێکی عه مه لی تردا بوو ته ئسیر دانان له سه ر کارو باری حیزب له ده ستی دابوو و ، به نفووزی مێژوویی سوننه ته کانی له خه باتی چه کدارانه و شتی له م بابه ته قانع و دڵ خۆش بووه . ئه م وه زعه ئه مڕۆ هێندێک گۆڕاوه و تا ڕاده یه ک ئه م جه ره یانه

زیاتر خۆ ده‌نوێنێ . گه‌رایشه‌كه‌ی تر حاسڵی هێرشی جیهانی بورژوازییه‌ دژ به‌ سۆسیالیزم به‌ گشتی و دژ به‌ ماركسیزم به‌ تایبه‌ت. له‌ ده‌ره‌وه‌ی حیزب ئێمه‌ به‌شێوه‌ی بوون به‌ سۆسیال دیموكرات و به‌ لیبراڵ و بوون به‌ چه‌پی نوێی هه‌ڵسووڕاوانی پۆپۆلیستی چه‌پی ئێران ده‌بینین . له‌ نێو حیزبیشدا ته‌ئسیراتێک له‌م بابه‌ته‌وه‌ ده‌بیندرێ. به‌ڵام دیسانیش به‌له‌به‌ر چاو گرتنی هیژمۆنی فكری ماركسیزمی ڕادیكاڵ و ئه‌رسه‌دۆكسی ماركسیزم له‌ حیزبی كۆمۆنیست دا ، ئه‌م گه‌رایشه‌ وه‌ک گه‌رایشێكی خامۆش و بێ ده‌نگ ده‌بیندرێ . ناكرێ به‌م جه‌ره‌یانه‌ بڵێی ئه‌كادیمیزم چوونكه‌ ڕاسته‌كه‌ی ته‌نانه‌ت جه‌وهه‌ری كاری ته‌حقیقی و نووسینیشی له‌ خۆی نیشان نه‌داوه‌ . زیاتر شێوه‌ی خۆ نواندنی ئه‌م جه‌ره‌یانه‌ محافه‌زه‌كاری سیاسی ، ناهه‌ڵسووڕاوی عه‌مه‌لی، كه‌حفه‌لیزم و شتی له‌م چه‌شنه‌یه‌ . له‌ باری فكرییه‌وه‌ به‌ بڕوای من ئه‌مانه‌ نوێنه‌ری گه‌رایشێكی دیموكراتی و سۆسیال دیموكراتیكن ، دیاره‌ ئه‌م گه‌رایشه‌ ڕاستانه‌ پێكه‌وه‌ نایه‌نه‌وه‌ و هیچ كامیشیان له‌ بوونی ئه‌وی تریان له‌ حیزب دا ڕازی نین .

مه‌ركه‌زی ئه‌م حیزبه‌ ، وه‌ له‌ ڕاستی دا له‌ باری چه‌ندایه‌تییه‌وه‌ گه‌وره‌ترین به‌شی ئه‌م حیزبه‌ له‌ هه‌مان سوننه‌تی ماركسیزمی شۆڕشگێڕی دژی پۆپۆلیست پێک هاتووه‌ كه‌ حیزبه‌كه‌ی خۆی به‌ سازكراوی ده‌بینێ و مه‌سه‌له‌ی ئه‌ساسیشی به‌ڕێوه‌ بردنی حیزب و به‌ ووته‌یه‌كی تر ته‌شكیلات داری یه‌ . ئه‌مه‌ جه‌ره‌یانێكه‌ كه‌ ناتوانێ كۆتایی پێ هاتنی سه‌نگ و سووكی فكری و سیاسی پێشوو ببینێ و به‌ ڕه‌سمی بناسێ. ئه‌مه‌ بانینێ كه‌ چوار چێوه‌ی فكری و سیاسی دژی پۆپۆلیستی به‌ كۆتایی پێ هاتنی پۆپۆلیزم خۆی ده‌بێته‌ شتێكی بێ مه‌سره‌ف و ناكافی. به‌ بڕوای من خه‌تی مه‌ركه‌ز له‌ باری كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی ڕاست پایه‌یه‌كی ماددی نییه‌ . ئه‌م جۆره‌ ماركسیزمی شۆڕشگێڕه‌ ، یانی بزووتنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی ڕووناكبیری كۆمۆنیست ، ده‌وره‌ی ته‌واو بووه‌ و هه‌ر جۆره‌ كۆمۆنیزمێكی ڕادیكاڵ و له‌ باری فكرییه‌وه‌ ئه‌رسه‌دۆكسی ته‌نیا له‌سه‌ر ئه‌ساسی بزووتنه‌وه‌ی سۆسیالیستی كرێكار ده‌توانێ وجوودی هه‌بێ . ئێمه‌ ئه‌م قسه‌مان له‌ كۆنگره‌دا كرد به‌بێ ئه‌وه‌ی كه‌ كه‌سێک له‌و مه‌ركه‌زه‌ پان و به‌رینه‌ی ڕه‌خنه‌ و ووشیار كردنه‌وه‌كه‌مان وه‌خۆ بگرێ. به‌هه‌رحاڵ ئه‌م مه‌ركه‌زه‌ی ئه‌مڕۆ هه‌مان چه‌پی پێشووی حیزبه‌ كه‌ له‌ هه‌ل و مه‌رجی ئه‌مڕۆ دا قسه‌یه‌كی زیاتری پێ نییه‌ ، وه‌ڵامێكی بۆ گیر و گرفته‌كانی كۆمۆنیزمی ئه‌مڕۆ نییه‌ و جاری وایه‌ ته‌نانه‌ت به‌ داخه‌وه‌ پرسیارێكیشی نییه‌ ، چوونكه‌ حیزبێک هه‌یه‌ كه‌ ده‌بێ بپارێزرێ، گه‌شه‌ بكا و ، ئه‌ندام بگرێ و ڕۆژنامه‌ ده‌ركا و شتی تر . هه‌ر وه‌ک گووتم له‌ هه‌موو پله‌یه‌كی حیزبی كۆمۆنیست دا ، له‌ كۆمیته‌ی ناوه‌ندییه‌وه‌ تاكوو خوار ، بێجگه‌ له‌ لقه‌كانی هه‌ڵسووڕانی حیزب له‌ ناو خۆی ئێران دا ، ئێمه‌ ئه‌م مه‌ركه‌زه‌ وه‌ک گه‌رایشی ئه‌سڵی ده‌بینین.

گه‌رایشی چه‌پ گه‌رایشێكه‌ كه‌ به‌باسی كۆمۆنیزمی كرێكاری و به‌ هه‌وڵدانی ئه‌م ساڵانه‌ی دوایی بۆ به‌ده‌سته‌وه‌ دانی بنه‌ڕه‌تێكی فكری و عه‌مه‌لی بۆ ڕێكخستنی سۆسیالیتی چینی كرێكار و باس كردنی مه‌سه‌له‌كانی كۆمۆنیزم له‌ ڕوانگه‌ی سۆسیالیزمی كرێكارییه‌وه‌ ده‌ناسرێته‌وه‌ . ئه‌م جه‌ره‌یانه‌ له‌ پێش پێک هاتنی حیزبی كۆمۆنیست و به‌ تایبه‌ت له‌ كۆنگره‌ی (اتحاد مبارزان كمونيست) ەوه‌ ووردە

وورده قاڵبی هاوبه شی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی شکاند . به کافی نه زانینی پاکی نه زه ری و ته ئکید دانان له سه ر خه سڵه تی کۆمه ڵایه تی کاری کۆمۆنیستی وه ک ڕێکخستنی ئیعتیرازی سۆسیالیستی خودی چینی کرێکار ئه م جه ره یانه ده ناسێته وه. له باری کۆمه ڵایه تیه وه ئه مه لقێک له و کۆمۆنیزمه یه که له هه موو ئه م ووت و وێژه دا باسم کرد. پایه ی ماددی ئه م جه ره یانه له کۆمه ڵدا زۆر عه ینی و به هێزه و ، هه ر ئێستا سه ره نجی ئه و به شانه ی ته شکیلاتی حیزبی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوه که ڕاسته وخۆ له شوێنی کرێکاری و بزووتنه وه ی ئیعتیرازی چینی کرێکار دا هه ڵده سووڕێن . ئه مه ئه و گه رایشه ی که حیزب به گشتی و له ئاستی ڕه سمی دا خۆی پێوه ده ناسێنێ ، به بێ ئه وه ی که له مه یدانی عه مه لی و هه موو مه یدانه کانی هه ڵسووڕانی حیزبدا قودره تێکی عه مه لی وای هه بێ که له گه ڵ جێگا و شوێنه ڕه سمیه که ی یه ک بگرێته وه.

ب،س: گوتت ئه م گه رایشانه به هۆی ته ئسیر وه رگرتن له هێندێک عاميلی ناوخوئیی و ده ره وه لێک دوور که وتوونه وه . ئه م عاميلانه کامانه ن و جیایی ئه م گه رایشانه به چ شکڵ و شێوه یه ک خۆی نیشان ده دا؟

م،ح: گرینگترین عامیل به بڕوای من گۆڕانکاریه که که خه ریکه له دنیادا به سه ر بزووتنه وه ی به ناو سۆسیالیستی دێ. کاتێک (ڕیڤیژنیزم) مه وزوعییه تی خۆی له ده ست بدا ، ئه و چه پە ڕادکاڵه ش که خۆی به (دژی ڕیڤیژنیزم) ناساندووه زه مینه ی بوونی خۆی له ده ست ده دا .چه پی ڕادیکاڵ یه ک له وانه ش جه ره یانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ له ئێران که دیفاعێکی ته واو و که ماڵی له پاکی نه زه ری و هه ڵگه ڕانه وه بۆ سه ر تیئۆری مارکس ده کرد، له ئه ساس دا وه ک ڕه خنه له ڕیڤیژنیزم و له به رانبه رکێ له گه ڵ ڕیڤیژنیزم دا گرینگی و مه وزووعییه تی هه بوو نه ک وه ک چوار چێوه ی ئیعتیرازێکی کۆمه ڵایه تی و چینایه تی . که وا بێ ئه وه ی ئێمه شاهیدی بووین ئه وه بوو که خه ت و بیر کردنه وه ی ڕه سمی نێو حیزب خه سڵه تی ڕه خنه گرانه و په لامار ده رانه ی بۆ سه ر دنیای ده وروبه ری خۆی له ده ست ده داو ده بێته ئایدیۆلۆژی حیزبێکی سیاسی و فه لسه فه ی به ڕێوه بردنی حیزب . ئه مه بۆ ماوه یه کی درێژ خایه ن په دیده یه کی زۆر ناسراوی نێو حیزب بوو که ڕابه ران ده یان نووسی تا ڕۆژنامه ده رچێ و ڕادیۆ به رمه ی هه بێ . ئه و هه ست کردن به به رهه ق بوون و په له بۆ سه لماندن و داسه پاندنی ڕوانگه ی خۆ به رانبه ر به گه رایش و جه ره یانه کانی تری نێو کۆمه ڵ که خه سڵه تی ده وره ی ڕه خنه گری دژی پۆپۆلیستی بوو وورده وورده نه ما. ئه مه چار هه ڵنه گر بوو چونکوو چوار چێوه ی دژی پۆپۆلیستی حیزب مه سه له ی واقیعی حیزب ده بێته مه سه له ی به ڕێوه بردنی حیزب . ئه م مه سه له یه مان له هه مان سه ره تای (بسوی سوسیالیسم) ی ژماره یه کدا ساڵێک پاش پێک هاتنی حیزب باس کرد . به هه ر حاڵ به ره و پاش گه ڕانه وه ی گه رایشه کان ده کرێ له وه دا ببینرێ که خه تی ڕه سمی هه ر له شوێنی خۆیدا ماوه و ته شکیلاتچیه تی به سه ر دا زاڵ بوو. سستی له خۆ نیشادانی ئه م جه ره یانه له هه مان حاڵدا هاوکات بوو له گه ڵ گۆڕانکاریه کی فکری و سیاسی زۆر

گرینگ لـه کوللـی ئـه و بزووتنه وه یه دا کـه بـه کۆمۆنیزم نـاسرا بـوو . ئه مـه جـه ریانێکی بـه رینی تیروانینـه وه و پاشگه ز بوونـه وه ی نـه زه ریی ، لـه نێو چـه پی رووناکبـیردا پێـک هێنـا . تـه نیا کۆمۆنیستێک ده یتوانی له م دوره یه دا هه لسووڕاوی پێشوو لـه خـۆی نیشـان بـدا و گه شـه و هـه ڵدانی پێشووی هه بێ که وه لامی بۆ مه سه له کانی ئه م دووره یه هه بێ .

ئه م وه لامه له چوارچێوه ی فکری پێشوو ده رنه کێشرا . بـه ڵکوو بـه ره خنـه گرتـن لـه م چوارچێـوه فکریـه ی پێشـوو ده رنه کێشـرا . بـه ڵکوو بـه ره خنـه گرتـن لـه م چوارچێـوه فکریـه لـه روانگـه ی سۆسیالیزمی کرێکاریه وه به ووته یه کی تر به ده رکه وتنی زه عفه عه مه لی یه کانی ئـه م جه ره یانـه له توانایی یه واقیعی یه کـه یدا بـۆ رێکخسـتنی کرێکـاری ، سۆسـیالیزمی کرێکـاری وه ک گه رایشێکی کـه ده خاله تی له حیزبی کۆمۆنیست دا هه بوو ، ئه مجار وه ک سوننه تێکی جیاواز ده سـتی بـه قسـه کـرد . له م دووره یه دا ئێمه شاهیدی ئه ده بیاتێکی جیاوازین کـه ئـه م خه تـه ده یهێنێتـه گـۆڕ و ریشـه ی لـه سوننه تی فکری دژی پۆپۆلیستی دا نییه . باسه کانی مه ربووت به شووره وی ، باسـه کانی مـه ربووت بـه رێکخستنی کرێکاری و شتی تـر ، گه رچی وه ک خه تی ره سمی له ئۆرگانه مه رکه زیه کاندا بلاو ده بنه وه ، مه علوومه که له هه لۆیستێکی ره خنه گرانه وه یه به رانبـه ر بـه م خه تـه ره سمی یـه ی تـا ئێسـتا و ته نانه ت هێندێک ئه سڵ و پایه ی به رنامه یی و تێگه یشتنی ئه ساسی تا ئێستای حـیزب . بـه بڕوای مـن پاش پێـک هـاتنی حیزب ، خـه تی کرێکـاری ، جـه ره یانی چـه پ ، وورده وورده و ، پـاش کۆنگـره ی سێهه م ئیتر به شێوه ی ره سمی ، حیسابی خۆی لـه خـه تی ره سمی حیزب جیـا ده کاتـه وه . تـا ئـه و جێگایه ی هه ڵ ده گه رێته وه سه ر نێو خۆی حیزبی کۆمۆنیسـتی ئـێران، باسـه کانی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری وه ک پـه لامارێک بۆسـه ر مه رکـه ز دێتـه گـۆڕ . جـه ره یانی چـه پ ئیددیعـای ئـه وه ده کـا کـه له گـه ڵ سوننه ته فکـری و عه مه لی یـه کانی حـاکم بـه سـه ر حیزبدا جیاوازیـه کی کۆمه لایـه تی و چینایـه تی هه یه .

حه ره که تی جه ره یانـه راسته کانیش لـه ئـاڵ و گـۆره جیهانی یه کانـه وه سـه رچاوه ده گـرێ . ناسیونالیزمی کورد به تایبه ت له ژێر ته ئسیری وه زعییه تی مه نته قه دایه . بێ ئاسۆیی ئه م سوننه ته لـه ده ره وه ی حـیزبی کۆمۆنیسـت بـه رۆشـنی ده بینـین . سـه رلی شێواوی سیاسـی و عه مـه لی حـیزبی دیموکرات و جه ره یانه کانی ئۆپۆزسیۆنی کورد له عیراق له که س شاراوه نییـه . ناسیونالیزمێکیش کـه به قه بووڵ کردنی چوار چێوه ی رادیکالتر و زمانی مارکسیسـتی خـۆی لـه حیزبی کۆمۆنیسـت دا زینـدوو راگرتووه هه ر له م بێ ئاسۆیی یه دا گیری کردووه . ناسیونالیزم ناسیونالیزمه و به بوونـی لـه حـیزبی کۆمۆنیست دا ، ئاسۆو روانگه ی کۆمه لایه تی یه که ی ناگۆرێ . بوحرانی سۆسیالیزمی بورژوایـی لـه ئاسـتی جیهانی دا ، سستی خه تی ره سمی له حیزبدا و ، سه ره نجام ره وتی به ره و پێش چوونی شه ری ئێران و عیراق که ده ره تانی ئه م جه ره یانانه ته نگتر ده کا ، انعیتاف پـه زیری و قـودره تـی مـانۆرو خۆراگـری ئه م جه ره یانه که م ده کاته وه . په لاماری چه پی نێو حیزبیش له م مه وقیعییه ته زیاد کـه ن ، دیـاره ئه م جه ره یانه ده بێ سه ره نجام له هه لۆیستی ئیسپاتی یه وه حه ره که ت و راوه ستاویه ک له خـۆی نیشان بدا.

گه رایشه كانی چه پی نوێی و سۆسیال دیموكراتیك ئیتر ڕه سمه ن حاسڵی وه زعییه تی جیهانی ئه م ئاخرانه یه . ئه م وه زعییه ته كۆمه كی كردووه كه به شێك له هه ڵسووڕاوانی چه پی ڕادیكاڵ تازه گه رایشه كانی خۆیان بناسن. هه موو باسی ئێمه ئه وه بوو كه چه پی ئێران له بنه ڕه ته وه جه ره یانێكی دژی ملهووڕی بووه. سه ره نجام ووردە بورژوازی ناڕازی ئێرانی كه ده ساڵ له وه پێش به هۆی موعته به ر بوونی ماركسیزم مه شغه ڵه كان و مه یل و بۆچوونه كانی له ژێر ناوی ماركسیزم دا باس ده كرد ئه مڕۆ كه هه موو دنیا خه ریكن كۆتایی پێ هاتنی ماركسیزم ڕاده گه یه نن بۆچی ده بێ ئه م قاڵبه نه شكێنێ و ئه م ناوه به دواای خۆیدا بكێشێ. جگه له وه تازه ده رفه تێك وه ده ست هاتووه كه ڕووناكبیری چه پی ئێرانی له ئاستێكی به رینتر دا ڕه گه فكرییه غه یره ماركسیستییه كان زیاتر بناسێ. له هه ل و مه رجێكی ئاوادا ، به بوونی گورباچۆڤیزم له ڕووسیه و كونێك كه له توێژی ئۆزۆندا پێك هاتووه و شتی له م چه شنه ، موشكیله بكرێ ئه م گه رایشه له حیزبێكدا به سوننه تی تایبه تی دژی پۆپۆلیزمه وه ڕازی ڕابگیرێ. ئه م جه ره یانه ئیتر به هیچ جۆر ناتوانێ له گه ڵ باسه كانی ئه مڕۆ سه باره ت به كۆمۆنیزمی كرێكاری بسازێ.

هه موو ئه مانه یانی ئه وه ی كه له حیزبی كۆمۆنیستی ئێرانیشدا هه روه ك كۆمه ڵ به گشتی ، سۆسیالیزمی غه یره كرێكاری ده گاته بن به ست و ده تاوێته وه و سۆسیالیزمی كرێكاری خۆی له مێژووی چه پی غه یره كرێكاری و له بیرو بۆچوون و پراتیكه كه ی جیا ده كاته وه . هه ل و مه رجی جیهانی ئه م ڕه ته ی له نێو حیزبی كۆمۆنیستی ئێراندا یه كجار خێرا كردۆته وه .

ب،س: هێزو نفووزی واقیعی گه رایشه ڕاسته كان له حیزبدا چه نده یه ؟

م،ح: وه ك هێزێكی ته شكیلاتی و عه ینی زۆر كه مه . به ڵام نفووزی عه مه لیان له سه ر كاروباری حیزب به شێوه ی پێك هێنانی مانع له سه ر ڕێگای پێشڕه وی سیاسه ته ڕادیكاڵه كانی حیزب كه م نییه . گوتمان ئه مه حیزبێكی ماركسیستی ڕادیكاڵه . ناسیونالیزم و سۆسیال دیموكراتیزم و شتی له م چه شنه له حیزبدا هیچ مه شرووعییه تێكیان نییه . كه وا بێ هێزو ده ور و نه قشی گه رایشه ڕاسته كانی حیزب نه ك به شێوه ی ئیسپاتی له هێز ی سه ر به خۆیاندا، به ڵكوو له توانایی ئه واندا بۆ كولكردنه وه ی تیژی سیاسه ته كانی چه پی نێو حیزب . ئه وه ی كه جیا بوونه وه مان له سوننه ت و ڕه وشته كانی چه كدارانه ی میللی و جێ گۆڕكێیان له گه ڵ خه باتی چه كدارانه ی كۆمۆنیستی له كوردستان ده بێته ڕه وتێكی دوور و درێژ ، ئه وه ی كه پێك هێنانی ڕێكخراوێكی كۆمۆنیستی ڕۆشن بین، پڕ كارو به ده ربه ست له ده ره وه ی وولات تووشی ئه م هه موو هه ڵس و كه وته ده بێ، ئه مانه شوێنه وار و نیشانه ی ڕاوه ستانی ئه م گه رایشانه ن . ئه مانه ئاڵا هه ڵگریان نییه و، له و چوار چێوه ماركسیستی و ڕادیكاڵه دا كه به سه ر حیزبدا زاڵه ناتوانن خۆ نواندنێكی سه ربه خۆیان هه بێ. به ڵام واقیعین و ده كرێ له هه موو هه ڵسووڕان و كارو بارێكی ته شكیلاتی دا زه حمه ت ساز كردنه كانیان نیشان بده ی. له سه ر جه می خۆیدا گه رایشی ناسیونالیستی له چاو ڕاستی ڕووناكبیری و سۆسیال دیموكراتیك

په دیده یه کی عه ینی تره و باشتر ده کرێ ئه ندازه ی بگیرێ. ئه وه ی دووهه میان زیاتر وه ک مه یل و بۆچوونی فه ردی و مه حفه لی لێره و له وێ ده بیندرێ .

ب،س: که وابێ ، تا ئه و جێگایه ی هه ڵده گه ڕێته وه سه ر گه رایشه کانی نێو حیزب ، ڕه خنه ی ئێوه ، له ڕوانگه ی کۆمۆنیزمی کرێکارییه وه ، له ئه ساسدا ڕووی له گه رایشی مه رکه زه له نێو حیزبدا . چونکوو هه ر وه ک خۆت باست کرد مه یل و سوننه ته کانی ڕاست ته نانه ت له هه مان چوارچێوه ی قه دیمی فکری و سیاسی حیزبیشدا جێگایه کیان نییه . به لام ، له ڕه خنه گرتن له مه رکه زدا ، ده بێ مه سه له یه ک ڕۆشن بێته وه . ئه گه ر باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوار چێوه ی فکری سه ره تایی حیزب به هه ر حاڵ هه رتکیان نوێنه رایه تی ته ئکید دانان و هه ڵگه ڕانه وه بۆ ئه رسه دۆکسی مارکسیزم ده که ن، ئیتر به پێی قاعیده نابێ ڕه خنه ی ئه مڕۆی ئێوه ڕه خنه یه کی نه زه ری له چوار چێوه ی فکری سه ره تایی حیزب بێ . به کرده وه ش وا وێ ده چێ که له ده روونی حیزبدا باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری نه ک وه ک ڕه خنه یه ک له پراتیکی حیزب دانراوه . ئایا ئه م لی حالی بوون و تێگه یشتنه به دروست ده زانی؟

م،ح: نه خێر ، هه ڵبه ت زۆر له هاوڕێیان پێیان خۆشه به م شێوه یه بیر بکه نه وه ، چونکوو ئه م شێوه یه به جۆرێک باسی ئه مڕۆ له درێژه ی باسه کانی دوێنێ دا نیشان ده دا و لێک هه ڵپێکرانی مێژوویی حیزب ڕاده گرێ . به بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕه خنه یه کی نه زه ری جیددی له چوارچێوه ی فکری ناسراو به مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی تێدایه . ئه وه ی که هه رتکیان ته ئکیدیان کردووه ته سه ر ئه رسه دۆکسی مارکسیزم بو وه ک یه ک فه رز کردنیان یان ته نانه ت له باری تیئۆریکه وه کافی نییه . هه موو قسه که له سه ر تێگه یشتنی جیاوازی ئێمه یه له و مارکسیزمه و له و ئه رسه دۆکسییه . به ووته یه کی تر ، کۆمۆنیزمی کرێکاری له سه ر جه مى خۆیدا هه ڵوێستێکی ڕه خنه گرانه ی جیددی سه باره ت به ڕابووردووی فکری و سیاسیمان هه یه . با ئه مه زیاتر ڕوون که مه وه و چونکوو پێم وایه به تایبه ت له باری چاره نووسی ئه م جه ره یانه له حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا گرینگه .

پێشتریش باسم کرد که من له به رانبه رکێی بزووتنه وه کانه وه ، وه ک په دیدا جۆراوجۆره کانی کۆمه لایه تی ، بۆی ده چم و ته نیا له سه ر ئه م ئه ساسه ده توانم به رانبه رکێی مه کته به کان و ده زگا فکرییه کان بناسم. ( مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران ) بزووتنه وه کی ماددی بوو که له کۆمه ڵی ئێراندا له ده وره یه کی دیاریکراودا وه ڕێ که وت و نه تیجه و به رهه می واشی له ئاستی کۆمه ڵدا به دواوه بوو که به ته واوی هه ستی پێ ده کرێ و ده کرێ ببینرێ. زۆر که س پێیان خۆشه ئه مه وه ک ناوێک حیساب بکه ن که ( اتحاد مبارزان کمونیست ) وه ک گروهێکی کۆمۆنیستی له سه ر خۆی دانا بوو. ئه مانه ته نانه ت مێژوو نووسێکی باشیش نین. ڕاسته که ی ئه وه یه که جه ره یانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران

جەرەیانێکی ڕەخنەگر بوو لە نێو چەپی ڕادیکاڵی غەیرە کرێکاری ئێراندا کە لە ماوەی ساڵەکانی ٥٧-٦١ (٧٩-٨٢ی میلادی) یەوە نفووزێکی بەرینی کردە ناو چەپی ئێران و سەرەنجام سیمای سیاسی و نەزەری ئەم چەپەی گۆڕی. ئەم جەرەیانە ناوەڕۆکی هاوبەشی کوللی گەرایشە چەپە ڕادیکاڵەکانی ئێران، یانی خەڵک گەرایی بردە ژێر پرسیار و بووە ئامرازێک بۆ داچڵەکاندنێکی فکریی ئەساسی لە نێو ئەم چەپەدا. ڕاستەکەی لە مێژووی چەپی ئێراندا زۆر کەم حاڵەتێکی ئاوا کلاسیک لە گەشە و گشتی بوونەوەی ڕەخنەیەک و سیستمێکی ڕەخنەگرانە بینراوە. ڕێک هەروەک چۆن مەکتەبێک، لە نەقاشی یان مۆسیقا و ڕەخنەی ئەدەبی دا گشتی دەبێتەوە مارکسیزمی ئێرانیش لە چوار چێوەی چەپی ڕادیکاڵ دا گشتی بووە. هەندێک بیرو بۆچوون کە لە پێشدا لە چەپی ڕادیکاڵدا گشتی بووە. هەندێک بیرو بۆچوون کە پێشدا لە لایەن گرووهێکی بچووکەوە هاتنە گۆڕ، لە ماوەیەکی زۆر کەم دا زۆر قسەکەرو، موبەللیغ و لایەنگری لە هەموو بەرینایی چەپی ئێراندا وەدەست هێنا. لە هەموو ڕێکخراوەکاندا فشاری ئەم جەرەیانە ڕەخنەگرە زیادی کرد، نەک هەر گەرایشی زۆر بەهێز بە لایەنگری لەم ڕەخنەیە پێک هات بەڵکوو موخالیفەکانیشی زۆر زۆر زمان و فۆرمۆڵبەندییەکانی ئەم جەرەیانەیان وەرگرت و بەکاریان هێنا. ئەم جەرەیانە ئاڵای بەرەو چەپ وەرسووڕانی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ لە ئێران بوو و زۆر زوو هێزێکی وا بەرینی گرتە بەر کە بە کردەوە بووە ڕێڕەوی ئەسڵی ڕادیکاڵیزمی چەپ لە ئێراندا و موعتەبەرترین و هەڵسووڕاوترین حیزبی سیاسی چەپی ڕادیکاڵ، حیزبی کۆمۆنیست، ی پێک هێنا. چەپی ئێران لە ماوەی شۆڕشی ٥٧ دا تەجزیە بووەوە، مەرکەزەکەی تووشی سەرلی شێواوی بوو، ڕاستەکەی بەرەو حیزبی توودە و سۆسیال دیموکراسی وەرسووڕاو چەپەکەی، لەسەر ئەساسی ئەم ڕەخنە مارکسیستییە شۆڕگێڕە لە خەڵک گەرایی، بوو بە جەرەیانێکی حیزبی بەهێز.

ئاشکرایە کە ئەم جەرەیانە ڕەخنەگرە بەرانبەر بە خەڵک گەرایی پشتی بە ئەرسەدۆکسی ی مارکسیزمەوە دابوو. ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی ئەم جەرەیانە مارکسیزمیان لە ڕەخنە گرتن لە پۆپۆلیزم دا بەرتەسک نەدەکردەوە و ئاوا نەیاندەهێنایە خوار. بەڵام بەهەرحاڵ ئەم جەرەیانە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیمایەکی تایبەت و دیاری کراوی لە خۆی نیشان دەدا. ئەوەی کە ئێمە، وەک هەڵسووڕاوان و سەردەمدارانی ئەم جەرەیانە، چ تێگەیشتنێکمان لە مارکسیزم هەبوو باسێکە و ئەوەش کە بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک بزووتنەوەیەکی عەینی و ناسراو چ تێگەیشتنێکی لە مارکسیزم بە دەستەوەدەدا باسێکی ترە ئەمەی دووهەمیان زۆر گرینگرتە. لە هەموو بزووتنەوەکاندا هەروایە. ئەو بەشە لە بیرو بۆچوون و ئاگاهی ڕابەران و هەڵسووڕاوانی جەرەیانێک دەبێتە تایبەتمەندی فکری و عەینی بزووتنەوەیەک بە گشتی کە لەگەڵ پێداویستییەکان و تایبەتمەندییە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەوە. بزووتنەوەیەک بەهەرحاڵ مەشغەڵەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی دەبێ کە نیشاندەری هەموو ئاسۆی هەڵسووڕان و سەردەمدارانی فکری ئەم بزووتنەوەیە نییە. جەرەیانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ئاڵای ڕادیکاڵ بوونەوەی چەپی ڕووناکبیری ئێران بوو لە ژێر فشاری مارکسیزمی کرێکاری داو مەزنی

مه عنه وی مارکسیزم که تازه خه ریک بوو به شێوه یه کی ده ستی هه وه ڵ یان به ڕیوایه تێکی ئوسوولی تر له نێو چه پی ئێراندا ده هاته گۆڕ. به هه ر حاڵ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وه ک جه ره یانێک تا ئه و جێگایه هه ڵده گه ڕاوه سه ر ئه رسه دۆکسی مارکسیزم که بۆ چه پێکی غه یره کرێکاری له شۆڕشێکی دیاری کراودا به کار ده هات. ڕه نگه زۆر هه ڵسووڕاوی ئه م جه ره یانه له مێشکی خۆیدا ئاسۆیه کی واوه تر یان به رته سکتر له وه یان بووبێت.

هه ڵگه ڕانه وه بۆسه ر مارکسیزم له چوارچێوه یه کی دیاریکراو داو له چوارچێوه ی گیرو گرفتێکی کۆمه ڵایه تی دیاریکراودا که ئه م بزووتنه وه یه له پێش خۆی دانابوو کرا. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئه م چوار چێوه و ئه م گیرو گرفته کۆمه ڵایه تی‌یه ده داته به ر ڕه خنه و ده یشکێنێ و که وابێ کۆمه ڵێک له مه سه له نه زه ری و گیرو گرفته فکری و به رنامه یی‌یه کان داده نێته پێش خۆی که ئه ساسه ن ناکرێ له چوارچێوه ی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا بێته گۆڕ چ بگا به وه ی که وه ڵامیان بدرێته وه. پرسیاری ئه ساسی ئه وه یه که جه ره یانی (مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران) و کۆمۆنیزمی کرێکاری هه رکامیان ده گه ڕێنه سه ر کام به شی مارکسیزم. ئه گه ر بمه وێ ڕه خنه ی تیئۆریکی ئه مڕۆی خۆم له سیسته می فکری ناسراو به (مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران) هاسانتر باس بکه م و له جومله یه کدا بیلێم، ده بێته ئه وه: ئه م جه ره یانه ڕوانگه یه کی مێژوویی و تێگه یشتنێکی کۆمه ڵایه تی له خودی مارکسیزم وه ک تیئۆری‌یه ک و بزووتنه وه یه ک نه بوو. به بڕوای من ئه م جه ره یانه مارکسیزمی وه ک تیئۆری‌یه ک زۆر باش ته فسیر ده کرد، هه ڵبه ت تا ئه و جێگایه ی بۆ ئه و کاره کۆمه ڵایه تی‌یه ی که له پێشی بوو پێویستی به هه ڵگه ڕانه وه بۆ سه ر مارکسیزم هه بوا. ئه م جه ره یانه نه تیجه گیری سیاسی و تاکتیکی ئه ساسه ن دروستی له م تیئۆری‌یه ده کرد. تا ئه مڕۆش دانه دانه ی هه ڵوێسته کانی ئه م جه ره یانه به رانبه ر به گیر و گرفته سه ره کی‌یه کان و مه سه له سیاسی‌یه کانی ده وره ی شۆڕش و پاش شۆڕش دروستن و له سه ر جێی خۆیانن. به ڵام که م و کوڕی‌یه که له وه دا بوو که مارکسیزم بۆ ئه م جه ره یانه سه ره نجام تیئۆری‌یه ک بوو، تیئۆری‌یه ک که ڕاستی‌یه کانی دنیای سه رمایه داری ڕۆشن ده کرده وه و ڕه خنه ی لی ده گرتن. تیئۆری‌یه ک که ڕه خنه ی کرێکار له کۆمه ڵی سه رمایه داری به یان ده کا. ئه م ڕه خنه یه و ئه م تیئۆری‌یه نوخته ی ده ست پێکردنی بیرو بۆچوون و بیرکردنه وه سه باره ت به پراتیکی کۆمه ڵایه تی بوو. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران ده یه ویست بزووتنه وه یه کی پراتیکی و، هه ڵبه ت کرێکاریش، له سه ر ئه ساسی ئه م تیئۆری‌یه ڕێک بخا. ئه مه ڕوانگه یه کی سه ره و بنه. به بڕوای من هه ر لێره دا ڕوانگه ی غه یره مێژوویی ئه م جه ره یانه و جیاوازی له گه ڵ یه کێک له بنه ڕه تی ترین پایه کانی مارکسیزم ده رده که وێ. مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران هێشتا مارکسیزم وه ک تیئۆری‌یه ک به شێوه یه ک چاو لی ناکا که مارکس باسی ده کرد. به ووته یه کی تر خودی مارکسیزم وه ک تیئۆری‌یه کی دیاری کراو به شێوه یه کی غه یره کۆمه ڵایه تی و غه یره مێژوویی ده بینێ. تێزه کانی مارکس له باره ی فۆرباخه وه، که به ووردترین شێوه ڕوانگه ی مارکس سه باره ت به په یوه ندی نێوان بیرو بۆچوون و پراتیکی کۆمه ڵایه تی و چینایه تی باس ده کا، خودی مارکسیزمیش وه ک بیرو بۆچوونێک ده گرێته به ر. ناکرێ هه موو نه زه ر و بیرو بۆچوونێک وه ک حاسڵی کۆمه ڵ

ببینرێ ، دەکار هێنانی مێژوویییان بۆ بدۆزرێتەوە، ڕاست بوون و ڕاست نەبوونیان بە پراتیکی کۆمەلایەتییەوە گرێ بدرێ ، لە هەمان حاڵ دا لە خودی مارکسیزم وەک بیرو بۆچوونێکی جیاواز و لە پێشتر لە پراتیکی کۆمەلایەتی ، جیاواز لە دەکار هێنانی مێژووییەکەی و وەک کۆکراوەی حوکمە ڕاستەکانی سەبارەت بە جیهان حاڵی بێ . ڕۆشنە کە بەشە جۆراو جۆرەکانی تیئۆری مارکس ، لێکدانەوەی لەسەر شێوەکانی بەرهەم هێنان ، لەسەر سەرچاوەی سوود ، لەسەر دەوڵەت و شتی تر هەموویان حوکمی عیلمین و بە جیاواز دەکرێ تێیان بگەی . بەلام قەبووڵی ئەمانە قەبووڵی مارکسیزم نییە چونکە ئەساسی مارکسیزم ڕەخنەگرییە . نەک ڕەخنەی مێشکێک لە دەورو بەری خۆی، بەڵکوو ڕەخنەی پراتیکێک و بزووتنەوەیەکی عەینی و ماددی لە کوللی کۆمەڵ . ناکرێ حوکمە مارکسیستییەکان وەک کۆمەڵێکی بیرو باوەڕی کۆکرێتەوە و نێوی مارکسیزمی لی بنرێ . مارکسیزم پێش هەموو شتێک یانی لە هەمان هەڵوێستی کۆمەلایەتی و لە جەرگەی پراتیکی کۆمەلایەتی-ڕەخنەگرانەدا بوون کە تازە دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێ کە ئەم حوکمانە وەک ڕەخنە بەکار ببرێن . لە سمینار دا هەوڵم دا ڕۆشنی بکەمەوە کە چۆن ئەم هەڵوێستە کۆمەلایەتییە تایبەتەو ئەم پراتیکە کۆمەلایەتییە تایبەتە ناکرێ لە مارکسیزم وەک تیئۆرییەک جیا بکرێتەوە و چۆن مارکسیزمی غەیرە کرێکاری ناکۆکی یەکە لە نێو خۆی دا .

لە کۆنگرەی دووهەمدا من ئیشارەم بەم زەعفەی چوارچێوەی مەوجوود کرد. گوتم ئێمە نەک هەر بۆ سەر تیئۆری مارکسیزم ، بەڵکوو دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەو شوێن و پایە کۆمەلایەتییە کە تیئۆری مارکسیزم خۆی هەڵدەگەڕێتەوە سەری . مارکسیزم ڕەخنەیەکی زانایانە و خێر خوازانە لە سەرمایەداری نییە . ڕەخنەی کرێکارە وەک چینێکی دیاری کراوو وەک موعتەریزێکی زیندوو لە نێو کۆمەڵی سەرمایەداریدا . بۆ حیزبێکی سیاسی ڕاوەستان لەسەر ئەم شوێنە کۆمەلایەتییە هێندەی قەبووڵ بوونی زێدە ئەرزش دیاردە و محەکی کۆمۆنیست بوونە . ئەمە بۆ هاوڕێیانی ئێمە نەزەر گۆڕینێکی تیئۆریک سەبارەت بە چوارچێوەی پێشوو نەبوو . بەڵکوو پێداگرتنێک بۆ جیهەت گیرییەکی پراتیکی بەرەو چینی کرێکار بوو . لە حاڵێکدا هەروەک باسم کرد ئەمە مەسەلەیەکی لە بنەڕەت ڕا تیئۆریکە کە خۆی لە ئیختیلافاتێکی جیددی لە بەیانی نەزەری ئەو مەسەلانەدا دەنوێنێ کە بەرەو ڕوومانە و هەر ئێستاش خۆی نواندووە . نموونەیەکی ئەم ئیختیلافەمان لە باسەکانی سەبارەت بە مەسەلەی شوورەوە دا دیت . بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، لە چوار چێوەی سوننەتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران دا ، هۆی شکستی نیهائی شۆڕشی کرێکاری لە شوورەوی بە (زاڵ بوونی ڕیڤیژنیزم ) دەزانی . باسی ئێمە ، من و هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین ، لە بۆڵتەنی شوورەوە دا ڕێک ئەم لێکدانەوەیە دەداتە بەر ڕەخنە و ڕەتی دەکاتەوە .بە جێگای ئەوەی بگەڕێین هۆیەکانی شکست لە لادانی ئەم و ئەو لە مارکسیزم وەک تیئۆرییەک دەربکێشین ، ئێمە بزووتنەوەی کۆمەلایەتی چینی کرێکار و مەحدوودیەتەکانی و ئاسۆدار بوون و بێ ئاسۆیییەکەی دەکەینە ئەسڵ . جا ئەوجار لێرەوە دەچینە سەر لێکۆڵینەوەی هۆیەکانی ئەوەی کە دەکار هێنانی مارکسیزم وەک تیئۆرییەک لە لایەن بزووتنەوەی کۆمەلایەتی چینەکانی ترەوە گۆڕا . لە بارەی خودی مەقوولەی

ڕیڤیژنیزمەوە ئێمە ڕوانگەی مەکتەبی ڕەت دەکەینەوە و ڕیڤیژنیزم وەک سیستمێک و وەک ڕووبینای فکری ئەو بزووتنەوەیە کۆمەڵایەتییانە دەدەینە بەر لێکۆڵینەوە و بە پێی ئیختیلافی کرێکار لەگەڵ ئەم بزووتنەوانە دەگڕیان ڕۆ دەچین نەک بە نێوی وەرگەڕان لە مەکتەب . سەبارەت بە مەسەلەی وەک هەل و مەرجی جیهانی ، خەباتی ئابووری کرێکار ، ئیسلاحات ، لێکدانەوەی حیزبە سیاسی یەکان ، لێکدانەوەی مێژوویی کۆمۆنیزم ، دیاری کردنی ئەرکەکان و ئاسۆی حیزبی کۆمۆنیست ، کاری کۆمۆنیستی لە نێو چینی کرێکار داو شتی تریش دەکرێ ئەو ئیختیلافە جیددییە نەزەرییانە ببیندرێ کە لە نێوان کۆمۆنیزمی کرێکاری و چوارچێوەی فکری پێشوودا پێک دێ . ئەم ئیختیلافانە ، تا ئەو کاتەی کە چوارچێوەی فکری پێشوو پۆپۆلیزمی دەدایە بەر ڕەخنە بە تەواوی دەرنەدەکەوتن . باسم کرد لەم مەیدانە دیاری کراوەدا ، تا ئەو جێگایەی کە بیرو بۆچوونی مارکسیستی دەچێتە شەڕی خەڵک گەرایی ، قسەیەکی زۆر لەو زیاتر یان جیاوازتر ناکرێ بکەی . بەلام کاتێک کاری پۆپۆلیزم تەواو دەبێ و گیر و گرفتی تازە ، بە تایبەت مەسەلەی پراتیکی کۆمۆنیستی و بوحرانی سۆسیالیزمی بورژوایی ، دێتە گۆڕ ، نوختە زەعیفەکانی چوار چێوەی پێشوو دەردەکەوێ.

ب،س: بەلام بەشێکی گرینگ لەم ئیختیلافاتە نەزەرییانە کە دەیهێنینە گۆڕ لە ساڵەکانی ڕابووردوودا هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا و وەک خەتی ڕەسمی یان تێگەیستن و هەڵێنجان لە هەڵوێستە ڕەسمییەکانی حیزب هاتووە گۆڕ.

م،ح: بەلێ ڕاستە . مەبەستم لە (مارکسیزمی شۆڕشگێڕ) ئەو چوارچێوە و سەنگ و سووکی فکرییە نییە کە لە سەردەمی ئێستادا دەڕوانێتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. بە بڕوای من ئەم نێوە بەمانای دەقیقی ووشە دەکرێ تەسویرێک لە جەرەیانی ئێمە تا پێش کۆنگرەی (اتحاد مبارزان کمونیست) بێ . یانی تا ئەو برگەیە کە باسی پراتیکی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی جیددی هاتە گۆڕ و کەم و کووڕییەکانی سیستمی فکری پێشوو دەرکەوت . دوای ئەم برگەیە و بە تایبەت پاش پێک هاتنی حیزبی کۆمۆنیست وورد وورد نەزەراتێک لە چوار چێوەی خەتی ڕەسمی حیزب دا دێتە گۆڕ کە ئیتر هی ئەم سوننەتە نییە. خودی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەشێوەی ڕەسمی سێساڵ و نیو لەوە پێش لە کۆنگرەی دووهەم دا هاتووەتە گۆڕ. ئەمە برگەیەکە ئیتر ئێمە بە ڕانبەرکێیەکی کەم یان زۆر ڕەسمی و ئاشکرای کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ چوارچێوەی فکری پێشوو و لەگەڵ گەرایشە فکرییەکانی دیکەی نێو حیزب دەبینین. ئەوەی کە لە دەورەیەک دا ، لەڕاستیدا هەتا کۆنگرەی سێهەم ، ئەم باسانە وا دێنە گۆڕ کە لەگەڵ ڕابووردوودا لێک هەڵێکراون نابێ سێبەر بخاتە سەر جیاوازییە فکری و عەمەلییەکانی ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ چوارچێوەی پێشوو . من خۆشم تا ڕادەیەک کە لە چەند ساڵ پێشەوە لەو بەرانبەکێیە گەیشتووم هەتا ئەو جێگایەی لە توانام دا بووە بوی نیشاندانی خەسلەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بە تایبەت نەزەراتێک کە لەم دەورەیەدا باسم کردووە دوورە پەرێزیم لە بەکار هێنانی عیبارەتی (مارکسیزمی شۆڕشگێڕ) کردووە.

با ئەوەش بلێم کە جیاوازی ڕوانگەکانی ئەمڕۆمان لەگەڵ چوار چێوەی فکری پێشوو شتێک نەبووە کە بە جارێک پێی گەیشتبین. ئەمڕۆ زانیومانە کە ئەمانە سوننەتی فکری لێک جیاوازن ، بەلام

مه‌رج نییه له هه‌وه‌ڵه‌وه له به‌رینایی نه‌زه‌ری و قووڵایی کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌م ئیختیلافانه ئاگادار بووبین.

**ب.س: ئه‌م باسانه چۆن ده‌کرێ له حیزبی کۆمۆنیست دا بچنه پێش و جێ بکه‌ون. با به شێوه‌یه‌کی تر پرسیاره‌که‌م باس بکه‌م. هه‌روه‌ک باست کرد له حیزبی ئێمه دا له ئاستی ڕه‌سمی‌دا موخاله‌فه‌تێک له‌گه‌ڵ ئه‌م جه‌ره‌یانه ده‌رنابڕدرێ. هه‌ر ئه‌مڕۆ هه‌موو ته‌شکیلات و ئۆرگانه حیزبی‌یه‌کان موافیقی ئه‌م ڕوانگه‌یه‌ن، بۆ نموونه ئه‌و باسانه که به قه‌ولی تۆ ڕه‌خنه‌یه‌کی ئه‌ساسی له چوارچێوه‌ی فکری و سیاسی حیزب ده‌گرێ وه‌ک هه‌ڵوێستی ڕه‌سمی له ئۆرگانی مه‌رکه‌زی حیزب دا چاپ ده‌بن. سه‌ره‌ڕای ئه‌م قه‌بووڵ کردنه گشتی‌یه گرێی کار له کوێ‌دایه.**

م.ح: (موافه‌قه‌ت) کردن ئه‌و شته نییه که ئێمه به شوێنی دا بگه‌ڕێین هه‌رگیز له‌م باره‌یه‌وه که‌ممان نه‌هێناوه. ئێمه موافقمان ناوێ، هاوفکرمان ده‌وێ. موافیق که‌سێکه که وه‌ڵامی ئینسان به پرسیارێک به‌هه‌رحاڵ قه‌بووڵ ده‌کا، به‌ڵام هاوفکر که‌سێکه که له خودی پرسیاره‌که‌دا له‌گه‌ڵ ئینسان شه‌ریکه. هۆی موخاله‌فه‌ت نه‌کردنی ڕه‌سمی گه‌رایشه‌کانی تر له‌گه‌ڵ ئه‌م باسانه پێش هه‌موو شتێک ئه‌وه‌یه که ئاڵته‌رناتیڤیان نییه. ئاڵاهه‌ڵگریان نییه یان به پێی محه‌که‌کانی خۆیان پێیان وایه که له هه‌ل و مه‌رجی ئێستا دا موخاله‌فه‌ت کردن به زه‌ره‌ریانه. به‌کورتی بۆ موخاله‌فه‌ت کردن ئاماده نین. قه‌بووڵ کردنی ڕه‌سمی و پاشان ڕاوه‌ستانی عه‌مه‌لی له به‌رانبه‌ر نه‌تیجه‌گیری‌یه‌کانی که له‌م باسه ده‌رده‌کێشرێ، هه‌زم کردنی ئه‌م باسانه و کول کردنه‌وه‌ی تیژی‌یه‌که‌یان شێوه‌ی ئه‌سڵی به‌رخوردی ئه‌م گه‌رایشانه‌یه به باسه‌کانی ئێمه.

ئه‌م خه‌ته پێویستی به موافیق نییه. پێویستی به کادرو ڕابه‌ر و هه‌ڵسووڕاوه، ده‌وره‌ی خه‌باتی دژی پۆپۆلیستی بێننه‌وه بیر، هه‌ر ئه‌نادامێک و هه‌ڵسووڕاوێکی ئه‌م جه‌ره‌یانه نوێنه‌رێکی پڕ له هه‌ست و به متمانه به خۆو تێکۆشه‌ری ئه‌م خه‌ته بوو. ئه‌مانه ئه‌و که‌سانه بوون که وه‌ڵامی مه‌سه‌له واقیعی و پێویسته‌کانی خۆیان وه‌رگتبووه‌وه. ئه‌م جه‌ره‌یانه نوێنه‌ری بیرو باوه‌ڕ و ئه‌رکه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی خودی ئه‌وان بوو. بۆ به‌سه‌رکه‌وتن گه‌یاندنی ئه‌م بیرو باوه‌ڕه‌یان له شوێنی هه‌ڵسووڕانیان، له ڕێکخراوه‌که‌یاندا و له هه‌ر مه‌رکه‌زێک که ده‌یانتوانی جێی بخه‌ن پێیان داده‌گرت. ئه‌مڕۆش کار به‌بێ هه‌ڵسووڕاوان و ڕابه‌رانێکی ئاوا ناچێته پێش. ئێمه ئه‌مانه‌مان به‌و ئه‌ندازه‌ی که پێویست نییه و ده‌بێ پێکی بێنین.

**ب.س: که‌وابێ مه‌سه‌له له‌سه‌ر په‌روه‌رده کردنی کادره؟**

م.ح: ئه‌م جۆره به‌یان کردنه باش نییه. یه‌که‌م، په‌روه‌رده‌کرنی کادر باری ئامووزشی و ته‌ربیه‌تی هه‌یه که ئه‌سڵه‌ن مه‌به‌ستی ئێمه نییه. دووهه‌م هه‌وڵدانی ئێمه لایه‌نێکی به هێزی ته‌شکیلاتی هه‌یه. مه‌به‌ستمان ئامووزش دان یان ته‌رویج کردنی ئه‌م باسانه نییه. ئێمه خه‌ریکین ڕوانگه‌و

سیستمێکی فکری و عه مه لی دیاری کراو له ئاستی کۆمه ڵدا ده هێنینه گۆڕ تا هێزه ماددی یه کانی خۆی لی کۆبێته وه . له پێشیشدا گوتم که پایه ی ماددی ئه م جه ره یانـه لـه نێـو بزووتنـه وه ی ئیعتیـرازی سۆسیالیستی و لـه نێـو خـودی چینـی کرێکـار دایـه و ده بـێ لـه وێ بـه شـوێنی دا بگـه ڕێی . ئێمـه هه ڵبژاردنێکی فکری و سیاسی مان ناوه ته پێـش کۆمۆنیسـته کان ، هه ڵسـووڕاوانی سۆسیالیسـتی چینـی کرێکار و هـه روه ها دیـاره هه ڵسـووڕاوانی حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێرانیش بـه تایبـه ت ، ئه وانـه ی کـه مه سه له ی خۆیان و ئۆردووی خۆیان له م نه زه رانه و له و گه رایشه فکریو سیاسـی‌یه دا ده بینیـن دیـاره به ده وری‌یه وه کۆده بنه وه . قسه ته نیا له سه ر کادری ئه م جه ره یانـه نییـه . ڕابـه رانی ئـه م خه تـه ده بێ هه ڵکه ون و یه کگرن.

له لایه کی تریشه وه حیزب ده بێ به کرده وه له سه ر ئه ساسی ئه م گه رایشه کۆمۆنیستی‌یه پێـک بـێ . له پێشیشدا گوتوومه که ئه م حیزبه حیزبێکی چه ند پایه و چه ند بنه یه و ، به بڕوای ئێمه ده بـێ ببێته حیزبێکی یه ک پایـه ی سۆسیالیزمی کرێکـاری لـه ئێران . ئه مه یـانی خـه بات بـۆ وه لا بردنـی گه رایشـه کانی دیکـه ی نێـو حیـزب ، ته نانـه ت ئه گـه ر له گـه ڵ هـه موو بڕیـار نامـه کان و په سـه ند کراوه کانی مه وجوودی چه پی کرێکاری له نێو حیزبیشدا موافیق بن . لـه به ره یـه کی چـه ند حیزبیشـدا ڕه نگـه له سـه ر سیاسـه ته کان تـه وافق هـه بێ . ئێمـه حـیزبێکی یـه ک گـه رایش مـان ده وێ . ئێمـه هاونه زه ری و هاو عه مه لیمان له سه ر ئه و بابه تانه ده وێ که هیچ کات له بڕیارنامـه کان و په سه ند کراوه کـاندا باسیان نـاکرێ. هـاو عه مه لی‌یـه ک کـه سـه ر چـاوه ی لـه وه دایـه کـه هـی حـیزبێک و سوننه تێکی خه باتکارانه ی واحیده . تـه نیا لـه م حاڵه تـه دایـه کـه ده کـرێ ئـه و هێزه یـه کجار زۆر به رینه ی که بۆ په ره پێدانی کۆمۆنیزمی کرێکـاری و بزووتنـه وه ی حیزبی‌یه کـه ی هه یـه وه دی بێنـێ . به هـه ر حـاڵ ئـه م موافه قه تانـه ی کـه هـه ن لـه مه یدانی ته شکیلاتی‌دا ئێمه بـێ ئـه رک ناکـا. بـه پێچه وانه ده بێ له م هه ل و مه رجـه بـۆ یـه ک کاسـه کردنـه وه ی حیزب له سـه ر ئه ساسی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری لـه حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێراندا ده یـه وێ زۆر لـه موافیـق بـوون و قـه بووڵ کردنـی هـه مووان واوه تره . زۆر کۆنکریت تریشـه . هه ڵبـه ت ئه مه ش واقیعییه تێکـه هـه تا ئـه م گه رایشـه ژماره یـه کی پێویست ڕابـه ر و کـادری توانـا و لێهاتووی نـه بێ به ده سـته وه گرتنـی مه یدانـه جۆراوجۆره کـانی هه ڵسووڕانی حیزبێکی گه وره و به رینی وه ک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆی کارێکی هاسان نییه .

ب،س: ئایا ، لانی که م تا ئه و جێگایه ی هه ڵده گه ڕێته وه سه ر حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێران ، پێت وا نییه ئه م ( هه ڵبژاردن )ه زۆر به شێنه یی ده چێته پێش ؟ ئایـا سێ چوار سـاڵ پـاش کۆنگره ی دووهه م که ڕه نگه له وێدا ئه م باسـانه بـۆ هـه وه ڵ جـار لـه ژێر سـه ردێڕی واحیـدی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری دا ده هاتـه گـۆڕ نـه ده بوا لـه بـاری هه ڵکـه وتنی ئـه و جـۆره کـادرو هه ڵسووڕاوانه ی که مه به ستی تۆیه پێشڕه وی‌یه کی له وه زیـاتر کرابـا؟ ئه گـه ر چاره نووسی باسه کانی ئه مڕۆ له چاو باسه دژی پۆپۆلیستی‌یه کان که توانی زۆر به خێرایی کار بکاته سه ر چه پی ئێران ، هه ڵسه نگێنرێ ڕه نگه هه ندێک خاڵ ڕۆشن بکاته وه .

م،ح: به‌ بڕوای من ده‌بێ لێره‌دا چه‌ند هۆ له‌به‌ر چاوبگرین . یه‌كه‌م ، هاتنه‌ گۆڕی باسه‌كانی ئه‌مرۆ وه‌ك ڕوانگه‌یه‌كی ئاڵته‌رناتیڤ به‌رانبه‌ر به‌ چوارچێوه‌ی فكری پێشوو به‌كرده‌وه‌، لانی كه‌م له‌ ڕوانگه‌ی ئه‌م هاوڕێیانه‌وه‌ كه‌ نه‌ك له‌ كۆبوونه‌وه‌كانی ئۆرگانه‌كانی سه‌رووی حیزب ، به‌ڵكوو له‌ ڕێگه‌ی نه‌شریات و نووسراوه‌كانه‌وه‌ ئاگاداری ئه‌م باسانه‌ بوون، هه‌ڵده‌گه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر كۆنگره‌ی سێهه‌م نه‌ك كۆنگره‌ی دووهه‌م . له‌گوزارشێكدا كه‌ پێشكه‌ش كۆنگره‌ی دووهه‌م كرا ، له‌ ووتار و نووسراوه‌كانی ئۆرگانی مه‌ركه‌زی و شوێنی تردا به‌هه‌رحاڵ خودی ئێمه‌ش ، هه‌ڵبه‌ت به‌ نادروست ، له‌ چاو ئه‌مرۆ باسه‌كه‌مان به‌ لێك هه‌ڵپێكراوییه‌كی زیاتره‌وه‌ له‌گه‌ڵ ڕابووردووی فكری حیزب ده‌هێنایه‌ گۆڕ . قسه‌ی دابڕانی فكری و شتی له‌م بابه‌ته‌مان زۆر ده‌كرد ، به‌ڵام جێگای ئه‌م ته‌فسیره‌ی تێدا ده‌ماوه‌ كه‌ ئه‌مه‌ ڕه‌وتی ته‌كامولی نه‌زه‌ری و سیاسی خه‌تی ڕه‌سمی ده‌رك ده‌كرا . ئه‌م وه‌زعه‌ پاش كۆنگره‌ی سێهه‌م گۆڕاوه‌ و خودی ئێمه‌ش هه‌وڵمان داوه‌ ، ته‌نانه‌ت له‌ فۆڕمی كارماندا ، وجوودی دووڕیانێك و پێویستی هه‌ڵبژاردن له‌ نێوانیاندا زه‌قتر بخه‌ینه‌ به‌ چاو.

دووهه‌م ، شێنه‌یی چوونه‌ پێشێكی كه‌ ده‌بینرێ زیاتر ده‌روونی دیواره‌ حقووقیه‌كانی حیزب و ، ئه‌ویش نه‌ك له‌ حه‌وزه‌ و مه‌ركه‌زه‌ كرێكاییه‌كاندا ، ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ تا ده‌روونی ئه‌و جه‌ره‌یانه‌ی كه‌ من به‌ مانای به‌رینی ووشه‌ پێی ده‌ڵێم حیزب . له‌و مه‌یدانه‌ به‌رینتره‌دا ، یانی له‌ نێو ئه‌و كۆڕو كۆمه‌ڵ و شه‌به‌كه‌ كرێكارییانه‌ی كه‌ به‌ ده‌وری حیزبه‌وه‌ن ، ڕه‌نگدانه‌وه‌ی باسه‌كانی ئه‌م دواییانه‌ فه‌رق ده‌كا و له‌ زۆر باره‌وه‌ هیوا به‌خش و گرینگه‌ . تازه‌ به‌له‌به‌ر چاو گرتنی ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌م هاوڕێیانه‌ له‌ باسه‌كان به‌ ووردی ئاگادار نین ، زۆربه‌ی به‌ڵگه‌كانیان نه‌دیوه‌ و شتی تر.

هه‌ڵبه‌ت ئه‌و له‌ چاویه‌ك هه‌ڵسه‌نگاندنه‌وه‌ی باست كرد ده‌توانێ هێندێك لایه‌نی زیاتر ڕۆشن بكاته‌وه‌ . له‌لایه‌كه‌وه‌ فه‌زای شۆڕشگێڕانه‌ی ده‌ساڵ له‌وه‌ پێش قه‌تعه‌ن خێراییه‌كی زۆری به‌ ته‌كلیف ڕۆشن كردنه‌وه‌ی بزووتنه‌وه‌كان و ئه‌فراد ده‌به‌خشی. بێجگه‌ له‌وه‌ ، ئه‌وه‌ بیرو بۆچوون و ڕوانگه‌ی كه‌ ئه‌و كات درابووه‌ به‌ر ڕه‌خنه‌ ، زۆر بێ ناوه‌ڕۆك و به‌ شێوه‌یه‌كی ئاشكرا ڕاست و غه‌یره‌ ماركسیتی بوو ، ئه‌م بیرو بۆچوونه‌ له‌ دوو باره‌وه‌ به‌رشكسته‌ بوو . له‌ بباری تیئۆریكییه‌وه‌ ناكۆكییه‌كانی له‌گه‌ڵ ماركسیزم ده‌ركه‌وت . له‌باری سیاسییه‌وه‌ ده‌ركه‌وت كه‌ به‌گشتی چوارچێوه‌ی فكری هیچ جۆره‌ ئۆپۆزیسیۆنێكی ڕادیكاڵ پێك ناهێنێ . شۆڕش ده‌ری خست نه‌ك هه‌ر لێكدانه‌وه‌كانی ئه‌م جه‌ره‌یانه‌ به‌ڵكوو شیعاره‌كان و داخوازه‌كانیشی زۆر كه‌م و ناچیزن . كاتێك سه‌نعه‌ت میللی كرا، یان سه‌فاره‌تی ئامریكایان ده‌گیر كرد ، جه‌ره‌یانێك كه‌ ناوه‌رۆكی سیاسی و ئابوورییه‌كه‌ی شتێكی له‌وانه‌ زیاتر نه‌بوو هه‌ر له‌ خۆوه‌ نفووزی له‌ نێو به‌شه‌ ڕادیكاڵتره‌كانی كۆمه‌ڵدا له‌ده‌ست دا . به‌ڵام گرینگتر له‌ هه‌مووان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ باسی دژی پۆپۆلیستی ماركسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران باسێك بوو له‌ نێو خۆی سوننه‌تێكی خه‌باتكارانه‌ی دیاریكراودا . ڕه‌خنه‌گرو ڕه‌خنه‌ لی گیراو هه‌رتكیان له‌ جێگا و شوێنێكی كۆمه‌ڵایه‌تی یه‌كساندا بوون . چه‌پی غه‌یره‌ كرێكاری ، ئۆپۆزیسیۆنی چه‌پی ڕووناكبیری ، له‌گه‌ڵ جه‌ره‌یانێكی ڕه‌خنه‌گرانه‌ له‌ نێو خۆیدا به‌ره‌و ڕوو بوو كه‌ به‌تایبه‌ت وه‌ڵامی سیاسی و

عه مه لی هه ر ئه م سوننه ته ی ده داوه . هۆی گشتی بوونه وه ی خێرای باسه کانی ئه و کات ئه مــه بــوو . ئه م جاره مه سه له که به ته واوی جیاوازه . هه وه ک باسم کرد کۆمۆنیزمی کرێکاری خه ریکه سوننه تێک ده داته به ر ره خنه کـه شـه ریکی پرسیـاره که ی نییـه . باسـی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری وه لامـی هـه ندێک دژایه تی و ناکۆکی‌یه . وه لامی هه ندێک پرسیاری نه زه ری و عه مه لی دیاری کراوه . بـه لام سـوننه تی چه پی رادیکالی غه یره کرێکاری ئه م پرسیارانه ی نییه . لــه به رانبـه ر دا ، رێـک لـه و ده وره یـه دا و له ژێر ته ئسیری ئه م باسـانه دایـه کـه به شـی پێشـره و و سۆسیالیسـتی بزووتنـه وه ی چینایـه تی بـه ده ربه ست و بــه مـه یلێکی رۆژ لـه رۆژ زیـاتره وه سـه رنجی داوه تـه حیزبی کۆمۆنیسـتی ئـێران و ئـه م باسانه ی که تێیدا ده کرێ . به هه ر حاڵ ئێمـه ده مانـه وێ بزووتنـه وه ی کۆمه لایـه تی خۆمـان بکه ینـه خـاوه ن ئاسـۆ و خـاوه نی چوارچێوه یـه کی پتـه و بـۆ خـه بات . بزووتنـه وه ی سۆسیالیسـتی کرێکارمـان مه به سته . زۆر باشتره که هه ڵسووراوانی چه پیش له م باسانه ته ئسیر وه رگرن و له م بزووتنه وه یه نزیک ببنه وه . به لام ئه م مه رکه زه ئه سلی‌یه که رووی باسه که مان تێیه تی ئه وێ نییه . من خۆم پێـم وایه کاتێک چه پی غه یره کرێکاری به شێوه یه کی واقیعی و له راده یه کی به رین دا لــه ژێر ته ئسیری ئه م باسانه دا جێ به جێی تێدا روود ه دا که له لایه که وه سۆسیالیزمی کرێکـاری وه ک بزووتنه وه یـه کی حیزبی و سیاسی قودره تێکی زیاتر له مه یدانی سیاسی دا بنوێنێ و ، دووهه م ، ئه م بیرو بۆچوونه لــه کێشه ی خۆیدا له گه ڵ گه رایشه فکری‌یه بنه ره تی‌یه کانی نێو کۆمه ڵ که ئه مرۆ چه پی غه یره کرێکاری یان تۆقاندووه و شک و گومان و راڕایی یان تێ خستووه ، سه نگه ر به ندی‌یــه کی بـه هـێز پێـک بێنـێ . پێم وایه ئه مه قانوونێکی ئه ساسی خـه باتی سیاسـی‌یه کـه وه رسووڕانی رادیکـالیزمی چینـه کانی تـر به ره و بزووتنه وه ی کرێکاری و بیرو بۆچوونی سۆسیالیستی کرێکار ، په یڕه وه له قودره تی کرێکــار و کۆمۆنیزمی کرێکاری ده کا به رانبه ر به بورژوازی به گشتی . ره نگه زۆر له چه په رادیکاله کانی ئێمـه ئه مرۆ هه ڵبژاردنه فکری‌یه که یان به قازانجی کۆمۆنیزمی کرێکاری نه که ن . به لام زوو بێ یان دره نـگ ناچار ده بن هه ڵبژاردنێکی سیاسی و عه مه لی بکه ن.

ب،س: وه ک برگه یه کی گرینگ باسی کۆنگره ی سێهه م ده کرێ . خودی باسـه کان پێشینه یان ده گه رێته وه سه ر کۆنگـره ی دووهـه م و ته نانـه ت پێـش تریش سـه ر ئـه و رێبـازه ی کـه لـه گۆڤاری ( کۆمۆنیست ) دا به ره و پێشتان ده برد . تکایه گرینگی کۆنگره ی سـێهه م وه ک نوختـه وه رسووڕانێک زیاتر رۆشن بکه نه وه .

م،ح: پێشینه ی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری هه ر به و جۆره یه که تۆ ده یڵێی. بـه لام باسم کـرد کـه تـا کۆنگره ی سێهه م ئه م باسه قاڵبی کۆششێکی به خۆوه گرتبوو ، که له رواڵه ت دا له لایه ن کۆمیتـه ی ناوه ندی‌یه وه ، بۆ ده قیق کردنه وه و رۆشن کردنه وه ی نــه زه ره ره سمی‌یـه کانی حیزب بکـرێ . ئـه م وه زعه واقیعی نه بوو . واقیعییه ت ئه مه بوو کــه باسـی کۆمۆنـیزمی کرێکـاری نـه لـه درێـژه ی خـه تی ره سمی دا بوو و نه کۆمیته ی ناوه ندی وه ک کۆمیته یه ک یا مه رکه زێک ئه م باسانه ی به خۆی مه ربووت

کردبۆوە . ئەم باسە گەرایشێک بوو.لە کونگرەی سێهەم دا و ، لە ڕاستیدا لە پلینۆمی سێزدەهەمی پێش ئەم کۆنگرەیەدا ، ئێمە ئەم واقیعییە تەمان ڕۆشن کردۆتەوە . دوای کۆنگرە باسەکەمان لە چوارچێوەی ڕەسمی هێنایە دەرو لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیان ، بەشێوەی موشەخەس هاوڕێیان رەزا موقەددەم و ئیرەجی ئازەرین ، گەلاڵەیەکما بۆ بەڕێوە بردنی کەمپەینێک سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری ، چ لە ئاستی عەلەنی داو چ لە نێو خۆی حیزبدا ، دارشت ، کە سیمیناری کۆمۆنیزمی کرێکاری یەکێک لە هەوڵ هەنگاوەکانی ئەم کەمپەینە بوو. بەم جۆرە پاش کۆنگرەی سێهەم نووکی ڕەخنە گرانەی ئەم باسانە تیژتر دەبێ و بەکردەوە مەرکەزێک بۆ بەرەو پێش بردنی قەوارەی دەگرێ. کەوابێ جیاواز لەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم باسانە بە خەتی ڕەسمی خۆی بزانێ یان نا ، کە دەیزانی ، ئێمە وەک هەڵسووڕاوانی ئەم کەمپەینە مەبەستی خۆمان ئەوە داناوە کە ئەم باسانە لە ئاستی عەلەنی دا (وە ئەویش نەک هەر لە چوارچێوەی چەپ دا ) بێنینە گۆڕ و هەوڵ بدەین حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم ڕوانگەیە ساغ و پتەو کەینەوە. جا سەرنج ڕاکێش ئەمەیە کە بەم هەنگاوە لە ماوەی شەش مانگی پاش کۆنگرەی سێهەمدا پتر لە هەموو دەورەی پێشوو لە نێو حیزبدا بە دەربەستی سەبارەت بەم باسانە پێک هاتووەو سەرنجیان دراوەتێ . هەروەها هەوڵمان داوە نەزەراتی موشەخەسی خۆمان سەبارەت بە مەیدانە ئەسڵییەکانی هەڵسووڕانی حیزب جەمعبەندی بکەین و ئاڵتەرناتیڤەکانی خۆمان لەو مەیدانانەدا بدەین . تا ئێستا سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە ئێراندا ، سەبارەت بە هەڵسووڕانی حیزب لە کوردستان و هەروەها لە دەرەوەی وڵات نەزەری خۆمان بە ووردی دەربڕیوە . سەبارەت بە هەڵسووڕانی کرێکاری لە شارەکان نەزەراتما لە گۆڤاری (کۆمۆنیست )دا بڵاوکردۆتەوە. سەبارەت بە کوردستانیش نووسراوەیەکی موفەسەلمان داوە بەو کۆمیتانەی کە مەسەلەکەیان پێ مەربووتەو بە کوللی تەشکیلات . هەڵبەت ئەمانەش کۆمەکیان بە ڕۆشن بوونەوە و گەشتر بوونەوەی زیاتری باسەکانمان لەو دەورەیەدا کردووە.

ب،س: پێشتر گوتت لە هەمان حاڵدا کە هەوڵدان بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵدانێکی سیاسی و فکرییە بۆ پتەو کردنەوەی پایەکانی ئەم جەرەیانە و شکڵ پێدانی بزووتنەوەیەکی بەرین لە ئاستی کۆمەڵدا ، پێشڕەوییەکان و هەنگاوە دیاری کراوە تەشکیلاتییەکان لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا زەمانەت دەکەن . سەبارەت بە لایەنە سیاسی و فکرییەکانی ئەم مەسەلەیە قسەمان کرد. دەمەوێ لایەنە تەشکیلاتییەکەی زیاتر ڕۆشن بکەیەوە . شکڵی تایبەتی ئەم گۆڕانکارییەی کە دەتانەوێ لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پێک بێ چییە؟

م،ح: هەروەک باسم کرد باسی ئێمە سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە جێگاو شوێنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرنەکێشراوە، بەڵام هێندێک ئەرکی ڕۆشنمان لە حاست حیزب دەنێتە سەرشان .

ئێمه ده‌مانه‌وێ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران حیزبی سۆسیالیزمی کرێکاری ئێران بێ و به ته‌واوی په‌روه‌نده‌ی (چه‌پی ڕادیکاڵ)ی خۆی ببه‌ستێ. ئه‌م حیزبه ده‌بێ ببێته یه‌ک پایه و یه‌ک گه‌رایشی. به‌رنامه‌که‌ی، ڕابه‌رییه‌که‌ی، سوننه‌ته‌کانی، کادره‌کانی، مه‌شغه‌له‌کانی، هه‌ڵسووڕانی ڕۆژانه‌ی و، شته‌کانی تر به ته‌واوی ده‌بێ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی جێگا و شوێنێکی ئاوا له کۆمه‌ڵدا بێ. مه‌رجی ئه‌م کاره ئه‌وه‌یه که ئه‌م گه‌رایشه بتوانێ یه‌که‌م له ئاستی کۆمه‌ڵدا خۆی به قودره‌ته‌وه نیشان بدا و دووهه‌م، له نێو خۆی حیزبدا ئاماده‌یی پێویست بۆ به‌ده‌سته‌وه گرتن و هیدایه‌تی هه‌ڵسووڕانی حیزب وه ده‌ست بێنێ. گوتم که کادرو ڕابه‌رمان ده‌وێ. ئه‌مه ده‌بێ له‌ماوه‌ی ڕه‌وتێکی خه‌باتی سیاسی دا پێک بێ که تێیدا گه‌رایشه جۆراوجۆره‌کانی نێو حیزب به شێوه‌یه‌کی ڕۆشنتر و گه‌شتر به‌رانبه‌ر به یه‌ک ڕاده‌وه‌ستن. با ته‌ئکید بکه‌مه سه‌ر ئه‌وه‌ش که مه‌سه‌له‌که ته‌نیا له‌سه‌ر ئه‌وه نییه که کادره‌کانی ئێستای حیزب ته‌کلیفی خۆیان ڕۆشن بکه‌نه‌وه. وه‌ختێک باسی کادرو ڕابه‌ر ده‌که‌م کوللی سۆسیالیزمی کرێکاری ئێرانم مه‌به‌سته. ئه‌ندامانی ئه‌و حیزبه به‌رینه‌ی که ئێمه خۆمان به ئه‌ندامی و حیزبی کۆمۆنیست به به‌شێکی ده‌زانین. ڕه‌وتی هه‌نگاو به‌ره‌و پێش هه‌ڵێنانه‌وه‌ی کادره‌کان و ڕابه‌رانی ئه‌م خه‌ته له هه‌مان حاڵدا ڕه‌وتی گۆڕانی ڕایه‌ڵ و پۆی حیزب و کرێکاری بوونه‌وه‌ی و هه‌روه‌ها چوونی زیاتری حیزب بۆ نێو جه‌رگه‌ی خه‌بات و ئیعتیبارزی کریکاریشه. ئێمه به‌رنامه‌یه‌کی حیزبی له‌سه‌ر ئه‌ساسی ئه‌م ڕوانگه‌یه ده‌نووسین و بۆ ئه‌وه‌ی ببێته به‌رنامه‌ی حیزب هه‌وڵ ده‌ده‌ین. له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه و له‌سه‌ر ئه‌ساسی مه‌وازینی حیزب، ڕابه‌ری حیزب و هه‌موو پایه ته‌شکیلاتییه‌کانی حیزب ده‌بێ بدرێته ده‌ست سۆسیالیزمی کرێکاری و حیزب خۆی له‌سه‌ر ئه‌ساسی سوننه‌ته سیاسی و ته‌شکیلاتییه‌کای ئه‌م جه‌ره‌یانه ڕێک بخا.

له‌م ماوه‌یه‌داو هه‌ر له ئێستاوه، به‌بڕوای من ده‌بێ هه‌وڵ بدرێ تا نه زه‌ره‌کان و نه‌تیجه‌گیرییه سیاسی و پراتیکییه‌کانی گه‌رایشی چه‌پ و کرێکاری له حیزبدا به لێبڕاوی و خێراییه‌کی زیاتره‌وه عه‌مه‌لی پێبکرێ. ده‌بێ به تایبه‌ت گه‌رایشاتی ڕاست و بێگانه له‌گه‌ڵ سوننه‌تی کرێکاری وه‌لا ببرێن. ده‌بێ هه‌وڵ بدرێ به به‌ره‌و پێش بردنی به‌رده‌وامی حیزب به‌ره‌و بزووتنه‌وه‌ی چینایه‌تی و به زیاد کردنی تعهداتی حیزب له‌و مه‌یدانه‌دا ڕه‌وتی کرێکاری بوونه‌وه‌ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هه‌روه‌ها درێژه‌ی پێ بدرێ.

ب،س: ده‌ڵێی (له‌م ماوه‌یه‌دا). چ ماوه‌یه‌کی زه‌مانی تان بۆ کوللی ئه‌م گۆڕانکارییه له‌به‌رچاو گرتووه؟

م،ح: هه‌تا کۆنگره‌ی چواره‌می حیزب ده‌بێ ته‌کلیفی گه‌رایشه جۆراوجۆره‌کان له حیزبدا ڕۆشن بکرێته‌وه. خودی کۆنگره برگه‌یه‌که که ئێمه ده‌مانه‌وێ له‌وێدا سه‌رکه‌وتنی سۆسیالیزمی کرێکاری له نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕه‌سمی ببێته‌وه. به به‌رنامه‌و ڕابه‌ری و هه‌موو شتێکیه‌وه.

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××